# خۆشەویستی

## خوێندنەوەیەکی شەرعیانەو سەردەمیانە



نوسینی
فەرمان عزیز نەجار

چاپی یەکەم

نارین

Scanned with CamScanner

ktebi_pdf to you 5s

233 posts | 19.2k followers | 7 following

Promote | Edit Profile

📚 PDF پەڕەی فەرمی 📚 کتێبی

Public Figure

لێرە

باشترین و بەسودترین و پڕ خوێنەرترین کتێبەکان

بە خۆڕایی و بە شێوەی PDF داگرە

.

Ganjyna

.

لینکی کتێبەکان 👇 ئەم لینکە بکەرەوە بۆ داگرتنی کتێبەکان

drive.google.com/folderview?id=1gk8e3nSJGJLu36xeLUjwdbjgTSVsIbo_

# Ktebi_PDF




Scanned with CamScanner

# خۆشەویستی

## خوێندنەوەیەکی شەرعیانەو سەردەمیانە

نوسینی

فەرمان عزیز نەجـــار

چاپی یەکەم

نارین

Scanned with CamScanner

**پێشکەشە :**

★ بەو کەسانەی کە ستەمیان لەو ووشە پاکە کردووە و لە پاک و بێگەردی دایانبڕیوە بە جۆرێک کەوا دەزانن خۆشەویستی تەنها بریتیە لە حەز و ئارەزوو...

★ بەوانەی کە لاف وگەزافی خۆشەویستی لێ دەدەن، بەلآم لە ڕاستیدا هەرگیز تامیان نەکردووە...

★ بەو ئافرەتانەی، کە بە ناوی خۆشەویستی بۆتنە نێچیری ئارەزوواتی کوڕان، کەچی بە خۆیان نازانن...

★ بەو لاوە داوێن پاکانەی، کە بە چاو ساغی بۆ چەمکی خۆشەویستی دەڕوانن..

Scanned with CamScanner

# پێشـــەکی

إنّ الحمد لله نحمده و نستعينه ونستغفره، ونعوذ بالله من شـرور أنفسنا ومن سيئات أعمالنا، من يهده الله فلا مضلّ لـه، ومـن يـضلل فلا هـادي لـه، أشهد أنّ لا إله إلا ألله وحده لا شـريك لـه، وأشـهد أنّ محمـدأ عبـده و رسـوله، أما بعد:

سـێ سـاڵ پـێش ئێـستا چـەند گـەنجێك پرسـياريان لێ دەكـردم كـە ئـايا خۆشەويستی دروستە يان نا؟ منيش نەم ئەتوانی ئەوەی لـە دڵـم دايـە بـە تـەواوی بۆيـان ڕوون بكەمـەوە، بـەڵكو بـە چـەند قسەيەك جوابم كـردن، بەڵام هەوڵم دا چەند پەڕەيەك بنووسم لەسەر ئەو باسـە بـۆ ئـەوەی هـەر كەسێك پرسيار بكات پێی بدەم، بە ناوی خوا دەسم كرد بە نووسـين، مـن بە نيازی چەند پەڕەيەك بووم، بەڵام لە پەرەيەك بـوو بـە دوو.. لـە دوو بـوو بـە سـێ.. لـە سـێ بـوو بـە بيـست... بـەو شـێوە هـەر چـەندە لـێم دەكۆڵييەوە زيادی دەكرد.. تاكو بەو شێوەی لێهات، كاتێك من تـەواو بـووم يەكێك لەوانەی ئەو پرسيارەی لێ كردبووم ژنـی هێنـا و منداڵيشان بـوو، بەڵام سوپاس بـۆ خـوا بـە فـەزڵی خـوا تـوانيم شـتی زۆر لـەو بـارەيوە كـۆ بكەمەوە..

خۆشەويـستی شـتێكی جوانـە، بـەڵام بەداخـەوە ئەگـەر بـڕوانين بـۆ ئـەدەبياتی ئێـستای ڕۆژهـەڵات و ڕۆژئـاوا، ئـەوە دەبيـنين خۆشەويـستی پانتاييەكی گەورەی داگير كردووە، كـە خۆشەويـستيان كۆكردۆتـەوە تـەنها لە نێوان دوو ڕەگـەز (نێرومـێ)، خۆزگـە هـەر بەوەنـدەش بوەستابوونايە،

بەڵكو ڕاستەقینەی خۆشەویستیشیان لە نێوان ئەو دوو ڕەگەزەش شێواندووە، بۆیە من لێرەدا بە ووردی ئەو باسەم ڕوون كردۆتەوە، مانای خۆشەویستی... جیاوازی لەگەڵ عیشق... هۆكارەكانی... سوود و زیانەكانی... چەندین باسی تر لەو ڕووەوە، لە كۆتایدا ماوە بڵێم ئەوەی پێكابم لەم نووسینەم ئەوە لە فەزڵی خوایە، ئەوەی نەشم پێكاوە ئەوە لە هەڵەی نەفسی خۆمەوەیە، دینی ئیسلام لێی بەرییە.

فەرمان عزیز نەجار
najar_١٣@maktoob.com

٢٤/١٢/١٤٢٩ك - ٢٢/١٢/٢٠٠٨ز - هەولێر.

Scanned with CamScanner

# چرپەیەك لەسەر خۆشەویستی

ژیان وەک چرایەک وایە، کە فتیلەکەی بریتیە
لە خۆشەویستی (د. صهباء بندق)

♥ هەر خۆشەویستیە وا لە دایك و باوك دەکات کە خۆیان بتوێننەوە لە پێناو ڕۆڵەکەیان.ز. بەڵێ خۆشەویستی.

♥ هەر خۆشەویستی نیشتمانە وا لە جەنگاوەر دەکات کە خۆی فیدا بکات بۆ نیشتمان... بەڵێ خۆشەویستی.

♥ هەر بە هۆی خۆشەویستیەوەیە بەختەوەری لە نێوان هاوسەران دەڕوێت... بەڵێ خۆشەویستی.

♥ هەر خۆشەویستیە وا لە موسڵمانان دەکات، کە لە بەندایەتیدا سڵ نەکەن... بەڵێ خۆشەویستی.

♥ هەر خۆشەویستیە وا دەکات چێژ لە ژیان ببینین و ڕق و قین لە ناخماندا دەربهێنین... بەڵێ خۆشەویستی.

♥ هەر خۆشەویستیە کە چاکەکاران و تەبیبەکان خەڵکیان هانداوە کە لە دڵی خۆیان بەرپای بکەن... بەڵێ خۆشەویستی.

بەڵێ: خۆشەویستی پاڵنەری هەموو کارێکە، هەموو پێغەمبەران هاتوون بۆ ئەوەی ڕەگی خۆشەویستی لە ناخی خەڵکی بچێنن، ئیمانداران

Scanned with CamScanner

بە بیستنی ووشەی خۆشەویستی دڵیان ڕادەڵەچەکێ.. بەڵام بەداخەوە هێندێك کەس پێیان وایە ئەگەر باسی دینمان کرد، ئەوە نابێت باسی خۆشەویستی بکرێت، چونکە کاتێك باسی دین بکرێت ئەوە خۆشەویستی قەدەغەیە، بێگومان ئەمە سەرەتایەکی هەڵەیە و دەستپێکێکی ناتەواوە، بەڵکو خۆشەویستی ڕاستەقینە تەنها لە ئیسلامەوە هەڵدەقوڵێت، لە ڕاستیدا چەمکی خۆشەویستی یەکێکە لەو پایانەی کە ئیسلام هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانیەوە، هەموو بوارەکانی دینی پاکی ئیسلامی پێ ڕازاندۆتەوە، خۆشەویستی ئەو چەمکەیە کە فاکتەری سەرەکی بووە بۆ گەرم و گوڕی کارکردنی موسڵمانان.. هێزی خۆشەویستی لە ژیانی مرۆڤدا یان ئەو مرۆڤە بەرز دەکاتەوە یان نزمی دەکاتەوە.

Scanned with CamScanner

# پێناسەی خۆشەویستی

پێناسـەی خۆشەویـستی وەك پرسـیارێکە کـە وەڵامـی نیـە.. چـونکە خۆشەویستی شتێکە پەیوەندی بە عاتیفەی مرۆڤەکانەوە هەیە.. بۆیە بە پیت پێناسەی ناکرێت.

وەك (جلال الدین الرومی) دەڵێت: ئێمە نـاتوانین لـە پیتـی (گ)و (و)و (ڵ) بۆنی گوڵ بکەین.

(ابـن القـیم) دەڵێـت: مانـای خۆشەویـستی ناتوانرێـت وەسـف بکرێـت مەگەر بە چەژتنی نەبێت.

(سیمون دی برافور) دەڵێت: خۆشەویستی شتێکە کەسێك دەیزانێت کە چێژتبی.

زۆرێـك لـە زانایـان پێناسـەی خۆشەویـستیان کـردووە.. بـەڵام هیـچیان نەیان توانیوە بە تەواوی پێناسەی بکەن.. بەڵکو هـەر یەکـەی بـە شێوەی خۆی پێناسەی کردووە.

بۆ نموونە هێندێکیان پێناسەی دەکەن بە نەخۆشـی دەروونـی و دەڵێن کاری ئەو کەسانەیە کە بێ کارن و ئیشیان نیە[1].

هێندێکیش دەڵێن خۆشەویستی تەنها خەیاڵاتە و هیچی تر.

هێنـدێکیش دەڵـێن خۆشەویـستی هـەموو شـتێکە وەك (تشیـسون) وا دەڵێت.

---

(١) بڕوانـە: الحب (ل:٨١).

هێنـدێكیش دەڵێن: خۆشەویـستی بریتیـە لـە خۆشەویـستی خـوا وەك صۆفیەكان و دیندارەكان وا دەڵێن.

لە منداڵانیش بە هەمان شێوە هێندێ زانـا هەڵسان بـە لێكوینەوەیـەك لەگـەڵ منـداڵانی لــە خــوارووی (١٠) ســاڵی پرســیاریان لێ دەكــردن خۆشەویستی چییە؟

یـەكیان دەیـووت: خۆشەویـستی ئەوەیـە كاتێـك دایكـم قـاوە بـۆ بـاوكم تێدەكات سەرەتا بۆ خۆی تامی دەكات ئینجا ئەیدات بـە بـاوكم، یـەكی تـر دەیــووت: خۆشەویــستی ئەوەیــە پێبكــەنی، بــەم شــێوە هــەر یەكــەی پێناسەیەكیان دەكرد.

كەوابوو هەر كەسەو بە پێی هەستی خۆی پێناسەی دەكات...

## خۆشەویستی لە زمانی عەرەبی:

زمــانی عــەرەبی فەســیح فــراوانترین زمانــە بــۆ پێناســەی شــتەكان.. پـاڵاوترین زمانیـشە كـە حـەقی پێناسـەكان بـدات و سـتەمیان لێ نـەكات.. چونكە زمـانی قورئانـە.. لـە زمـانی عـەرەبی خۆشەویـستی بـەو مانایانـە هاتووە:

گوتراوە: خۆشەویستی لە بنەڕەتدا بە مانای (بێگەرد)ی هاتووە، چونكە عەرەب بە سپیاتی ددان دەڵێن: (حَبَبُ الأسنان).

گوتراوە: وەرگیراوە لە (الحُباب) كە بڵۆقەی ئەو ئاوەیە لەكاتی بارانێكی بەهێز دروست دەبێت، وەكو ئەوە وایە بڵێ كوڵانی دڵ و تامەزرۆی دڵ بۆ خۆشەویستەكەی بە بڵۆقەی ئەو ئاوە دەچێت.

Scanned with CamScanner

گـوتـراوە: وەرگـیـراوە لـە (جێگیربـوون و پەیوەسـت) وەك: دەگـووترێ (أحَبَّ البعیر)واتـە: حوشـتر دانیـشت و جێگیربـوو و هەڵنەسـتاوە، چونکە کەسێك شتێکی خۆشبوێت دڵی پێیەوە پەیوەست دەبێت.

گوتراوە: وەرگیراوە لە (الحَبّ) کە کۆی (الحَبّة)یـە ئـەویش بـە کاکڵە و بنچینەی شتێك دەگوترێ، چونکە دڵ بنچینە و کاکڵەی گیانی مرۆڤە، کە هەر دڵیشە شوێنی خۆشەویستی.[1]

Scanned with CamScanner

## مانای خۆشەویستی لای ئەوروپا

خەڵکی ووشـەی خۆشەویستی بۆ هـەزار خەیاڵات
بە کار دەهێنن (د. فولتـــیر)

ئـەوروپا کاتێـك بـاس لـە خۆشەویـستی نێـوان (نێـر و مـێ) دەکـەن مەبەستیان هەوەس بازی و ڕابواردنی جنسیە نـەك سۆز و عاتفـە، ئـەوان سـۆزو عاتفـەیان تێکـەڵ کـردووە بـە حـەز و ئـارەزوات، ئەگـەر باسـی خۆشەویستیشیان کرد واتە ئەنجامدانی بەد ڕەوشتی و کاری جنسی، بۆ نموونـە لـە زمـانی ئینگلیـزی بـۆ ووشـەی خۆشەویـستی (Love) بـە کاردەهێنن.. ئـەم ووشـەیە مانـای خۆشەویـستی و سـۆز و عاتیفـە نـادات، بـەڵکو مانـای ڕابـواردن دەدات.. چونکە ئـەوان ئەگـەر بیانـەوێت ووشـەی خۆشەویستی بە کار بێنن بۆ وڵاتەکەیان یان دایکیان یان کارەکەیان، ئـەوە ووشەی (Like) بە کار دەهێنن لەبەر ئـەوەی ئـەم ووشـەیە مانـای سـۆز و عاتیفە دەبەخشێت..

کەچی دەبینین لە زمـانی کـوردی و عـەرەبی ووشـەی خۆشەویـستی بـۆ هەموو سۆز و عاتیفەیەك بە کاردێت بـێ جیـاوازی بـۆ ڕەگـەزی بەرانبـەر بۆ دایك بۆ وڵات بۆ کارەکەت بۆ هەموو شتێك..

بۆیە لە ساڵی حەفتاکان ئەم زانایانە:

(روبـین)و (بلوتـشك)و (کـونتی)و (هاتفیلـد) و چـەند زانـای تـریش ویستیان ئەم دوو دەستەواژەیە لێـك جیا بکەنـەوە، بـەڵام دوای هـەوڵێکی

Scanned with CamScanner

زۆر هیچان پێ نەکرا، تاکو ئێستاش هەر ماوە، بۆیە دەبینین لە ئەوروپا بە ناوی خۆشەویستیەوە خەڵکی بەڕووتی لەسەر شەقامەکان کاری بەدڕەوشتی دەکەن، ووشەی خۆشەویستیشان پیس کردووە.

پیاوێک ئەگەر بیەوێت لەگەڵ کەسێک ڕابوێرێت ئەوە دەستەواژەی (Love)ی بە کاردەهێنێ دەڵێت: (خۆشم دەوێیت/ I love you) مەبەستیشی لەو قسەیەی ڕازی کردنی بەرانبەرەکەیەتی تا کاری بەدڕەوشتی لەگەڵدا بکات، بەرانبەرەکەشی لەم قسەیەی تێدەگات..

بەڵام ئەگەر کەسێک بیەوێت سۆز و عاتیفە و خۆشەویستی خۆی دەربڕێت بەرانبەر وڵاتەکەی، یان کارەکەی ئەوە دەستەواژەی (Like)ی بە کاردەهێنێ دەڵێت: (I like my work)، چونکە لێرەدا مەبەستی سۆز وعاتیفە وخۆشەویستیە.[1]

(زۆر جار خۆشەویستی بە چەندین شتی تر تێکەڵ دەکرێت، ئەمەش خۆشەویستی گەندەڵ دەکا و لە ناوی دەبا) (احمد بهجت)

Scanned with CamScanner

# خۆشەویستی واتە داوێن پاکی

خۆشەویستی واتـە داوێـن پـاکی.. نـەك ئـەوەی بـە نـاوی خۆشەویـستی ئـابڕووی خـەڵکی بـەریت.. نـەك ئـەوەی بـە نـاوی خۆشەویـستی ژیـانی کەسێك بخەیتە مەترسی.. ئەمە کەی خۆشەویستیە تەنها بۆ کات بەسەر بـردن خـەڵکی هەڵخەڵەتێنی بـە نـاوی خۆشەویـستی و زەواجـەوە.. ئـەمـە کـەی خۆشەویـستیە وێنـەی ئافرەتـان بڵاوبکرێتـەوە و هەڕەشـەی پـێ لێبکرێت.. منیش وەك مامۆستا هێواش دەڵێم:

ووێژدان تۆ پیاوانی ناپاك بە تۆی ئافـــــــرەت ڕادەبووێرن
بەقسەی پاراو لووس و تووس تۆڵەڕێی ڕاست هەڵدەدێـــرن
تابەنیازی گـڵاویان دەکـەنە دیاری و نامـــەت بۆ دەنێـــرن
لە پاشـــــان وازت لێ دێنن هەر بەهیچیشت ناژمێـــــرن
لەمەراقـــــدا بەجێت دێڵن، چـــونکە ئـەوان بەوە فێـــرن
جا دیســــان بۆ جـارێکی تر یارێکی تر هـــەڵـدەبژێـــرن
خوشـــکێ گیان زۆرباش بزانە خوا نەناس بێ خێرو بێـــرن
بەندەی هـەواو هەوەسیانن دڵ بە دەیان جێ دەسپــــــرن.[١]

* **ڕاسـتیەکان دەدووێـــن :** خوشـکی بـەڕێز بڕوانـە ئـەوە بەسـەرهاتی ئافرەتێکی تازە پێگەیشتووە، کە چۆن بە پـەیمان و بـەڵێنی ئـەو کەسـانە هەڵخەڵەتاوە.. ئێستاش فرمێسکی پەشیمانی بۆ هەڵەکانی دەڕژێنێت بەڵام دوای چی!!

(پەروین) کچێکە هەر لەمنداڵیدا باوك و دایکی کۆچی دوای دەکەن لە لای مامێکی بە خێودەکرێت، بە هۆی کوڕە پورێکیەوە کوڕێك دەناسێت کە بەردەوام ئەو کوڕە لەگەڵ کوڕە پورەکانی هاموشۆ دەکات، دواتر ئەو کوڕە بە (پەروین) دەڵێت: حەزدەکەم پەیوەندی خۆشەویستیت لەگەڵدا ببەستم، ئەو کوڕە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە (پەروین)نزیك دەبێتەوە، تا وای لێدێ کوڕە پورەکەی (پەروین) بە پەیوەندی نێوانیان دەزانێت، بۆیە بە(پەروین) دەڵێت: واز لەو کوڕە بهێنە ئەگەر نا بە مامت دەڵێم، کەچی (پەروین) واز ناهێنێت تا ئەوەی ڕۆژێکیان لەگەڵ ئەو کوڕە پێکەوە دەبینرێن، هەر بۆیە دەکەوێتە ژێر هەڕەشەی کوڕە پورەکەی، جا کە (پەروین) دەزانێت هەرەشەی لێ دەکەن ماڵ بە جێدەهێڵێ و پەیوەندی بە خۆشەویستەکەی دەکات ئەو کەسەی کە بەردەوام پێی دەوت من تەنها تۆم هەیە لەو دنیایە لە هەموو کەس زیاتر خۆشم دەوێیت.. (پەروین) پێی دەڵێت: من لەسەر تۆ ژیانم کەوتۆتە مەترسی وەرە ڕزگارم بکە.

(پەروین) دەڵێت: ئەویش وەکو جاران بەڵێنی دامێ، کە بۆ خۆی بێت بەشوێنم، بەڵام دوای چاوەڕوانیەکی زۆر خۆی نەهات بەشوێنم، بەڵکو ئامۆزایەکی نارد بە شوێنمدا.. منیش پێم ووت: بمبە بۆ لای براکەم...

بەڵام ئەو ووتی: نەخێر ئەترسم بت کوژن من لە جیاتی برای تۆم و هاوکاریت دەکەم و، تا دوا هەناسە لەگەڵت دەبم...

منیش بڕوام پێکرد و بەناچاری بەگەری کەوتم، بە چاوی بە فرمێسکاوییەوە لەگەڵی ڕۆیشتم، ئەو کوڕە بەڵێنی پێدام بمبات بۆ ماڵی پوری، بەڵام لە ڕێگا داوای کاری خراپی[1] لێکردم، منیش زۆر لێی پاڕامەوە

---

(1) لە زۆر شوێن لە بری ووشەی (سێکس)، یان (جنس) ووشەی بەدڕەوشتی، یان کاری خراپم بە کارهێناوە... بەڵکو زۆربەی ئەو سەرچاوانەی بابەتەکەشم لێیان

Scanned with CamScanner

که بەرەڵام بکات و وازم لێ بێنێت، کەچی ئەو سوربوو لەسەر کاری خۆی بۆیە بە هەڕەشە دەست درێژی کردە سەرم و ئابڕووی تکاندم، پاشان تەلەفۆنی بۆ بە ناو خۆشەویستەکەم کرد، کە دەمبات دەمدات بە دەست پۆلیس، پاشان هەڕەشەیان لێکردم، کە دەمبەنە بنکەی پۆلیس و منیش لەوێ بڵێم لە ترسان لە ماڵەوە ڕامکردووە، نابێ بە هیچ شێوەیەك ناوی ئێمە بهێنی و لەم ساتەوە نە ئێمە تۆ دەناسین نە تۆش ئێمە دەناسی ئەگینا لێت خۆش نابین.

جا کە بەیانی منیان بردە بنکەی پۆلیس و منیش خۆم تەسلیم بە پۆلیس کرد و ووتم لە ماڵ ڕامکردووە، دواتر منیان بردە بەردەم دادوەر پێش ئەوەی لێکۆڵینەوەم لەگەڵدا بکەن داوام کرد، کە ڕێگەم پێ بدەن، تا چەند قسەیەك لەگەڵ ئەو کوڕە بکەم کەمنی بە ناو خۆشدەویست و هەڵی خەڵەتاندم، ئەوانیش ڕێگەیان پێدام، بەڵام کە تەلەفۆنم بۆ کردن تەلەفۆنەکەیان داخستبوو ئامادە نەبوون قسەم لەگەڵدا بکەن، منیش کە بۆم دەرکەوت هەڵاتوون منیان تووشی ئەو کارەساتە کردووە، بۆیە هەموو ڕاستیەکانم بۆ دادوەر باسکرد و ڕوونم کردەوە[1]. من هیچ ناڵێم بەڵکو ئێوە بۆ خۆتان بڕیار بدەن ئایا ئەوە خۆشەویستیە؟! ئایا ئەو کوڕە ئەو کچەی خۆشدەویست، کە وای بەسەر هێنا؟!

Scanned with CamScanner

# پیلان بە ناوی ئازادی خۆشەویستی

هیچ ووشەیەک نیە بە قەد ووشـەی خۆشەویستی
ستەمی لێکرابێت و لــە شوێنی خۆی لا برابێت

چەمکی خۆشەویستی وەکو هەموو چەمکەکانی تر بێ بەش نەبووە لە شێوان و گۆڕانی ڕاستییە جوان و پاکەکەی خـۆی، مانـا پـاك و جوانـەکـەی شـێوێندراوە و گـۆڕاوە بـە چـەند مانـای قێـزەون، ئەوانــەی مانــای خۆشەویــستیان شــێواندووە مەبەســتیان لــەم کارەیــان گەیــشتنە بــە ئامانجەکانیان کە بڵاوکردنەوەی بەدڕەوشتی و تێرکردنی ئارەزواتـەکانیان و بازرگـانی کردنــە بەخۆشەویــستی، ئــەوان ئەیانــەوێت بــە نــاوی ئـازادی خۆشەویستی پیلانەکەی خۆیانە لە ناو هـەموو کۆمەڵگایەکدا بـچێنن کـە بە ناوی ئازادی خۆشەویستیەوە ئەیانەوەێت هۆشـی لاوەکانمـان بـە فەساد بەرن و تووشی داڕوخان و نە مانی ئەخلاقیان بکەن.

جوولەکـەی جیهـانی دەیانــەوێت ڕەوشــتی جـوان نــەمینێت.. ئەوەتــە لە(بروتوکولات حكماء الصهيون) هـاتووە دەڵێن: پێویـستە لەسـەرمان کـار بکەین بۆ لە ناوبردن و ڕوخاندنی خورەوشت لە هەموو شوێنێك.(١)

بە هەمان شێوە لە ژمارەی (٢)ی (بروتوکـولات)ەکـەیان هـاتووە دەڵێن: فرۆید(١) لە ئێمەیە - واتە جوولەکەیە- دەبێت هەموو کـارێکی بەدڕەوشـتی

به ئاشكرا بكرێت هەر وەك چۆن تیشكی خۆر بە ئاشكرا دەردەكەوێت تاكو لاوەكان شەرمیان نەمینێت لە ئەنجامدانی كاری بەدڕەوشتی.[٢]

(یونج) كە یەكێك لە قوتابیەكانی (فرۆید) لە كتێبەكەی خۆیدا بە ناوی(ذكریاتی عن فروید) دەڵێت: فرۆید پێی ووتم:

.We must abolish all dogmas

واتە: دەبێت بیروباوەڕی ئاینی لە ناو بەرین و لە دڵی خەڵكی دەریبهێنین... .We must make sex a dogma

واتە: دەبێت لە جێگای ئاین هەوەست بازی و بەدڕەوشتی لە ناخی خەڵكی بچێنین.[٣]

حاخامێكی جوولەكە بە ناوی (ڕیكۆرن/Reichorn) لە ساڵی ١٨٦٩ لە كۆبونەوەیەكی نهێنی لەسەر گۆڕی سیمونی كوری یهودا لە شاری (براغ) كە ڕۆژنامەی (Cantemporain) بڵاوی كردۆتەوە ئەو حاخامە دەڵێت: ئەگەرچی پارە هێزی سەرەكی یەكەمە.. ڕاگەیاندنیش هێزی دووەمە... بەڵام ڕاگەیاندن بەبێ هێزی یەكەم كار ناكات كە پارەیە... جا بۆیە پێویستە لەسەر ئێمە بە هێزی یەكەم كە پارەیە دەست بەسەر ڕاگەیاندن بگرین بەوەی چاوی كار بەدەستی ڕاگەیاندنەكان بگرین... كاتێكیش

---

(١) فرۆید: زانایەك بووە بانگەشەی دەكرد بۆ ئەنجامدانی كاری بەدڕەوشتی بڵاوكرنەوەی بەساد وەك ئاژەڵ بە بێ سنوور، بۆیە جوولەكە بۆ مەرامەكانی خۆیان بە كاریان دەهێنا تا خەڵكی لە ڕێ دەربكات، فرۆید كابرایەكی جوولەكە بووە.

(٢) بڕوانە: (بروتوكولات حكماء الصهیون) ژمارەی (٢).

(٣) بڕوانە: مذاهب فكریة معاصرة، محمد قطب (ل:١١٢).

Scanned with CamScanner

دەستمان گرت بەسەر ڕاگەیاندن هەوڵدەدەین خێزانەکان هەڵبوەشێنینەوەو ئاین و خورەوشت لە ناو بەرین.[1]

(شیخ علي الطنطاوي) دەڵێت: ئەو شەرەی ئێستا دوژمنانی ئیسلام دژ بە ئیسلام دەیکەن زۆر بە هێزە و پارە و دەسەلاتێکی زۆری لە پشتەوەیە، وە پیلانێکی زۆری بۆ داڕێژراوە کەچی موسڵمانان لێی بێ ئاگان[2].

بەڵێ: بەم شێوە مرۆڤە شەیتانەکان ئەوانەی بایەخ بە بەدڕەوشتی و نەمانی ئەخلاق دەدەن پیلانی خۆیان داڕشتووە و تەڵەیان بۆ خەڵکی بێ تاوان داناوە.. کەسانێکی بێ ئاگاش بەو تەڵەوە دەبن و ئەوانیش بە ناوی بانگەشە کردن بۆ ئازادی خۆشەویستی و خزمەتکردن بە دڵداران بازرگانیان پێوە دەکەن بێ ئەوەی هەستیش بە خۆیان بکەن.. بە داخەوە ئەوەی لەو ڕووەوەش لە هەموو چینەکان زیاتر زیان بەخش بووە لاوانن، چونکە دەبینین ڕاگەیاندن و ئەدەب و شیعر دەورێکی بالا دەبینن بۆ گومڕاکردنی لاوان بە ناوی ئازادیەوە، گەنجیش کاتێك دەبینێت گۆڤار و ڕۆژنامە و ڕادیۆ و تەلەفیزیۆن و سینەما و شیعر و کتێب.. ئەمانە هەر هەمووی باس لەو خۆشەویستیە درۆینە دەکەن و شێوازی هەڵخەڵەتاندنی کچانیان بۆ ڕوون دەکەنەوە، کوڕانی لاویش هەڵدەستن لە خۆیان بەر جەستەی دەکەن، ئەوەی دەشبێتە نێچیر و پاشان دەبێت بە قوربانی کچانی بێ ئاگان کە بە چەند قسەی ڕازاوە دەکەونە داوەوە.

(م/محمد مرهف) دەڵێت: (ئەوانە دەیانەوێت لە ئەدەبیاتدا ئارەزواتی ئاژەلانەی خۆیان دەربڕن، ئەو چەمکە پاکەی خۆشەویستی کە ئیسلام

Scanned with CamScanner

دایناوه بیشێوێنن، له لایەکی ترەوەش ڕاگەیاندنەکان یارمەتیان دەدەن، بە جۆرێك كە بازرگانی بە خۆشەویستی دەکرێت.[1]

پزیشکی ئینگلیزی (ترومان لبریل) کە بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی لەندەنی دەرونیە دەڵێت: زۆرترین شت کە بازرگانەکان بازرگانی پێوە بکەن، بازرگانی کردنە بە خۆشەویستی و سینەما و شتانی لەو جۆرە، کە دەورێکی باڵایان هەبووە لە فەسادکردنی عاتیفەی چینی لاوان، لاوانیان وا تێگەیاندووە کە (خۆشەویستی) نایابە و سحراویە، بە جۆرێك كە ووشەی خۆشەویستیان کردۆتە شتێکی خەیاڵی کەس پێی ناگات.

(م/محمد علي قطب) لە کتێبی (الحب والجنس)دا دەڵێت: زۆربەی ئەو کەسانە کاتێك باس لە خۆشەویستی دەکەن دەیبەستنەوە بە پەیوەندی نێوان (نێر و مێ)، جا عاتفی بێت یان جەستەی بێت، ئەوان ئەو عاتفە پیرۆزە لە ڕوکنێکی دیاری کراو دەبەستنەوە.

(م/عبدالسلام البسیونی) لە کتێبی (ماذا یریدون من المرأة) دەڵێت: بەداخەوە ئەو بیرۆکە نامۆیە لە ڕێگای ڕادیۆ و تەلەفیزیۆن و سینەما بە چەند ئامێری -سەردەم- دەیڕازێننەوە کە عەقڵ و دڵی ئینسان دەگۆڕن و دەفرێنن ئینجا بۆمان دەنێرن.[2]

(یوسف الحاج احمد) دەڵێت: ئێستاکە کە گوترا خۆشەویستی واتە: بەدڕەوشتی و بازرگانی کردن بە ئافرەتانەوە.[2]

Scanned with CamScanner

دکتۆرە (سریا عبید) بەڕێوەبەری جێبەجێکاری سەندوقی (un) بۆ دانیشتوان لە دیمانەیەك بۆ ڕۆژنامەی (سەندای تایمز) دەڵێت: لەم سەردەمەدا پلەی ڕەواجی بازرگانی کردن بە سێکس لە پلەی سێیەم دێت لە دوای بازرگانی کردن بە چەك ومادە بێهۆشبەرەکان.[1]

ڕاپۆرتێك لە ڕۆژنامەی (دیلی میل)ی بەریتانیدا هاتووە دەڵێت: زۆرێك لەوانەی کە بازرگانی بە ئافرەتەوە دەکەن، لە ڕێگای کوڕێکی بەکرێ گیراویی خۆیان، کە دەینێرن تاکو بە ناوی بەستنی پەیوەندی خۆشەویستی و هاوسەرگیری کچە هەڵبخەڵەتێنێ، پاشانیش بەبێ ئەوەی کچە بەخۆی بزانێت دوای ماوەیەك بۆی دەردەکەوێت کە کەوتۆتە ناو تۆڕێکی مافیای لەشفرۆشی.. بێگومان ئەو کەسانەی بازرگانی بە لەشی ئافرەتەوە دەکەن، ڕێگا و شێوازی زۆریان هەیە بۆ ڕاکێشانی کچان و تووشکردنیان بەو پەتایە.[2]

جوولەکە دەورەی تایبەت دەکەنەوە بۆ کچان بۆ ئەوەی شێوازی فریودانی کوڕانیان فێر بکەن بۆیە دەڵێت: بۆ ئەوەی دەوڵەتی ئیسرائیل دابمەزرێ پێویستە گەنجان چەکی بۆ هەڵگرن، کچانیش دەبێت لەش وجوانی خۆیان بەکار بهێنن بۆ ئەوەی بە ناوی دڵداری زۆرینەی پیاوان فریو بدەن.[3]

---

Scanned with CamScanner

ڕاپۆرتێک لە ڕۆژنامەی (پرس)ی کوردیدا هاتووە دەڵێت: بە هۆی ساویلکەی و متمانەی ژنانەوەیە، کوڕەکان وێنەیان دەگرن بە ڕووتی... ئامادەکاری ڕاپۆرتەکە دەڵێت: وەکو لە قسە و دیالۆگی ناو هێندێ لە فلیمەکان[1] دەبیسترێ هێندێ لەوانەی بەدرەوشتیەکە ئەنجام دەدەن بە ناوی خۆشەویستییەوە ئەو کارە دەکەن، وەکو لە فلیمێکدا هاتووە ژنەکە دەپرسێ: بۆ وێنەم دەگری؟ کوڕەکەش دەڵێت: لەبەر ئەوەی خۆشم دەوێیت تاکو بۆ یادگاری لام بمینێتەوە.[2]

(د. صهباء بندق) دەڵێت: هێندێ کەس هەیە بە نەزانی بەدوای ئەو پیلانەی ئەوان دەکەون بێ ئەوەی بزانن چ پیلانێکە... بەڵێ نەزانی عوزرە بەڵام هێندێ کەس هەن دەزانن کەچی خۆیان لە خەتی گێلی دەدەن.[3]

# جیاوازی نێوان خۆشەویستي و پەیوەندی و حەزلێکردن

خۆشەویستی تەنها بۆ تێرکردنی جەستەو نەوە

کەوتنەوە نیە، بەڵکو بۆ هۆگری دەروونە ( د.لاجاش)

حەزلێکردن: ناچێتە بازنەی خۆشەویستی، حەزلێکردن بریتیە لەوەی کوڕێك حەزی دەچێتە ئافرەتێك تاکو ئارەزواتی خۆی پێ تێربکات، یان ئافرەت بەو شێوە.

پەیوەندی: بەهەمان شێوە پەیوەندیش ناچێتە بازنەی خۆشەویستیەوە، بەڵکو ئەو ئافرەتە و ئەو پیاوە پەیوەندیەکیان لە نێواندا هەبێت جا بەدڕەوشتی بێت یان شتێکی تر ئەوە پێی دەڵێن پەیوەندی.

زۆرێك لە خەڵکی ((پێوستی))، یان ((حەزلێبوون))، یان ((پەیوەندی)) بە خۆشەوستی ناو دەبەن.. جیاوازی ناکەن لە نێوان ئەوەی پێوستیان پێیەتی و لەگەڵ ئەوەی خۆشی دەوێت... دەبینین زۆر جار کەسێك پێویستی بە بەرانبەرەکەیەتی کەچی پێی دەڵێت: (خۆشم دەوێیت/Ilove you) بەڵام ئەوە وانیە... بەڵکو ئەو لە دەربڕینی ئەو دەستەواژەیە دەیەوێت بڵێت: (پێویستم پێتە/I need you) کەچی دەستەواژەی (خۆشم دەوێیت/ I love you) بە کار دەهێنێت... بۆ نموونە: کوڕێك کچێك سەرنجی ڕاکێشا جا لەبەر جوانی بێت یان لەبەر پارە ومالّ بێت یان هەر شتێکی تر، ئەو کوڕە بەو کچە دەڵێت: خۆشم دەوێیت، کەچی لە ڕاستیدا مەبەستی ئەوەیە پێویستی پێیەتی.

Scanned with CamScanner

جا خوشکی بەڕێز ئەو پیاوە بۆ ئەوەی حەز و ئارەزواتی خۆی بە تۆی ئافرەت دامکرێنێت، هەڵدەستێ بە چەندین ڕێگا و بە چەندین قسەی لوس و ڕازەوە بۆت دێت، کە گوایە تەنها خۆی لە چاوەکانی تۆ دەبینێت و تۆ دەبیە هاوسەری بەختەوەری ئەو بەبێ تۆ نەبێت ئەو ژیانی ناوێت، تۆش کە هەستت ناسکە بەم قسانە بڕوا دەکەی و دەکەوییە داوەوە و دەبیت بە نێچیرێکی ئامادەکراو بۆی...

بەڵێ: ئەوە ئەکات حەزی لێکردووی و پەیوەندی لەگەڵ بەستووی و پێویستی پێتە، ئەوە ناکات خۆشی دەوێیت، چونکە ئەگەر کەسێك کەسێکی خۆشبوێت ناچێت ئابڕووی بەرێت یان وای لێبکات لە ناوی بەرێت یان پارەیەکی زۆری لێ بسەنێت، من بە خۆڕایی وانالێم بەڵکو کردەوەی ئەوگەنجانە ڕوونی دەکاتەوە کە بە ناوی خۆشەویستی چیان بەسەر ئەو ئافرەتە داماوانە هێناوە.

**ڕاستیەکان دەدووێن:** ئەمە چەند نموونەیەکە لەسەر پەیوەندی و حەزلێکردن و پێویستی.. بیخوێننەوە ئینجا بۆ خۆتان بڕیاربدەن:-

ئەو کوڕە چی بەسەر ئەو کچە داماوە دێنێت، کە حەزی لێکردووە.. بەڵێ تەنها حەزی لێکردووە... گەنجێك لە نزیك ماڵێك کاردەکات، ئەو ماڵە کچێکیان هەیە زۆر جار ئەو گەنجە ئەو کچەی دەبینی هەر بۆیە حەزی لێدەکات، کوڕە دەڕواتە داوای کچە، بەڵام باوکی کچە داواکەی ڕەت دەکاتەوە، کوڕەش لەبەر دەرگایان هاوار دەکات "ئەگەر باوکت تۆم پێ نەدات دەتسوتێنم" بەڵام ماڵی کچە گوێیان بە قسەکەی نەدا ووتیان: ئەگەر خۆشی بوێت چۆن دەیسوتێنێت.

ڕۆژێکیان کوڕەکە بە خۆی و قوتیەک زەیتی کوڵاو دەچێتە پێش دەرگای ماڵی کچە و لە زەنگی دەرگا دەدات... کچەکە دێت دەرگا دەکاتەوە کوڕەکەش ڕاستەوخۆ زەیتەکە فڕێدەداتە سەر ڕوخساری بەمەبەستی ناشرین کردن وکوشتنی، پاشان کوڕەکە ڕادەکات، کاتێك خەڵکی کۆدەبنەوە لە کچەکە دبینن کچەکە هەموو ڕوخساری سووتاوە بە جۆرێك ڕوخساری تووشی شێوان هاتبوو، کە لوتی بەڕومەتیەوە نوساوە... پاشان کچە دەگوێزنەوە نەخۆشخانە.[1]

◄◄ ڕووداوێکی تری لەو شێوەیە کە ڕۆژنامەی جەماوەر بڵاوی کردبۆوە گەنجێك بە ناوی (عباس) لە ئێران لە شاری مەهاباد داوای کچێك دەکات بە ناوی(خونچە)، بەڵام ماڵی باوکی کچە داواکەی ڕەت دەکەنەوە، ئەویش تیزاب بە ڕوخساری کچەکە دادەکات.[2]

خوشکان پێتان دەڵێم: ئەوە خۆشەویستیە، یان دووژمنداریە؟ کەسێك کەسێکی خۆش بوێت دەچێت دەیسوتێنی!!

◄◄ برادەرێك بۆی گێڕامەوە ووتی: مامۆستا ڕۆژێکیان سواری تەکسی بووم، خاوەن تەکسیەکە ووتی تازە پێش تۆ دوو کوڕ و کچێك لەگەڵمدا سواربوون، دیاربوو کوڕێکیان وەك دەڵێن: پەیوەندی لەگەڵ کچەکەدا هەبوو، دیاربوو کچەکە قوتابی بوو جلی قوتابخانەی لەبەردا بوو، بەمنیان ووت بڕۆ فلان قوتابخانە، کە گەیشتمە قوتابخانەکە کچەکەیان لەوێ دانا، دواتر ووتیان بڕۆ... دیاربوو کچەکە پێش ئەوەی بچێتە قوتابخانە لەگەڵ

ئەواندابووە، دوای ئەوەی کچەکەم دانا گوێم لەو کوڕە بوو، کە پەیوەندی لەگەڵ کچەکەدا هەبوو بەو هاوڕێیە کوڕەی لەگەڵیدا بوو دەیووت: بینیت لەو کاتەی بەدڕەوشتیم لەگەڵدا دەکرد چەند دیمەنم بە مۆبایلەکەم لێگرت، ئینجا ئەگەر ئازایە قسە دەکات بزانە چۆن ئابڕووی دەبەم.

» ئەو کوڕەش تەنها پێویستی بەو کچەیە بزانن چی بەسەر دێنێت... شیلان کچێکی زۆر ڕۆح سووکبوو... شیلان هەموو ڕۆژێك لەگەڵ دەستە خوشکێکی بە ناوی نێرگز دەچووە قوتابخانە و هەر لەگەڵ ئەویش دەگەڕایەوە، ئەو نێرگزە هەرباسی جوانی ولێهاتووی ئاراسی برای بۆ شیلان دەکرد، تا ئەوەی بەتەواوی هەستی شیلانی بۆ لای ئاراسی برای پەلکێشکرد... وێنەی هەردوو کیانی بۆ یەکتری دەبرد، لە نامە گۆڕینەوەشدا هەر ئەو نێرگزە قاسید بوو، تا لە کۆتاییدا ژوانێکی بۆ ڕێکخستن، ئەوە بوو لەو ژوانەدا، کە لە ماڵی خوشکە گەورە کەی نێرگز سازدرابوو هەردوو لا بەدیداری یەکتر شادبوون و بەڵێنی بۆ یەکتربوون و خیانەت نەکردنیان بە یەکترداد، ئاراس لەو دیدارەدا، سوێندی بۆ شیلان خوارد، کە تامردن وەفادار دەبێ بۆی و هەرگیز خیانەتی لێ نەکات، جا شیلان زیاتر خۆشەویستی ئەو کوڕە چووە دڵییەوە و ئامادەی هەموو قوربانیدانێکیش بوو لە پێناوی بە ختەوەربوونی ئاراسدا.

شیلان وەك هەرکچێکی تر زۆر دڵی بەو پەیوەندییە خۆشبوو وایدەزانی خودا لەسەر زەویدا کوڕی دروست نەکردووە، تەنها ئاراس نەبێت، بەڵام زۆرجاریش بیری لەوە دەکردەوە، ئەرێ تۆبڵێی ئاراس بەڕاستی منی خۆش بووێت!! کێ دەڵێ سبەی وازم لێناهێنێ؟! نااااا.. نااااا.. هەرگیز بڕواناکەم ئەو ئاراسە خیانەتم لێبکات ئەی سوێندی بۆ

نەخواردم ئیتر چۆن خیانەتم لێ دەکات، بەم شێوە شیلان بەردەوام لە گوماندا دەژیا، بەلام ئەوەی زیاتر گومانەکانی لێ دەڕەووانەوە رووباری خوشکە گەورەی شیلان بوو، کە هەموو کات دڵی دەدایەوە و پێی دەووت شیلان گیان ئەو کوڕە کە تۆی هەڵبژاردووە بۆ ئەوە نییە کە پێت ڕابوێرێ.

بە پێچەوانەوە ئەو دەخوازێ ببیتە هاوسەری و بەختەوەرت بکات لەژیاندا، بەلام شیلان دەیووت خوشکە گیان هەرچەندە من ئەو کوڕەم زۆر خۆش دەوێت هەروەها ئەویش بەقسەی زل و رۆمانسیانە هیچی نە هیشتۆتەوە، کەچی لە واقیعدا ئەوە لە چاوی ناخوێنمەوە نابینم، کە ئەو زۆر شەیدام بێت، ئیتر بەم شێوەیە پەیوەندی نێوان شیلان و ئاراس بەردەوام بوو، تا ئەوەی ڕۆژێکیان شیلان لە قوتابخانە دەگەڕایەوە لە تەنیشتی ئۆتۆمبێلێکی جۆری(ئۆپل) ڕاوەستا، کاتێ شیلان سەیریکرد دەبینێ ئەوە ئاراس و کوڕێکی ترە، ئاراس بە شیلان دەڵێت: سەرکەوە بۆ نێو ئۆتۆمبێلەکە بابتگەیەنینەوە بۆ ماڵ، شیلان لێرەدا کە بۆ رووباری خوشکی گێڕاوەتەوە و دەڵێت: منیش بێ دوو دڵی سەرکەوتم لەگەڵیان... دۆستەکەی ئاراس ناوی سەلام بوو سایەق بوو زۆر بەچاوێکی ناشرینەوە لە ئاوێنەکەوە سەیری دەکردم... شیلان دەڵێت: ئیتر ئەو سەیارەیە یەکسەر ڕاستەوخۆ نەیگەڕاندمەوە بەر دەگای ماڵ، بەڵکو ئاراس ناوە ناوە بە سەلامی دەگوت لێخوڕە برا جارێ باهەندێ پیاسە بکەین لە نێو کەرکوکدا ئینجا شیلان دەبینەوە... ئەوەبوو زیاتر لە دوو کاتژمێر بەو سەیارەیە سوڕاینەوە، چووین بۆ ناو بازار هەرکاتێ بە بەردەم هەر دووکانێکی زێڕنگردا تێپەڕبووینایە، ئاراس بە هەر دوو دەستی لە ڕانی

Scanned with CamScanner

خۆی دەدا و ئاخی هەڵدەكێشا، منیش لای خۆمەوە پێموابوو، كە داخ بۆئەوە هەڵدە كێشێ، كە ئەو زێرانە هی ئەو بوایە و پێشكەشی منی كردبایە، بەڵام جار جارەش ورد دەبوومەوە لەقسەكانیان... باسی ئەوروپایان دەكرد و داخیان بۆ بێ پارەیی خۆیان هەڵدەكێشا، كە چۆن ناتوانن بەو هۆیەوە بگەنە رەفاهییەتی ئەوروپا... لەو قسانەی ئاراس، كە لە ناو سەیارەكەدا دەیكرد زەنگێكی ناخۆش دڵی داخورپاندم و بەخۆم دەگوت ئەی ئەگەر ئەم ئاراسە بەراستی منی خۆش بوویت و بیەوێت ژیانی هاوسەری لەگەڵ من پێك بهێنینت ئەی چۆن بەو شێوە جدیەوە بیر لەسەفەر دەكاتەوە!!

ئەوە بوو دوای هەفتەیەك ئاراس تەلەفۆن بۆ شیلان دەكا و وەك هەمیشە بەقسەی زل و عاتیفانە زیاتر سەرنجی بۆ لای خۆی ڕادەكێشێ... لەو پەیوەندییە تەلەفۆنییەدا ئاراس بە شیلان دەڵێت: هەرگیز ناتوانم بۆ یەك چركەش بێ تۆ بژیم من حەز دەكەم بە بەردەوامی روخساری گەشت ببینم، بەڵام چی بكەم ماڵمان زۆر لە یەكتر دوورە، تۆ لەگەڕەكی ئازادیت ومنیش ماڵم لە ڕێگای بەغدایە، سەد خۆزگا دراوسێی یەكتربونیایە هەر لەو پەیوەندییە تەلەفۆنییەدا ئاراس بەمەبەستێكی تایبەتییەوە بەشیلان دەڵێت: ئای كە جوانی كاتێ ئەو هەموو خشل وزێرە زۆرەت بەقەدەوە دەبینم... ئینجا پێی دەڵێت: ئەرێ شیلان گیان... ئەو هەموو زێرە هی خۆتە؟!

شیلانیش دەڵێت: پێم ووت: بەڵێ هەمووی هی خۆمە و دایك وباوكم بۆیان كڕیووم... بەم چەشنە هەندێ قسەی دیكە لەگەڵ شیلاندا دەكات و ئیتر خواحافیزی لێ دەكات،دیارە لەپەیوەندی خۆشەویستی نێوان شیلان و ئاراس، ڕووباری خوشكی شیلان ئاگاداری هەموو شتەكان دەبێت.

Scanned with CamScanner

ڕووبار دەڵێت: ئاراسی ناپاك لەگەڵ سەلامی ڕەفیقیدا دەمێك بوو بیرۆکەی چوونە هەندەران لە خەیاڵیاندابوو، بۆیە هەموو کات بیریان لەوە دەکردەوە، کە چۆن بتوانن بە هەر شێوەیەك بێت بڕێك پارە بەدەست بهێنن و سەفەری پێ بکەن، بەڵام ئاراس هەرچەندە سەر دێنێ و دەبا نازانێ چۆن پارەی سەفەر پەیدا بکات... تاکە سەرچاوەیەك شك دەبات، کە ئەویش ئاڵتونەکانی شیلانی خوشکمە، بیر دەکاتەوە چۆن بتوانێ ئەو ئاڵتونانەی لێ بدزێ تاکو سەفەرەکەی پێ بکات، ئەوەبوو دوای بیرکردنەوە ژەهراویەکەی... یەکسەر تەلەفۆن بۆسەلامی ڕەفیقی دەکات و پێ دەڵێت: خۆت ئامادەبکە لەوانەیە چەند رۆژێکی تر سەفەر بکەین... سەلام کە گوێی لەم قسانە دەبێت زۆر گاڵتە بە ئاراس دەکات و پێ دەڵێت: ئەوە چی دەڵێی؟ دەڵێی شێت بوویت پێم ناڵێی بەکام پارەوە سەفەر بکەین!!

ئاراس پێی دەڵێت: تۆ هەقی پارەت نەبێت پیلانێکم لەبەر دەستدایە، تۆ تەنها هاوکاریم بکە لە جێبەجێکردنی ئیتر زۆر بە ئاسانی دەتوانین سەفەر بکەین.. پێی دەڵێ سبەی شەو هەر ئەو ئۆپڵەی کەهی حەمەی ئامۆزاتە بیهێنە بۆ لای ماڵمان پێکەوە دەچینە شوێن شیلانی خۆشەویستم، ئیتر ئەوکاتە هەموو شتێکت بۆ دەردەکەوێ و زیرەکی منت بۆ ئاشکرادەبێت، کە چۆن نەخشەیەکم کێشاوە، ئەوەبوو هەر ئەو رۆژە ئاراس تەلەفۆن بۆ شیلان دەکات و کۆمەڵێك ووشەی ناسکی بۆدەدرکێنێ و پێی دەڵێت: خۆشەویستەکەم ئیتر ناتوانم لەمە زیاتر بەرگەی دووریت بگرم، بۆیە دەمەوێت بێمە پێشەوە و هەڵقەی دەسگیرانیت لە دەست بکەم، شیلان گیان جا بەر لەوەی بێمە داخوازیت، دایکم زۆر حەز دەکات

Scanned with CamScanner

بۆ چەند ساتێك بتبینێت، بە تایبەتی ئەگەر جلکی کوردی لەبەر بکەیت هەر زۆر جوان دەبیت و سەرنجی دایکم ڕادەکێشی، توخودا گەر هاتی زێڕە کانیشت بیر نەچێت و هەمووی بە خۆتەوە بکە، چونکە هەم جوانیەکی تایبەتیت پێ دەبەخشێ، هەم لە چاوی دایکیشمدا بەکچی ماڵێکی دەوڵەمەند و خانەدان خۆت پێشاندەدەی.

ئەوە بوو لە ڕۆژی داهاتوو لەکات و ساتی دیاریکراودا سەلام و ئاراس بەسەیارەکە دەچنە بەردەم کۆڵانەکەی ماڵی شیلان، بەڵام ئاراس پێشتر بە شیلان دەڵێت: بە ماڵەوە بڵێ دەچمە لای دەستە خوشکێکم، ئەو کاتەی سەلام و ئاراس لە ناو سەیارەکەدا چاوەڕێیان دەکرد، بینیان وا شیلان و ڕووباری خوشکی بەجووتە دێن بۆ لای سەیارەکە، ئاراس لەوکاتەدا کە دەبینێ شیلان و خوشکەکەی لەگەڵدایە پەشیمادەبێتەوە و لە سەیارەکە دادەبەزێ و

دەڵێت: شیلان گیان ئەمشەو ناتوانم بتبەم بۆلای دایکم، چونکە تەندروستی تەواو نییە، سبەی دێمە دوات، بەڵام بە تەنها خۆت وەرە و کەس لەگەڵ خۆت مەهێنە... بۆ ڕۆژی دواتر ئاراس و سەلامی ڕەفیقی بەهەمان سەیارە دەچنە بەردەم کۆڵانەکەی ماڵیان و ئینجارە شیلان بە تەنها لەگەڵیان دەڕوات، دەیبەن، تا دەگەنە گەڕەکی "حی النصر" لای پردی چوارەم، کە لەوێدا شۆڕ دەبنەوە بۆ ژێر پردەکە ئا لەو کاتە ترسناکەدا، کە خودا نەبێت هیچ کەسێك نییە بەهاواری شیلانەوە بێت، ئاراس و سەلام سەیارەکە دەبەنە پەنایەك و بە هەردووکیان شیلان دادەبەزێننە خوارەوە، ئەوکاتی شیلان دەزانێ، کە گومانەکانی پێشتری چەندە لەجێی خۆیدا بوون،بۆیەلەترسی گیانی خۆی دەیەوێ بقیژێنێ و،

Scanned with CamScanner

هاوار بكات، بەڵام ئاراس دەست دەخاتە سەر دەمی شیلان و بە سەلام دەڵێت: ها بەو چەقۆیە بیکوژە، بەڵام سەلام چەقۆکە دەداتەوە دەست ئاراس و دەڵێت: خۆت بیکوژە من ناتوانم، ئاراسی بێ ویژدانیش چەقۆکەی لێ وەردەگرێتەوە و چەقۆیەك لەسەر دڵی دەدات و، پاشان دوو چەقۆی دیکە لە مل و سینگی دەدات، شیلان دەکەوێتە سەر زەویی و خوێن لە جەستەیەوە فیشقە دەکات، لەو کاتەدا ئەو دوو ناپاکە هەر چی زێڕو خشڵێ هەیە لە قەد شیلان دەکەنەوە و بە پەلە ڕادەکەن و کەرکوك بە جێ دەهێڵن و ڕوودەکەنە شاری سلێمانی و لە شەقامی کاوە لادەدەن و لەوێدا دەچنە دووکانێکی زێڕینگەرەوە و تەواوی زێڕەکە دەفرۆشن، کە پارەکەی دەگاتە نزیکەی ٤٠٠٠ دۆلار، دوای ئەوەی ئەو بڕە پارەیەیان دەست دەکەوێت بەرەو ئێران ڕادەکەن و دە یانەوێت لە ڕێگەی(بەندەرعباسەوە)بچن بۆ وڵاتی ئیمارات، بەڵام خودا وا دەهێنێ، کە پارەکەیان بەشی ئەو سەفەرە ناکات، بۆیە بە ناچاری دوای پازدە ڕۆژ مانەوە لە ئێران هەموو پارەکەیان بە فیڕۆ دەڕوات و بە ناچاری دەگەڕێنەوە کوردستانی باشوور و لەلایەن ئاسایشی حکومەتی هەرێمەوە دەسگیر دەکرێن و ڕادەستی ئاسایشی کەرکوك دەکرێنەوە.[1]

Scanned with CamScanner

# خۆشەویستی لە چەمکەکانی ئیسلامدا

ئەگــەر بڕوانینـــە قورئـــان دەبیـــنین (٨٨) جـــار ووشـــەی (الحُب/خۆشەویستی) هـاتووە، کەچی لـە کۆی هەموویدا یـەکجار ووشـەی (الحُب/خۆشەویستی) هـاتووە کـە پەیوەست بێت بـە نێوان (نێر و مێ) ئەویش لە سورەتی (یوسف)دا هاتووە بەم شێوە: ﴿وَقَالَ نِسْوَةٌ فِي الْمَدِينَةِ امْرَأَةُ الْعَزِيزِ تُرَاوِدُ فَتَاهَا عَن نَّفْسِهِ قَدْ شَغَفَهَا حُبًّا إِنَّا لَنَرَاهَا فِي ضَلَالٍ مُّبِينٍ﴾(یوسف: ٣٠)، تەنها لێرە ووشەی (الحُب/خۆشەویستی) لە نێوان دوو ڕەگەز (نێر و مێ) هاتووە.

خۆشەویــستی شــتێکە و بــوونی هەیــە و لــە نــاخی مرۆڤــدا ســەر هەڵدەدات.. ئیسلام ڕێگای پێـداوین چێژ لـە ژیانمـان وەرگـرین، بـەڵام بـە شێوەیەکی دروست نە زیادە ڕۆی تیابکەین نـە کـەم تەرخـەمی.. دەبیـنین پێغەمبـەریش ﷺ ئینکاری ئـەو عاتیفـەی نـەکردووە کـە لـە نـاخی مـرۆڤ سەرهەڵدەدات، ئەوەتە کابرایەك هاتە خزمـەت پێغەمبـەر ﷺ ووتـی: ئـەی پێغەمبــەری خــودا، مــن کــچێکی هــەتیوم لەلایــە، دوو کــەس هاتوونەتــە خوازبێنی پیاوێکی دەوڵەمەند و پیاوێکی هەژار، ئێمە حەزدەکەین بیدەن بە پیاوە دەوڵەمەندەکە، بـەڵام ئـەو حـەزدەکات شـوو بـە پیاوە هەژارەکە بکات؟ پێغەمبەر ﷺ لە وەڵامی ئەو کابرایەدا فەرمووی: «لَمْ نَرَ لِلْمُتَحَابَّيْنِ مِثْلَ النِّكَاحِ»[١]، واتــە: هیــچ چارەیــەکی باشــتر نــابینرێ بــۆ خۆشەویستان لە زەواج.

مانای وایە بیدەن بەوەی کە خۆشی دەوێت، لێرەدا کێشەیەکی خۆشەویستی هاتۆتە خزمەت پێغەمبەرە ﷺ ئەویش هانی داون لەسەر زەواج و چارەی کردووە.

⏮ بەهەمان شێوە کاتێك (مُغیث) پیاوێك بوو بەدوای (بریرة) کە پێشتر خێزانی بوو دەڕۆیی، بەڵام تەڵاقی دابوو و لێی حەڕام ببوو، فرمێسك بەسەر ڕوومەتەکانیدا دەهاتە خوارەوە چونکە زۆر خۆشی دەویست، جا پێغەمبەر ﷺ ئەوەی بینی فەرمووی: (ابن عباس) تۆ سەرت ناسوڕمێ لە خۆشەویستی ئەو پیاوە بۆ ئەو ژنەی ڕقی ژنەکەشی بۆ ئەو پیاوە!! ئینجا پێغەمبەر ﷺ بانگی ئافرەتەکەی کرد و پێی فەرموو: بەڵکو بگەڕێیتەوە لای (مُغیث)، ئافرەتەکە وای زانی پێغەمبەر ﷺ فەرمانی پێ دەکات تا زوو جێ بەجێی بکات بۆیە ووتی: ئایا ئەمە فەرمانە؟ پێغەمبەر فەرمووی: نەخێر، بەڵکو من دەمەوێت بتانگەیەنمەوە بەیەك، ئافرەتەکەش ووتی: من پێویستم بەو پیاوە نیە.[١]

⏮ (عبدالله)ی کوڕی (عمر) کەنیزەیەکی ڕۆمی هەبوو کە زۆری خۆش دەویست، ڕۆژێکیان کەنیزەکەی بەربۆوە، جا (عبدالله)ی کوڕی (عمر) خۆڵەکەی لە ڕوخساری دەسڕیەوە و ماچی دەکردوو و دەیگووت: ئازیزەکەم تۆ باشی.[٢]

⏮ (عبیدالله)ی کوڕی (عبدالله) کە یەکێکە لە حەوت فەقیە ناودارەکان، ئافرەتێکی خۆشدەویست، کەسیش ئینکاری نەدەکرد، ئەو کەسەش گلەی

Scanned with CamScanner

لێ کردبایه به ستەمکاری دەژمارد، هەر وەك له شیعرەکەیدا دەردەکەوێت دەڵێت:

کتمتَ الهوىَ حتىٰ أضرَّ بكَ الکتم     ولامك أقــوام ولومُهُم ظـلم

واته: ئەو خۆشەویستیەی لـه دڵت دایـه وشاردۆتتەوە و دەرت نـەبڕی تاکو زیانی پێگەیاندی، کەچـی هێـندێ کـەس گلـەیت لێ دەکـەن، بەڕاستی گلەییەکەیان ستەمکارانەیە.

⋙ بڕوانن بۆ پێغەمبەر ابراهیم(علیة السلام)، که زۆر خـاتوو (سارا)ی خێزانی خۆشدەویست، تەنانەت بۆ ماوەی هەشتا ساڵ لەگەڵیدا ژیا هیچ منــداڵی نــەدەبوو، بــەڵام لەبــەر ئــەو خۆشەویــستیەی هــەیبوو بــۆی نەیدەویست هەرگیز ژنی دووەم بهێنێت، بەڕادەیەك کـه هاجـەری (دایکی ئیسماعیل)ی نەهێنا تاوەکو ساره لێی داوا کردو سوور بـوو لەسـەر ئـەوەی که دەبێت بیهێنێت تاوەکو منداڵی لێی ببێت[1].

⋙ (عمـرو)ی کـوڕی (العـاص) کـاتێ لـه سـریەی (ذات الـسلاسل) بـه سەرکەوتوویی گەڕایەوە که سەرکردە بـوو.. (عمـرو) ویـستی بزانێت ئەو سەرکەوتنەی به دەست هێناوە دەبێت پێغەمبەرﷺ چـەندی خۆش بوێت بۆیه پێی ووت: ئەی پێغەمبەری خـوا کـێ خۆشەویـسترین کەسـەلای تۆ؟! پێغەمبـەرﷺ فـەرمووی: بۆچـی دەپرسـی؟ ئـەویش ووتـی: پـێم خۆشـه بزانم!! - وای زانی پێغەمبەرﷺ دەڵێت تۆ بـەڵام- پێغەمبـەرﷺ فـەرمووی: عائیشه، (عمرو)یش ووتی: مەبەستم لـه پیاوانـه، کێت خۆشـتر دەوێت؟!

Scanned with CamScanner

پێغەمبەرﷺ فەرمووی: باوکی عائیشە.[1]

ئەمانە هەمووی بەڵگەن کە خۆشەویستی عاتیفەیەکە و لە ناخی مرۆڤ سەر هەڵدەدات کەس ناتوانێت ئینکاری بکات، بەڵام ئەوەی جێی باسە گۆڕینی ئەو ووشەیە و هەڵخەڵەتاندنی خەڵك پێی ئەوە شتێکی ترە.

Scanned with CamScanner

# هەوڵی زانایان بۆ خۆشەویستان

زانایان و پێشەوایانی موسڵمان وەك چۆن هەر دەم پێشەنگ بوونە بۆ چارەسەری کێشەکانی خەڵکی و بە هانا هاتنەوەیان.. بە هەمان شێوەش کاتێك بینیویانە دوو کەس بەراستی یەکیان خۆشویستوە و بەربەستیان لە نێواندا هەبوو بە زەییان پێیان هاتۆتەوە و هەوڵیانداوە ئەو بەربەستانەی لە پێشیان هەیە بشکێنن و بە یەکیان بگەیێنن.. من لێرەدا چەند نموونەیەك دەهێنمەوە:

- بڕوانن بۆ (ابو بكر الصديق) لەو سەردەمەی کە خەلیفە بوو شەوان لە نێو کۆڵانەکانی مەدینەدا دەسوڕایەوە.. شەوێکیان لەماڵێك گوێی لە دەنگی ئافرەتێك بوو گۆرانی دەووت لە ئازاری دووری خۆشەویستەکەی.. پێشەوا (ابو بكر) لە دەرگای ماڵەکەیدا و بە ئافرەتەکەی ووت: کێیە ئەوەی خۆشت دەوێت و لێت دوورکەوتۆتەوە و گۆرانی بەسەردا هەڵدەدەی؟! ئافرەتەکەش عەبد بوو پێی ووت.. پێشەوا (ابو بكر) ئەو ئافرەتە عەبدەی لە خاوەن ماڵەکە کڕی و ئازادی کرد تا ببێتە خێزانی ئەو کەسەی خۆشی دەوێت، ئەوە دڵە نەرمەکەی خەلیفەی موسڵمانانە کە چەندە بە سۆزە بەرانبەر هاوڵاتیانی خۆی بەوەی دوو کەس یەکیان خۆش دەوێت بەیەکیان دەگەیەنێت.

- ئەی ئیمام (عمر)ی کوڕی (خطاب) کە خەڵکی وا گومان دەبەن دڵ ڕەق بووە، کەچی دەبینین دەیووت: ئەگەر بگەیشتابام بە (عُروة)و (عفراء) دەیانم گەیاند بەیەکتری، ئەو کچەو کوڕە لە سەردەمی نەفامی یەك تریان خۆش دەویست بەڵام بۆ یەك نەبوون.. ئیمام (عمر) کە

Scanned with CamScanner

شـەیتان لێـی هەڵـدەهات دەبیـنین بـەزەی دێتـەوە بـە خۆشەویـستان هەوڵدەدات بە دەرمانی پێغەمبەر ﷺ کێشەکەیان چارە بکات کە زەواجە.

⏮ هەر (عمر)ی کوڕی (خطاب) کە خەلیفە بوو وەك پیشەی خۆیـان شـەوان لـە نێـو کۆڵانـەکان دەسوڕایەوە.. شـەوێکیان لـە ماڵێـك گوێی لـە دەنگی ئافرەتێك بوو شیعری بەسەر پیاوەکەیدا دەووت و پەرێشان بوو لە دووری پیاوەکـەی.. پێشەوا بـە پەلە چوو پرسیاری ئـەو ئافرەتـەی کـرد ووتیان: ئەوە پیاوەکەی ماوەیەکی زۆرە لە جیهاد دایـە.. پێشەوا بـە پەلـە بـە دوای دانـارد بگەڕێتـەوە.. ئینجـا بڕیـاری دەرکـرد کـە نابێـت زۆر لـە جیهادا بمێننەوە.

⏮ (ابو السائب المخزومی) کە زانایەکی پایە بـەرز بـوو.. لـەلای (کعبة) دووعای دەکرد بۆ ئـەو کەسانەی بەڕاستی یـەکیان خۆشـدەوێت دەیـووت: خوایـە ڕەحـم بـە بەوانـە بکـە کـە یـەکیان خۆشـدەوێت، دڵیـان بـە هێـز بکە...[1].

⏮ (زبیـد) دەڵێـت: لـە ڕێگـای مەکـە لەسـەر دیوارێـك ئـەم شـیعرە نووسرابوو:

أما فی عباد الله أو فی امائه　　　کریم یُجلي الهمَّ من ذاهب العقل

منـیش پەیمانمـدا ئەگـەر بـزانم کـێ ئـەم شـیعرەی نووسـیوە بـە خۆشەویستەکەی بگەیەنم.. جا کاتێك چوومە مەکە و لە موزدەلیفە بووم گوێم لێبوو گەنجێك ئەو شیعرەی دەووت... چووم داوام لێکـرد بـزانم ئـەو کەسەی خۆشی دەوێت کێیە؟! پێی ووتم کە کچە مامی خۆی خۆشـدەوێت

Scanned with CamScanner

کەچی ماڵی باوکی لێیان بۆتە ڕقەکاری نایدەنێ.. (زبید) دەڵێت: چوومە لای باوکی کچە زۆر هەوڵمدا تا ئەو کچە و کوڕەم پێک گەیاند و کێشەکە بە زەواج کۆتای هات.[1]

⏮ (عبدالله)ی کوڕی (معمرالقیسی) دەڵێت: ساڵێکیان لە حەجی ماڵی خوا بووم، شەوێکیان چوومە مزگەوتی مەدینە تاکو زیارەتی گۆڕی پێغەمبەرﷺ بکەم، کاتێك دانیشتبووم لە نێوان گۆڕی پێغەمبەر و مینبەر گوێم لە دەنگی گەنجێك بوو دەگریا و ئەم چەند دێرە شیعرەی دەووت:

| | |
|---|---|
| أشجاك نوح حمائم السـدر | فأهجن منك بلابل الصـدر |
| أم عـز نومك ذكر غانـيـة | أهدت إليك وساوس الفكـر |
| يا ليلة طالت على دنـف | يشـكو السهاد وقلة الصبـر |
| أسلمت من تهوى لحرجـوى | مـتوقد كتوقد الجمـر |
| فالبدر يشهد إنني كلـف | مغـرم بحـب شبيهة البـدر |
| ماكنت أحسبني أهيم بحبهـا | حتـى بليت وكنـت لاأدري |

منیش چووم بینیم گەنجێکە فرمێسك بە ڕوومەتیدا دێتە خوار، سەلامم لێ کرد، ئەویش پێی ووتم: فەرموو دانیشە جەنابت کێی؟ ووتم: (عبدالله)ی کوڕی (معمرالقیسی)م، ووتی: فەرموو هیچ ئیشت هەبوو؟ ووتم: بەڵێ من لە ڕەوزەی پێغەمبەر دانیشتبووم گوێم لێبوو دەگریایی و ئەو شیعرانەت دەگووت.

ووتی: من (عتبة)ی کوڕی(الحباب)ی (الأنصاري)م، ڕۆژێکیان چوومە مزگەوتی (الأحزاب) نوێژم کرد، پاشان لەلایەك دانیشتم، بینیم کۆمەڵێك ئافرەت هاتن، لە نێو ئەو ئافرەتانەدا ئافرەتێکی زۆر جوانی تیابوو، هاتە

Scanned with CamScanner

پێش وپێی ووتم: (عتبه) چی دەڵێی ئەگەر ئافرەتێك داوا بكات بیخوازی، پاشان بەجێی هێشتم و ڕۆی، لەو كاتەوە نە بینیمەوە نە هەواڵیشی هەبوو، نەمدەزانی چی بكەم، لە شوێنێك بۆ شوێنێك دەڕۆیشتم نەمدەدۆزیەوە.. منیش پێم ووت: براكەم تەوبە بكەو داوای لێبووردن لە خوا بكە، هەر لە مزكەوت پێكەوە بووین تاكو بەیانی داهات.

بەیانی ووتم: هەڵسە بابچینە مزگەوتی (الأحزاب) بەڵكو خودا دەرگای خێرت لێ دەكاتەوە.

ووتی: بەتەمای خوا بەڵكو بە بەرەكەتی عیبادەتەكانت خودا دەرگایەكمان لێبكاتەوە، ڕۆیشتین تاكو گەیشتینە مزگەوتی (الأحزاب) لە مزگەوت دانیشتین تاكو نوێژی نیوەڕۆمان كرد، پاشان بینیمان كۆمەڵێك ئافرەت هاتن، بەڵام ئەو ئافرەتەیان تیا نەبوو كە (عتبه) خۆشی دەویست، هاتن پێیان ووت: (عتبه) چی دەڵێی لە بارەی ئەو ئافرەتەی داوای لێكردی بیخوازی!! (عتبه) ووتی: چی بەسەر هاتووە؟ ووتیان: مالیان لێرە نەماوە و باریان كردووە بۆ (السماوة)ە.. (عتبه) ووتی: ئەو ئافرەتە كێبوو؟ ووتیان: (رەیا)ی كچی (الغطریف السلمي)ە.

ووتم: (عتبه) ئارام بگرە من ئەو كارەت بۆ پێك دێنم بڕۆ بابڕۆن بۆ مزگەوتی (الأنصار) هەڵساین و ڕۆیشتین تاكو گەیشتینە كۆمەڵە كەسێك، سەلامم لێكردن ئەوانیش وەڵامیان دامەوە.. ووتم: خەڵكینە ئێوە چی دەڵێن دەربارەی (عتبه) و باوكی!! ووتیان: لە بەڕێزەكانی عەرەبن.

ووتم: كەوابوو (عتبه) ئافرەتێكی خۆشدەوێت دەمەوێت یارمەتی بدەین و بچینە (السماوة) بۆ داوای ئەو ئافرەتە.

Scanned with CamScanner

ووتیان: بەسەر چاو، ئینجا بە ڕێکەوتین تاکو گەیشتینە ماڵەکانی (بنی سلیم) جا کاتێك (الغطریف)ی باوکی کچەکە زانی ئێمە هاتووین بۆ ماڵیان بە دەممانەوە هات ووتی: یاخوا بەخێربێن.

ووتمان: ئێمە مێوانی تۆین... ووتی: بەخێربێن بەسەر چاوم، ئینجا کومباریان بۆ ڕاخستین و حەیوانیان بۆ سەربڕین.

ووتمان: نان ناخۆین تاکو داوایەکمان هەیە جێبەجێی نەکەی.

ووتی: داواکەتان چیە بڵێن؟! ووتمان: هاتووین بۆ داوای کچەکەت بۆ (عتبە)ی کوڕی(الحباب)ی کوڕی (المنذر الأنصاري).

ووتی: ئەوە لە دەستی من نیە، بەڵکو لە دەستی کچەکە خۆیەتی، دەچم پێی دەڵێم بزانم چی دەڵێت، بە توڕەی چووە لای کچەکەی، کچەکە ووتی؛ بابە ئەوە چی بوە بۆ ئاوا تووڕەی؟!

ووتی: (عتبة الأنصاري) هاتووە بۆ داوای تۆ.

کچەکە ووتی: ئەوانە لەناو عەرەبەکان بەڕێزن، پێغەمبەریشﷺ داوای لێبووردنی بۆکردوون،باوکی ووتی:ئاخر بۆیان گیڕابوومەوە کە(عتبة)تۆی خۆش دەوێت بۆیەمنیش سوێندم خواردووە،کە نەتدەمە (عتبة).

کچەکە ووتی: بابە ئەنصار سوێندی لەو جۆرە بەهەڵە دادەنێن و قبوڵی ناکەن، وا باشە بیانویەکی باشیان بۆ بهێنیتەوە.

باوکی ووتی: ئەی چی بڵێم؟ کچەکە ووتی: مارەیەکی زۆر داوا بکە، چونکە ئەوان حەزیان بە مارەیی زۆر نیە بۆیە دەگەڕێنەوە.

باوکی ووتی: شتێکی باشە، بە پەلە چوو بۆ لایان...

ووتی: باشە ڕازیم بەڵام کێ هەڵدەستێ بەم کارە؟ (عبدالله)ی کوڕی(معمر) ووتی: من، کابرا ووتی: مارەیی کچانی ئێمە زۆرە!! (عبدالله) ووتی: بڵێ چەندت دەوێت؟ ووتی: (١٠٠٠) میسقال زێڕ و (١٠٠) قات جل و بەرگی نایاب و پێنج قوتی (عنبر)یش.

(عبدالله) ووتی: ئێمە قبوڵمانە، چەند کەسێکی نارد بۆ مەدینە هەموو ئەو شتانەیان هێنا، کە داوای کردبوو، پاشان خواردنیان ساز کردوو و چەند ڕۆژێك لەوێ مانەوە، دواتر باوکی کچە، ووتی: هانی ئەوە کچەکەیە ببیەن وبڕۆن، (عبدالله) دەڵێت: ئێمەش بە (٣٠) باری پڕ کەل وپەل ئەوێمان جێهێشت و بە ڕێکەوتین تاکو نزیکی مەدینە بووین، بینیمان وا چەند سوار چاك دێن مەبەستیان شەڕە.. (عتبة) بۆیان چوو دانەیەکی لێ گوشتن، پاشان کە گەڕایەوە بەزەویا کەوت بینیمان برینداره خوێنی لێدێتە خوار، دواتر (عتبة) گیانی دەرچوو، ئێمەش ووتمان (عتبة).. (عتبة).. ئافرەتەکە گوێی لێ بوو، هاواری کرد و خۆی لەسەر حوشترەکە فرێدا.. ئەویش گیانی دەرچوو، ئێمەش یەك گۆڕمان بۆ هەردووکیان لێدا هەردووکیانمان لە ناو دانا، دواتر گەڕامەوە، دوای حەوت ساڵ هاتمەوە بۆ مەدینە.. ووتم بابچم سەرێك لەگۆڕی (عتبة) بدەم.. هاتمە لای گۆڕەکە بینیم دارێکی لەسەر چێنراوە، بە خەڵکەکەی ئەوێم ووت: ئەو دارە چیە ووتیان ئەو دارە ناوی داری بوك و زاوایە.[١]

بەڵێ: ئەوە هەوڵی زانایان بووە بۆ ئەوەی ئەو کەسانەی یەکتریان خۆشدەوێت، بە حەڵاڵی بە یەکتریان بگەیەنن.

## خۆشەویستی لە نێوان دوو ڕەگەز دروستە؟!

لە ڕاستیدا خۆشەویستی نە دەتوانرێت بە هەموو کەسێك بگوترێ حەرامە نە دەتوانرێت بە هەموو کەسێك بگوترێت حەڵاڵە، چونکە وەك ووتمان خۆشەویستی عاتیفیەکە لە ناخی مرۆڤ سەر هەڵدەدات، ئەوە مرۆڤەکانن وا دەکەن ئەو عاتیفەی لە ناخیان دایە بە ئەنجامدانی کاری خراپ تووشی حەرام بن و بڵێن خۆشەویستیەکەت حەڕامە.. هەروەها هەر مرۆڤەکانن وا دەکەن ئەو عاتیفەی لە ناخیان دروست بووە بە زەواج کۆتای پێ بهێنن ئەگەر نا ئارامی لەسەر بگرن و لە ناخی خۆیان بیپارێزن.

(ابن القیم) دەڵێت: لە ڕاستیدا قسەکردن لەو بارەیەوەدا -واتە: خۆشەویستی- دەبێت بە وردی بێت و بزانرێت و جیابکرێتەوە، ئایا لەو جۆرەیە کە حەڕامە یان دروستە!! لەو جۆرەیە سوود بەخشە یان زیان بەخشە، چونکە بە ڕاشکاوی ناتوانرێت حوکم بدرێت کە خۆشەویستی خراپە و دەبێت ڕەت بکرێتەوە، یان باشە و وەر بگیرێت، بەڵکو حوکمەکەی ئەوکاتە دەردەکەوێت کە حاڵی ئەو کەسە زانرا کە تووشی ئەم حاڵەتە بووە. (١)

Scanned with CamScanner

## خۆشەویستی چۆن دروست دەبێت؟!

سەرەتا دەبێت ئەوەش بزانین کە خۆشەویستی بە دوو شێوە لە دڵی مرۆڤ سەر هەڵدەدا و دروست دەبێت:-

**یەکەم:** (الاختیاری) واتە: خۆی هەوڵدەدات گیرۆدەی کەسێك بێت، ئەم جۆرەیان ئەوەیە کە مرۆڤ بۆ خۆی هەوڵ دەدات تاکو خۆشەویستی کەسێکی تر لە دڵیدا بچەسپێت و گیرۆدەی بێت، وەك ئەوەی کوڕێك زۆر سەیری ئافرەتان بکات، یان کچێك زۆر سەیری کوڕان بکات، یان کتێبی عیشق و غرامیات بخوێنێننەوە، یان هەر شێوازێکی تربێت، جا ئەو خۆشەویستیەی بەم شێوە دروست دەبێت، دروست نیە و لۆمە لێکراوە، چونکە مرۆڤ بە دەستی خۆی خۆی گیرۆدە دەکات، ئەوە بە دەستی خۆی ئازاری خۆی دەدات کەئەمەش نابێت.. لەبەر ئەوەی دەبێت مرۆڤ هەوڵبدات خۆی گیرۆدەی خۆشەویستی نەکات، چونکە ئێستا زانستی سایکۆلۆژی ئەنجامدانی ئەو جۆرە خۆشەویستیانە بە خۆ ئازاردان و جۆرە نەخۆشیەکی دەروونی دەزانێت.[١]

چەند لێکۆڵینەوەیەکی زانستیان ئەنجامدا لە زانکۆی (إمبریال کولیدج) لە لەندەن، لە لێکۆڵینەوەکەیان دەریان خستووە کە ئەو کەسانەی دەکەونە داوی خۆشەویستیەوە هێندێ جار تووشی نەخۆشی درێژخایەن دەبن و لێدانی دڵیان زیاد دەکات.. پرۆفیسۆر (کارتین کاوە) کە ئامادەکاری ئەم توێژینەوەیە بوو ئەوەشی دەرخست کە بە هۆی زۆری ئەو کێشانە و پەستانی زۆرەوە کە تووشی کەسی عاشق دەبێت ئەو کەسانە زیاتر تووشی

Scanned with CamScanner

ئەنفلۆنزا دەبن.. هەروەها ئەو پیاوانەی کە ژنەکانیان وەفاتی کردووە بە ڕێژەی (٥٠٪) تووشی نەخۆشی دڵ دەبن.[١]

دووەم: (غیر اختیاری) واتە: خۆی هەوڵی بۆ نادات، ئەم جۆرەیان ئەوەیە کە مرۆڤ لە سەیرکردنێکی لە ناکاو تووشی داوی خۆشەویستی دەبێت، ئەم جۆرەیان ئەو کەسەی تووشی بووە گوناهبار نابێ و لۆمەی لێ ناکرێت، چونکە لە نەزەری یەکەم دروست بووە کە نەزەری یەکەمیش گوناهی لەسەر نیە، هەر وەك ئەوەی کوڕێك لە شوێنی کاری چەند جارێك بە نەزەری یەکەم چاوی بە ئافرەتێك دەکەوێ و خۆشەویستی دەکەوێتە دڵی یان ئافرەتێك بەو شێوە، ئەم جۆرەیان خاوەنەکەی گوناهبار نابێ و لۆمەی لێ ناکرێت، چونکە خۆی هەوڵی بۆ نەداوە بەڵکو لە ناخی سەری هەڵداوە.

(ابن القیم) دەڵێت: خۆشەویستی دروست و ڕێپێدراو ئەو خۆشەویستیەیە کە پیاوێك ئافرەتێکی جوانی بۆ وەسف دەکەن، یان بەبێ ئەوەی نیەتی خراپ بێت لە ناکاو ئافرەتێکی بەر چاو دەکەوێت، ئەوکات خۆشەویستی دەکەوێتە دڵی، ئەو خۆشەویستیەش وای لێناکات گوناه و بێ فەرمانی خوا بکات، ئەوە لە توانای ئەو دانیە و تاوان بار نیە، بەڵام واچاکترە ئەو شتە لە دڵی خۆی دەربێنێت و خۆی بە شتی بە سوودتر خەریك بکات، بەڵام ئەگەر هەر نەکرا با ئارامی لەسەر بگرێت و خۆی پاك ڕابگرێت و ئاشکرای نەکات، ئەوکات خودا پاداشتی دەداتەوە لەسەر

ئـەو ئـارام گرتنـەی و خـۆ بـە پـاك ڕاگرتنـەی و تۆڵـەی لـە شـوێنی بـۆ دەكاتەوە.[1]

(محمد بن صالح المنجد) لە سایتی(الإسلام سؤال وجواب)دا دەڵێت: ئـەو خۆشەویستیەی مرۆڤ خۆی هەوڵی بۆ نادات بەڵكو لـە ناكـاو بـۆی دروسـت دەبێت، ئەوە گلەیی لێ ناكرێـت، وەك ئـەوەی بـەبێ ئـەوەی نیـەتی خـراپ بێت ئافرەتێكی بەر چاو كەوێت، ئەوكات خۆشەویستی بكەوێتە دڵی، ئـەو خۆشەویـستیەش توشـی كـاری حـەڕامی نـەكات، وەك زۆر تێـڕوانینـی، یـان تەوقە كردن،یان مانەوە بە تەنها لەگەڵیدا، یان گۆڕینەوی ووشەی عاتفی.

بەڵام ئەو خۆشەویستیەی لـە كـاتی تێـڕوانین دروسـت دەبێـت، یـان لـە كاتی تێكەڵاوی حەڕام دروست دەبێت، یان لە كاتی نامە گۆڕینەوە دروست دەبێت، ئەوە گوناهە و حەڕامە.[2]

پیاوێك لە (عمر)ی كوڕی (خطـاب)ی پرسـی ئـەی پێشەوای بـڕواداران، ئەگەر ئافرەتێكم بینی وخۆشەویـستی ئـەو ئافرەتـە كەوتـە دڵـم - گونـاه بارم-؟ ئیمامی (عمر) ووتی: ئێ خۆ ئەوە بەدەستی كەس نیە.[3]

(ابن تیمیة) دەڵێت: ئەگەر ئەوكەسەی تووشی خۆشەویستی هاتووە، ڕۆ نەچوو لەو خۆشەویستیەو كاری خراپی نەكرد ئەوە گوناهبار نابێت.[4]

هەروەها دەڵێت: ئـەگـەر تووشـی خۆشـەویـستی بـوو حەڕامیـشی ئـەنجام

Scanned with CamScanner

نـەدا و ئـارامی لەسـەر گـرت، ئـەوکات خـوای گـەورە لەسـەر ئـەو خـۆ پاراستنەی پاداشتی دەداتەوە.[1]

کەوابوو خۆشەویستی شتێکی جوانە، بەڵام کام خۆشەویستی؟! ئەوەی ئێستا لە نێوان کوڕان وکچان دەکرێت بە ناوی خۆشەویستی، ئەوە ئەوەیە کە چەندین ئافرەت پێی ئابڕووی هەتك کراوە و ژیانی لێ تاڵ بووە.

(ابن القيم) دەڵێت: ئێمـە پاڵپشتی لـەو خۆشەویـستیە ناکـەین کـە بـە هۆیەوە خراپەکاری و حەڕام و تاوان دروست دەبێت، بەڵکو ئێمە بـاس لـە خۆشەویـستی پـاك و بێگـەرد دەکـەین، کـە پیـاوێکی بـە ئـابڕوو تووشـی دەبێـت، ئاینەکـەی و داوێـن پاکیەکـەی و شـەهامەتیەکەی ڕێگـای نـادات نێـوان خـۆی وخـوا خـراپ بکات و نێـوان خـۆی و خۆشەویـستەکەشی بـە حەڕام پیس بکات.[2]

ئاگاداربــە... ئاگاداربــە...؟! گریمــان کەسـێك تووشـی خۆشەویستی بوو، ئەوکات دەبێـت ئاگاداری ئـەو خاڵانـەی خـوارەوە بێت، ئەگـەر نـا ئـەوە خۆشەویـستیەکەی بـە هـیچ شـێوەیەك دروسـت نیـە و حەڕامە:

١. نابێت هیچ شتێکی ناشەرعی لە نێوانیانـدا ڕوو بـدات، وەکو گـەڕان بە تەنها و مانەوە لە شوێنێك بـە تـەنها و دەست بـازی کـردن و چـەندین شتی لەم جۆرە، کە ئێستا زۆر بەئاسایی لەنێوان کوڕان و کچاندا دەکرێت.

٢. نابێت ئەو خۆشەویـستیە وای لێبکـات خـودای لـەبیر بەرێتـەوە، یـان

Scanned with CamScanner

ڕەزامەندی ئەو پێش ڕەزامەندی خوا بخات، (ابن القیم) دەڵێت: جاری وا هەیە مرۆڤ بە هۆی عیشقەوە تووشی کوفر دەبێت، وەکو ئەوەی خۆشەویستەکەی دەکاتە خوا بە جۆرێك کە وەك خوا خۆشیدەوێت.. ئەو جۆرە خوا لە خاوەنەکەی خۆش نابێت، بەڵکو ئەوە لە شرکە گەورەکانە.. نیشانەی ئەم جۆرەشیان ئەوەیە ڕەزامەندی عاشقەکەی پێش ڕەزامەندی خوا دەخات.. ئەگەر بڕوانن دەبینین ئەوە حاڵی زۆربەی عاشقەکانە.. پاشان دەڵێت: زۆرێك لە وانەی خۆشەویستی دەکەن بە ڕاشکاوی دەڵێن: شوێنێك لە دڵماندا نەماوە بۆغەیری خۆشەویستەکەمان، بەڵکو خۆشەویستەکەی بە شێوەیەك دەستی بەسەر دڵیداگرتووە، کە بۆتە بەندەی.[۱]

٣. دەبێت ئەو کەسەی تووشی خۆشەویستی بووە لەو کەسانە بێت کە بتوانێت دان بە خۆی بنێت و تووشی گوناه نەبێت، (ابن القیم) دەڵێت: ئێمە باس لە خۆشەویستی پاك و بێگەرد دەکەین، کە پیاوێکی بە ئابڕوو تووشی دەبێت، ئاینەکەی و داوێن پاکیەکەی و شەهامەتیەکەی ڕێگای نادات نێوان خۆی وخودا خراپ بکات و نێوان خۆی و خۆشەویستەکەشی بە حەڕام پیس بکات.[۲]

٤. نابێت ناوی خۆشەویستەکەی لە ناو خەڵکی باس بکات، بۆ ئەوەی ئابڕووی پارێزراو بێت، تاکو لە پێش چاوی خەڵکی ئابڕووی نەچێت.. (ابن القیم) دەڵێت: دەبێت ئەو خۆشەویستیە لە دڵی خۆیدا بشارێتەوە، نابێت لە ناو خەڵکی باسی بکات، نابێت ئابڕووی خۆشەویستەکەی ببات

Scanned with CamScanner

به باسکردنی له ناو خەڵکیدا.[1]

٥. نابێت بۆ گەیشتن بە خۆشەویستەکەی ڕێگای حەڕام بەکار بێنێت، وەکو بچێتە لای فاڵچی و ساحیر و نوشتەکەر و کاری حەڕام بەکاربهێنێت.. (ابن القیم) دەڵێت: ئەگەر هاتوو بۆ گەیشتن بە خۆشەویستەکەی پەنای بۆ شەیتان برد -وەك بچێتە لای فاڵچی و ساحیر- ئەوکاتە ئەو خۆشەویستیە دەچێتە بازنەی شیرك و ستەمەوە[2].

هەر بۆیەش زۆرێك لە زانایان دەڵێن بە هیچ شێوەیەك خۆشەویستی دروست نیە، چونکە دەزانن کەم کەس هەیە بتوانێت ڕەچاوی ئەو خاڵانە بکات و تووشی گوناه نەبێت.

کەوابوو ئێمە ووتەکەی (ابن القیم) دووپات دەکەینەوە کە دەڵێت: ئێمە پاڵپشتی لەو خۆشەویستیە ناکەین کە بە هۆیەوە خراپەکاری و حەڕام و تاوان دروست دەبێت، بەڵکو ئێمە باس لە خۆشەویستی پاك و بێگەرد دەکەین، کە پیاوێکی بە ئابڕوو تووشی دەبێت، ئاینەکەی و داوێن پاکیەکەی و شەهامەتیەکەی ڕێگای نادات نێوان خۆی وخوا خراپ بکات و نێوان خۆی و خۆشەویستەکەشی بە حەڕام پیس بکات.[3]

# کەس پێی شەرم نیە کاری چاك بکات

براکەم: خۆشەویستی بۆ زەواجە، کەوابوو نابێت پەیوەندی بەردەوام بێت، ئەگەر دەزانی ناتوانی ئەو کەسەی خۆشت دەوێت بە زەواج پێی شادبی ئەوە دەس بەرداری بە، چونکە ئەگەر وانەکەی دڵنیابە ئەوە بە ڕوو ڕەشی دنیا و قیامەت کۆتای پێ دەهێنی...

خوشکم: تۆش بە هەمان شێوە لە ئێستاوە ئەگەر کەسێکت خۆشدەوێت، ئەوە مەهێڵە ئەو پەوەیوەندیەت درێژە بکێشێت، بەڵکو بە ڕاشکاوی پێی بڵێ: ئەگەر تۆ منت خۆش دەوێت وەرە داخوازیم ئەگەر نا لە ئێستاوە وازم لێ بهێنە، چونکە کەس لە ئەنجامدانی چاکە شەرم ناکات، چاکە ئەوەیە کە بە پیاوانە لە دەرگای ماڵی کچە بدەی و چ داوات هەیە بیکە، نەك لە پەنای دیوار و بە پەنجەرەکان بچیە ماڵیان بۆ مەبەستی خۆت، ئەوەتە خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿وَلَيسَ البرُ بأن تأتواْ البُيُوتَ مِن ظُهُورِهَا وَلَكِنَّ البرَّ مَنِ اتقَى وَأتوا البُيُوتَ مِنْ أبْوَابِهَا﴾(البقرة:١٨٩)، واتە: چاکە ئەوە نیە کە لە پشتەوە خۆتان بکەن بە ماڵەکانە، بەڵکو چاکە ئەوەیە لە خواترس بن، لە دەرگای ماڵەکان بچنە ژوورەوە.

❐ **ڕاستیەکان دەدووێن:** ئەمە دوو نموونەیە بۆ ئەوەی ڕاستیەکان بدووێن:-

◄◄ مامۆستایەك دەگێڕێتەوە دەڵێت: هەڵوێستی کچێکی مەردیان بۆ گێڕامەوە، کە ئەو کچە کاتێك بەیانیان دەچوو بۆ زانکۆ هەستی دەکرد

Scanned with CamScanner

کوڕێك بە دوای کەوتووە... چەند جارێك تێبینـی ئەمـەی دەکـرد... بۆیـە ڕۆژێکیان بینیی وا کوڕەکە بە دواوەیەتی ڕاست ڕاوە دەستێ و بـە کوڕەکـە دەڵێت: چیت دەوێت دەبینم چەند ڕۆژێکە بە دوام کەوتووی؟!

کوڕەکە دەڵێت: خۆشم دەوێیت.

کچەکەش پێی دەڵێت: دەی مادام منت خۆش دەوێت وەرە داخوازیم.

کوڕەکە دەڵێت: ئاخر دەمەوێت کەمێك قسەت لەگەڵ بکەم.

کچەکە دەڵێت: کە هاتیە داوام ئەوکات چ قسـەیەکت هەیـە دەیکـەین... ئەگـەر هاتیـە داوام باشـە ئەگـەر نـا جارێکـی تـر بتبیـنم بـە دوام دادێـی حەیات دەبەم.

ئینجا کچەکە دەڕوا، کورەکـەش دەزانێـت فێڵەکـەی سـەری نەگـەرت بـە سەر شۆڕی دەڕوات.

⏪ ئـەو کـچەش دەڵێـت: مـن کـچێك بـووم هەمیـشە لـە نێـوان مـن و پەروەردگارمـدا خۆشەویـستی و نزیکیـەك هـەبوو، بـەڵام کـاتێ لەگـەڵ خەڵکدا تێکەڵاو دەبووم و دەسـتم دەکـرد بـەگرنگی پێدانیان، هەسـتم بـە دووری دەکرد لەخواوە، کاتێك چوومە زانکۆ کارەکە قورسـتر بـوو، چونکە بارودۆخەکـە زۆر تێکـەڵاوی تیـا بـوو، کـە لەگـەڵ کوڕانـدا زۆر بـە ئاسـایی مامەڵەم دەکرد، تاکو گەیشتە ئەوەی لەگەڵ یەکێکیاندا بوە پەیوەندیـەکی تایبەت، دەستمان کـرد بـە هاوڕێیـەتی کـردن، هەردووکیـشمان سـور بـوین لەسـەر ئـەوەی، کـە لـە حـەرام دووربکەوینـەوە و پابەنـدی خۆشەویـستی یەکی پاك و بێگەرد بین...

پاشان دەستمان کرد بـەوەی، کـە بەتەلـەفۆن گفتوگۆ بکـەین... منیش کاتی چونە دەرەوەی خێزانەکەمم دەقۆستەوە تاکو لەگەڵی بدوێم، ئەگـەر

Scanned with CamScanner

یەکێك لەخێزانەکەم بهاتایەتە ژورەوە وا قسەم دەکرد ،کە هاوڕێیەکی کچمە، بەڕاستی وەکو ئەوە وابوو، کە دزی بکەم، یان وەکو کەسێك، کە تاوانێکی کردبێت و هەوڵی شاردنەوەی بدات، بێگومان بابەتەکان وردە وردە گەشەیان کردو گۆڕان، وام لێ هات هەندێ جار لەگەڵی دەچوومە دەرێ و، پاشان هەندێ جار بەتەنها دەبوین و پەیوەندیەکەمان شێوەی حەرامی وەرگرت، دەستمان کرد بە ئەنجام دانی هەندێ هەڵە و تاوان، منیش بە نوێژو دینداریە کۆنەکەم وا بیرم دەکردەوە کەشەیتان لێمەوە دوورە و هەرگیز تووشی وەسوەسەم ناکات، ئەو هەموو کات دەیگووت تۆ خۆشت ناوێم ئەگەر خۆشت بویستبام ئەوە هەر چیەکم داوا بکردایە بەگوێت دەکرم -بە بۆچوونی ئەو ئەگەر حەرامم لەگەڵ ئەنجام دابا دەکات خۆشیم دەوێت بە پێچەوانەوە دەکات خۆشم ناوێت- بێ گومان ئەم زۆر لێکردنە چەندەها شتی حەرامی لێکەوتەوە، هەر بۆیە کاتێك دەگەڕامەوە ماڵ دەترسام بخەوم، چونکە لەوانەیە خوا گیانم بکێشێت و من لەخەودام ئیتر چۆن ڕووبەڕووی ببمەوە؟! بە جۆرێك کە هەمیشە لە حاڵەتێکی نائارامی و شڵەژاوییەکی نائاسایی دابووم، پاشان ئەو کوڕە وازی لێ هێنام و بەجێی هێشتم دوای ئەوەی تووشی چەند گیرو گرفتێك بوین لەگەڵ یەکدا، بەڕاستی ئەمە ڕاچڵەکاندنێکی گەورە و گران بوو بۆ من، چونکە دوای ئەوەی بەجێی هێشتم وام دەزانی، کەئیتر کەسێك نییە شایانی ئەوە بێت، کە خۆشم بوێت...

ڕۆژێکیان زانیم دەرسێکی دینی هەیە بۆیە منیش بڕیارمدا کە بچم، بەڵێ بێگومان کە ڕۆیشتم کارەکەم زۆر جیاواز بینی، چونکە لەوەو پێش ئامادەی هیچ وانەیەك نەبوو بووم، مامۆستاکە باسی لە هەستەکانی

Scanned with CamScanner

ئیماندار ئەکرد بەرامبەر پەروەردگاریان و دەبێت چۆن بێت... وانەکە زۆر خۆش بوو، تەنانەت واهەستم دەکرد، کە لە ژیانمدا چاڵێکی زۆر قوڵی تێدا بێت و ئەمڕۆ پڕ بوبێتەوە...

کە چومە دەرەوە حەزم دەکرد باوەش بکەم بەهەموو هاوڕێکانمدا و ماچیان بکەم، وەکو حەز بکەم دەست بهێنم بەسەری هەموو کەسێکدا، بە جۆرێك کە لەیادم چووبووەوە، کە من هەڵەو تاوانم ئەنجام داوە و، یان بەتەمای تەوبە کردنم، وەك ئەوە وابێ دڵنیابم، کە خوای گەورە لێم خۆش بووە، چونکە خوای گەورە زۆر بەخشندەیە، زۆر بەڕەحمە و زۆر زۆر گەورەیە، منیش ئێستا بە فەزڵی خوای گەورە قورئان فێربوومە وفێری خەڵکیشی دەکەم، داواکارم لەخوای گەورە، کە ئەمە بکاتە هۆی هیدایەت دانی زۆرێك لە خەڵکی، هەوڵیش ئەدەم دەستی خەڵك بگرم بەرەو ڕێگای ڕاست، من شتانێك ئەنجام دەدەم، کە هەرگیز بە بیرمدا نەدەهات، سوپاس بۆ خوای گەورە، ئێستا بەڕاستی هەستێکی وام هەیە، کە ئامادەیی تەواوم تێدایە بۆ مردن و زۆر شادمان و دڵخۆشم، هیچ لە مردنیش ناترسم، چاوەڕێی هەموو خێرێکیشم لەخوای بەخشندە. (١)

# ئارم بگره سەردەکەوی

برای بەڕێز: کاتێک کەسێکت خۆش دەوێت دەشزانی مە حاڵە بۆ تۆ ببێت و خۆشەویستیەکەتان بە زەواج کۆتای پێ بهێنن.. ئەوە ئارام بگرە لەسەر ئەوەی لە دڵت دایە بێ گومان خوای گەورە پاداشتت دەداتەوە و لە بری ئەوە کەسێکی باشترت بە قیسمەت دەکا.. مەڵێ ئەگەر بە خۆشەویستی نەبێت زەواج فەشەلە، نەخێر زۆر زەواجمان بینی بە خۆشەویستی بوو بەڵام کۆتاییکەی لێک جیابونە و تەڵاق بوو.. زۆر زەواجیشمان بینی بە خۆشەویستی نەبووە بەڵام کۆتاییەکەی بە ختەوەری بووە.

خوشکی بەڕێز: ئەگەر کەسێکت خۆش دەوێت دەشزانی مە حاڵە بۆ تۆ ببێت و خۆشەویستیەکەتان بە زەواج کۆتای پێ بێت... ئەوە ئارام بگرە لەسەری ئاگاداری خۆت بە نەکەی ژیان و ناوی خۆت بزرێنی... ئارام بگرە خوای گەورەش لە بری ئەو ئارامیەت کەسێکی باشترت بە قیسمەت دەکات... مەڵێ، تەمەنم گەورە بووە ئەگەر بە خۆشەویستی نەبێت کەس منی ناوێت... مەڵێ، ناشیرینم ئەگەر خۆشەویستی نەکەم کەس منی ناوێت... مەڵێ، بۆ ئەوەی زوو شووبکەم با خۆشەویستی بکەم... هەرگیز بیری وا نەکەیەوە... نەکەی ناوی خۆت بەوشێوە بزرێنی... چونکە ڕەنگە ببیە بوکەڵەی دەستی ئارەزووبازان بەخۆشت نەزانی.

◘ **ڕاستیەکان دەدووێن:** بڕوانن بۆ نموونەی ئەو کەسانەی لەبەر خوا ئارامیان گرتووە لەسەر ئەو خۆشەویستەی لە دڵیاندا هەبووە و حەڕامیان ئەنجام نەداوە، خواش تۆڵەی بۆ کردوونەتەوە.

Scanned with CamScanner

◄◄ بڕوانن بۆ ئەو کوڕە ڕەوشت بەرزەش، بزانن چی دەکات لەگەڵ ئەو کچەی کە خۆشی دەوێت، ئەوەی بەسەرهاتەکە دەگێڕێتەوە دەڵێت: من هاوڕێیەکم هەبوو کچێکی زۆر خۆش دەویست... زۆرێك لە هاوڕێکانی، کە لە کۆلێژ لەگەڵی بوون دەیانزانی، کە پەیوەندیەکەیان چەند توند و تۆڵە... ئەم دوانە تەواو بەیەکەوە پەیوەست بوون... بەم شێوە بەردەوام بوون تاکو وای لێهات کوڕەکە تەوبەی کردوو دەستی کرد بەدینداری و ڕووکردنە خوا... بۆیە بەڕاشکاوی بە کچەکەی ووت: من زۆرم تۆ خۆش دەوێت، ناتوانم وازت لێ بهێنم، بەڵام ئێستا لە خوا نزیك بومەتەوە و ناشتوانم دوو خۆشەویستی لە دڵمدا کۆ بکەمەوە، لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا دوو ساڵیشم ماوە، کە زانکۆ تەواو بکەم، جا بۆیە لە ئێستاوە پەیوەندی لەگەڵ تۆدا دەپچڕێنم و خۆشەویستی تۆ لە دڵماد هەڵ دەگرم، تا زانکۆ تەواو دەکەم دوای ئەوە ـ إنشاء الله ـ دێمە خوازبێنیت، چونکە من تۆ بەگونجاو دەزانم بۆ ئەوەی ببی بە خێزانم، هەر بۆیەش بڕیارم داوە، کە بەتەواوی پەیوەندیم بەتۆوە بوەستێنم، تاکو دێمە خوازبێنیت، ئەگەر خوا تۆی لە قسمەتی من نووسیبێت ئەوە دەبیتە خێزانم.

بەڵێ: ئەوەی ئەو کوڕە ووتی جێبەجێی کرد، دوای ئەوەی زانکۆی تەواو کرد چوو خواستی، ئێستاش پێنج منداڵی لێی هەیە، تەنانەت دەڵێت ئێستاش وەك سەرەتاو کاتی مارەکردن خۆشم دەوێت.

دەڵێت: چونکە ئێمە گوێڕایەڵی خوامان کرد و ئەو دوو ساڵە وازمان لەیەکتری هێنا، خوای گەورەش لە پاداشتی ئەو دووساڵەدا هەموو تەمەنمانی پڕ کرد لەخۆشی و شادی و خۆشەویستی.[1]

Scanned with CamScanner

◄◄ کوڕێـک دەڵێـت: مـن لـە فەرمانگەیـەک دەوامـم دەکـرد، ئـەوەبوو ڕۆژێکیان فەرمانبەرێکی کچمان بۆ هات ئەو کچەیان لەو ژوورە دامەزرانـد کە من لێی بـووم... هـەر چەندە مـن چـەند مانگێـک بـوو ژنم هێنـابوو... بەڵام کە ئەو کچە هاتە ئەوەیٚ بینـیم ئـەو ئافرەتـەی پێشتر مـن دەگـەڕام بیکەم بە هاوسـەری ژیـانم ئـەو کـچە هـەموو ئـەو سـیفاتانەی تیابوو مـن دەمویست... ئەو کچە ئەگەرچی هیچ قسەیەکیشی لەگەڵمنـدا نـەکردبوو، بەڵام من تەواو خۆشەویستی ئەو کـچە کـەوت بـوە دڵـم... هەسـتم دەکـرد ڕۆژ بـە ڕۆژ خۆشەویـستیم بـۆ ئـەو کـچە زیـاد دەکـا و ڕۆژ بـە ڕۆژیـش خۆشەویـستیم بـۆ خێزانەکـەم کـەم دەکـات... هەسـتم دەکـرد خەریکـە خێزانەکەم لەبەر چاو بکەوێت، لەکاتێکا ئەو زۆر منـی خـۆش دەویـست... زۆر بیرم کردەوە بۆم دەرکەوت، کە ناتوانم ئـەو ئافرەتـەی خۆشـم دەوێت بیخوازم... ناشکرێ لەبـەر هەوەسـتی خـۆم خێزانەکـەم، کـە بەقد چاوی منی خـۆش دەوێـت تـەڵاق بـدەم و ژیـانی لێ تـاڵ بکـەم!! بۆیـە ئـەوەی بـە چارەم دەزانـی ئـەوەبوو ئـەم فەرمانگەیـە بـە جـێ بهـێڵم و خـۆم نـەقڵی فەرمانگەیەکی تر بکەم... هەر واشـم کـرد لەبـەر خـوا بـۆ ئـەوەی تووشـی خراپە نەبم خـۆم نـەقڵ کـرد دوای ماوەیـەک ئـەو کچەم لـە بیـر چـۆوە و ژیانم گەڕایەوە سەر ئاسای خۆی و ئاسوودەیم بۆ گەڕایەوە.

◄◄ لـەکوفە گەنجێکی خواناس و دیندارهەبوو زۆر جوان بوو، ڕۆژێکیان ئەو گەنجە چاوی بـە کچێـک دەکـەوێت، خۆشەویـستی ئـەو کـچە لەدڵیـدا دەڕوێت، بـەهامان شـێوەش کچەکەش ئـەو کـوڕەی خـۆش دەوێـت، جـا بـۆ ئـەوەی ئـەو خۆشەویـستیەی بـەپاکی ڕابگرێـت و بـێ فـەرمانی خـوای تـێ نەکەوێت، دەچێتە داخوازی ئەو کچە، بەڵام باوکی ئەو کچە داواکـەی ڕەت

دەکاتـەوە و دەڵێـت: مـن کـچەکەم بۆکـوڕی بـرای خـۆم دانـاوە و نایـدەم بەکەسی تر.

کوڕەکە بە دڵ شکاوی دەگەڕێتەوە... ماوەیـەکی پـێ ئەچێت ڕۆژێکیـان کـچەکە نامەیـەك دەنێرێـت بـۆ کوڕەکـە تیـای دەنووسـێت: دەزانم تـۆ زۆر منت خۆش دەوێت... منیش بەهەمان شێوەم... جا ئەگەر حەزدەکەی بە نهێنی دێمە لات، یان ڕێگات بۆ ئاسان دەکەم بێیە ماڵمان.

کوڕەکە لە وەڵام دەنووسێ: ئەگەرچی من تۆم زۆر خۆش دەوێت، بـەڵام هیچ لەم دووانە ناکـەم، لەبـەر ئـەوەی دەترسـم ئەگـەر بـێ فـەرمانی خوا بکەم خوا بە ئاگری بە ئێشی خۆی سزام بدات.

کاتێك ئەم وەڵامە بە کچەکە دەگاتـەوە دەڵێـت: لەگـەڵ ئـەوەی منیـشی خۆش دەوێت کەچی لە خوا ترسیشە... واللەی تۆ کوڕێکی جێی ڕێزی.

پاشان ئەو کـچە تەوبەیـەکی ڕاستگۆیانە دەکا و پـشت لـە دنیـا دەکا و دەست دەکات بە عیبادەت... لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆژ بە ڕۆژ خۆشەویستی ئەو کوڕە لە دڵی زیاد دەکا... تا وای لێدێ وەفات دەکات.

جا هەموو جارێك ئەو کوڕەی خۆشی دەویست بە دڵی سووتاوەوە دێتـە سەر گـۆڕی و بـۆی دەگرێـت و دووعـای خێـری بـۆ دەکـات... ڕۆژێکیـان بـە هەمان شێوە دەچێتە سەر گۆڕی خۆشەویـستەکەی لەسـەر گۆڕەکـە چـاوی دەچـێتە خـەو و خـەوی لێ دەکـەوێت... لـە خـەودا خۆشەویـستەکەی دەبینێ.. لێی دەپرسێت حاڵت چۆنە؟! خۆشەویستەکەی دەڵێت: بـە هـۆی ڕەوشتە جوانـەکانی تـۆوە بـوو مـن تەوبـەم کـرد و خـوا فـەزڵی خـۆی پـێ بەخشیم و لە نیعمەتدام.

کوڕەکە پێی دەڵێت: من تۆم لە بیر نەکردووە ئەی تۆ؟

کچەکە دەڵێت: واللەی منیش تۆم لە بیر نەکردووە، بەڵکو داوام لە پەروەردگارمان کردووە بە یەکتریمان شاد بکات، تۆش دووعا بکە.

کوڕەکە لێی دەپرسێت: کەی بە دیدارت شاد دەبم؟! دەڵێت: لەم نزیکانە بە یەك شاد دەبین، ئەم کوڕە دوای هەفتەیەك وەفات دەکا. (1)

Scanned with CamScanner

## چارەسەری خۆشەویستی

لە ڕاستیدا خۆشەویستی نەخۆشی نیە تاکو چارەسەری بۆ دابنرێ، بەڵکو خۆشەویستی چارەسەرە بۆ زۆرێک لە کێشەو گرێ دەروونیەکان، بەڵکو پزیشکەکان بۆ چارەسەری نەخۆشی دەروونی خەڵکی هاندەدەن بۆ چاندنی خۆشەویستی لە دڵیاندا، چونکە لەگەڵ خۆشەویستی ئارامی دەست بەسەر دڵدا دەگرێت، بێ ئومێد و دڵە ڕاوکێ لادەبات...

بەڵام کاتێک دەبێتە نەخۆشی کە لە سنووری دیاری کراوی خۆی لایداو تێی پەڕاند، یان لە شوێنی مانا پاك وجوانەکەی خۆی لادرا، ئەوکات دەبێتە نەخۆشی وپێویستی بە چارەسەر هەیە.[١]

## جیاوازی نێوان عیشق و خۆشەویستی

(د.صهباءبندق) دەڵێت: عیشق لە ڕوانگەی پزیشکیەوە نەخۆشیەکی دەروونیە.. بۆیە خراپە و لۆمە لێکراوە... چونکە مرۆڤ بێ هێز دەکا و ئیرادەی لە دەست دەدات... عیشق هەڵقوڵاوی چەندین خەیاڵاتی ئارەزووات و ئاواتی کپکراوی و داڕووخاوە... جا بۆیە عیشق هەستێکی نەخۆشە و تەندروست نیە...بەڵام خۆشەویستی هەستێکی واقعی ڕۆشن و جوانە، وا لە مرۆڤ دەکا هەستی خۆشەویستی لە ناخی مرۆڤدا بڕوێت.[٢]

Scanned with CamScanner

(د.عبد الناصر كعدان)* دەڵێت: شارەزایان دەڵێن: عیشق شێوەیەكی ڕۆچوونە لە خۆشەویستی، هەر بۆیەش عیشق بە جۆرێك لە نەخۆشی دانراوە، كە ئەم عیشقە لە ئەنجامی ڕۆچوونێكی زۆر لە خۆشەویستی دروست دەبێت، ئەم عیشقە شوێنەواری خراپی دەبێت لەسەر جەستەی عاشق، ئەوە جگە لەو كاردانەوە خراپانەی، كە لەسەر هەڵس و كەوتی عاشق دروست دەبێت، كە زۆر جار مرۆڤ بۆ هەڵدێر دەبات، چونكە كاری گێلانە ئەنجام دەدات.(١)

(ابن القيم) دەڵێت: لەو عیشقەدا نە سوودی ئاینی هەیە نە سوودی دنیای هەیە، بەڵكو زیانی ئاینی و دنیایی زۆر زۆری تیایە لە بری سوود و قازانج.(٢)

پزیشكی یۆنانی (أبقراط/Hypocrites) دەڵێت: عیشق حەزێكە لە دڵدا سەر هەڵدەدا، هەر كاتێك ئەو حەزە زیاد بكات ئەو مرۆڤە زیاتر پەرێشان دەكات.. جا ئەوكات تووشی پەژارەی و بێ هۆشی دەكات، تاكو بەرەو شێتی دەبات، ئەوكاتی عاشق یان خۆی دەكوژێت، یان لە خەفەتا دەمرێت.(٣)

(ابن سينا) دەڵێت: عیشق نەخۆشیەكە لە وێنەی (بالمالينخوليا/Melancholy).(٤)

## مانای عیشق:

ووشەی عیشق نە لە قورئان نە لە حەدیس نە هاتووە، تەنها لەو حەدیسەدا هاتووە کە (موضوع)ـە: «مَن عَشقَ فعفَ فكتم فمات فهو شهيد». [1]

(ابن منظور) دەڵێت: عیشق ڕۆچوونە لە خۆشەویستی. [2]

(ابن فارس) دەڵێت: عیشق تێپەڕینە لە سنووری خۆشەویستی. [3]

(ابن القیم) دەڵێت: عیشق ڕۆچوونە لە خۆشەویستی. [4]

(أرسطاطالیس) دەڵێت: عیشق کوێربوونی هەستە بەرانبەر عەیبی خۆشەویستەکەی. [5]

(أرسطو) دەڵێت: عیشق نەفامیەکە بەسەر دڵێك دادێت کە بەتاڵە، نە بازرگانی تیایە نە پیشەشی تیایە. [6]

(أفلاطون) دەڵێت: عیشق جوولەیەکە لە دڵێکی بە تاڵەوە سەر هەڵدەدات. [7]

(د.عبد الناصر کعدان)دەڵێت: عیشق شێوەیەکی ڕۆچوونە لە خۆشەویستی. [8]

Scanned with CamScanner

# خۆشەویستی پێش زەواج یان دوایی؟!

ئایا ژیانی هاوسەری بەخۆشەویستی دروست بێت باشترو سەرکەتوو ترنیە؟

مەرج نیە هەر ژیانی هاوسەریەك بەخۆشەویستی دروست بوبێت باشتر و سەرکەتووترە، لەبەر دوو هۆ:-

**یەکەم:** ئەوەی ئێستا بە ناوی خۆشەویستی دەکرێت بە گوناه و تاوان دەست پێ دەکات، کە نامە گۆڕینەوە و گۆڕینەوەی ووشەی عاتفی و گۆڕینەوەی وێنە و مانەوە بەتەنها لەگەڵ یەك و دەست بازی کردن و...... هتد، کە هەموو کەسێکی نەفامیش دەزانێت ئەم کارانە حەڕامە، هەر شتێکیش سەرەتاکەی بە حەڕام دەست پێ بکات ئەوە سەرکەوتوو نابێت و کۆتایەکەی بە خراپە دەبێت.

**دووەم:** متمانە لە نێوانیان نامینێت ئەوەش سەردەکێشێت بۆ هەڵوەشانەوەی خێزان، چونکە پیاوەکە دەبینێت ئەو ئافرەتە خیانەت و درۆی لەگەڵ باوك و دایکی کردووە کاتێك مەوعیدیان هەبووە و هاتۆتە لای، ئەی چۆن درۆ لەگەڵ ئەو ناکات، پاشان ئەو شتانەی بیر دێتەوە کە لەگەڵی ئەنجامی داوە، ئەوکات وا دادەنێت خێزانەکەی لەگەڵ هەموو کەسێك وایە.. ژن و مێردیش ئەگەر متمانەیان لە نێوانیان نەبوو ئەوە سەرکەوتوو نابن و ئەگەر لێکیش جیانەبنەوە ئەوە بەردەوام شەڕ و هەرایان دەبێت.

Scanned with CamScanner

(إسماعيل عبدالباری) مامۆستای كۆمەڵایەتی توێژینەوەیەكی لەسەر (١٥٠٠) خێزان ئەنجامدا بۆی دەركەوت (٧٥٪)ی ئەو خێزانانەی بە خۆشەویستی پێك هاتووە ئەوە سەرەنجامی بە تەڵاق كۆتای هاتووە، بەڵام ڕێژەی تەڵاق لەناو ئەو خێزانانەی بەخۆشەویستی پێك نەهاتووە لە(٥٪)ـە.

(سول جور) زانایەكی كۆمەڵناسی فەرەنسیە توێژینەوەیەكی لەو بارەوە كرد ئەنجامەكەی بەم شێوە بوو:
ئەو خێزانانە سەركەوتوو دەبن كە پێشتر خۆشەویستیان نەكردووە، لە (٨٥٪)ی ئەو خێزانانە سەركەوتوو نابن كە بە خۆشەویستی پێك هاتووە[١].

(د. خدیجە علوی) مامۆستای كۆمەڵایەتی دەڵێت: زۆربەی ئەو خێزانانەی بە ناوی خۆشەویستی دروست بوونە فەشەل دێنن، چونكە هەر لەسەرەتاوە لەسەر خەیاڵات ئەو خێزانەیان پێك هێناوە.[٢]
پرۆفیسۆر (سیندی هازان) لە زانكۆی كۆرنیل لە نیویۆرك لەساڵی ١٩٩٧ دیراسەی لەسەر (٥٠٠٠) ژن و پیاو كردووە كە سەر بە (٣٧) كولتوری جیاوازن لە جیهان... دیراسەكە بریتی بوو لە كۆمەڵێك تاقی كردنەوەی بایۆلۆژی و دەروونی... ئەنجامەكەش ئەوەبوو كە هیچ ئەوینێك ناتوانێت بە بەردەوامی ژیان بمینێتەوە...[٣]
جا بۆیە مرۆڤی ژیر خۆی بپارێزێت لە خۆشەویستی باشە چونكە لە (٩٥٪)ی پەیوەندیەكان بە زەواج كۆتایی نایەت، كەواتە دڵی كچ بریندار

Scanned with CamScanner

دەبێت و ئەشكێت.. ئەگەر كوڕەكە تووشی ئازاری دەروونی بێت، ئەی كچەكە چۆن دەبێت؟ چونكە سروشتی ئافرەت وایە دەرون و نەفسیەتی دەشكێت كاتێك پەیوەندیەكەی فەشەل دەهێنێت.[1]

☐ ڕاستیەكان دەدووێن: بڕوانن بۆ بەسەرهاتی ئەوانەی دوای خۆشەویستی زەواجیان كردووە.. بەلام لەبەر بێ متمانەیی نێوانیاندا بزانن ژیانی خۆشەویستیان لێ دەبێتە دەردە سەری و ناخۆشی:-

◂◂ (شەرمین) ئەو ئافرەتە (١٣) ساڵەیە، كە ئەو ڕووداوەی بەسەرهاتووە دەڵێت: من لە پۆلی یەكەمی ناوەندی دەمخوێند كوڕێك بە ناوی (فەتاح) كە سەیارەیەكی بی ئێمی ڕەنگی سووری پێ بوو هەموو ڕۆژێك دەهاتە سەر ڕێگام و وازی لێ نەدەهێنام و دەیگووت: دەبێت لەگەڵمدا سواربیت، چەندین جار ڕام دەكرد لە دەستی، بەلام (فتاح) ئەوەندە چاوی قایم بوو هەر دەهاتەوە دوام، وەك بڵێی شێتانە عاشقم بووبێت[2] (فتاح)تەمەنی(١٨)ساڵ بوو، بەلام هێندەی كابرایەكی(٥٠)ساڵی دەزانی، ڕۆژانە دەهاتە سەر ڕێگای كچان، جا كاتێك منی بینیبوو بەرۆكی بەرنەدەدام.

---

(١) تێبینی: ڕەنگە بگوترێ ئەی بۆ هێندێ كەس بە خۆشەویستی ژیانی هاوسەریان پێك هێناوە، كەچی ژیانیا بە تەلاق كۆتایی پێ نەهاتووە؟! ئێمە نەمان ووتوە لە (١٠٠٪) فەشەڵ دێنێت، بەلام بشزانن ئەوانەی سەركەوتوو دەبن، ئەوانەن، كە بێ شەرعی و بە دڕەوشتیان لە نێواندا ڕوونەداوە، بەڵكو نیازیان بەڕاستی زەواج بووە، نەك خیانەت. بڕوانە باسی: (ئارام بگرە سەردەكەوی) چیرۆكێكی بەسوود لەوێ هەیە.

(٢) ئافرەت ئەگەر پۆشاكێكی شەرعی پۆشی بێت و بۆ خۆی لە دوای ئەو كارانە نەگەڕێت، ئەوە هەرگیز كوڕ ناتوانن بە زۆر ڕێگای پێ بگرن.

Scanned with CamScanner

ڕۆژێکیان وەکو هەموو ڕۆژەکانی تر بەشوێنمدا هات و بە چاوێکی پڕ لە گریانەوە بەرەو پیلم هات، بەڵام چ گریانێك وەکو ڕێوی تا بڕوای پێ هێنام کە خۆشم بوێت، ئەو بەقسە شیرینەکانی دەیگووت: دنیا دەخەمە ژێر پێتەوە، هەرچی تۆ داوای بکەی بۆتی جێبەجێ دەکەم، تۆ چاوەکانی منی کە دنیای تیا دەبینم، منیش وامدەزانی (فتاح) زۆر منی خۆش دەوێت، نەمدەزانی بە درۆیەتی، بەڵام من بە قسە فڕ وفێڵەکانی بڕوام کرد و گووتم: (فتاح) گیان مەگری منیش تۆم خۆش دەوێت[1] بەڵام لای کەس باسی مەکە، کە گوێی لەو قسەیە بوو لە خۆشیا بە پەلە سواری سەیارەکەی بوو ڕۆی ووتی دوایی دەتبینمەوە، منی نەفام و دڵسافیش کە چوومەوە هەر بیرم لە گریانەکەی (فتاح) دەکردەوە و بۆی دەگریام وام دەزانی منی زۆر خۆش دەوێت، جا خوا خوام بوو بەیانی بێتەوە تاکو (فتاح) ببینم.

بەڵێ: بەیانی وەکو هەموو ڕۆژانی تر سەعات (٧/٣٠) دەچووم بۆ قوتابخانە، بەڵام بینیم (فتاح) بەخەندەوە چاوەڕوانم دەکات دواتر منی برد بۆ قوتابخانە، هاوڕێکانم هەمووی منیان بینی کە لەگەڵیدام زۆر نیگەرانیش بوون بەڵام بە ڕویاندا نەهێنام، منیش ئەوەندە (فتاح)م خۆشدەویست قسەی خەڵکیم بەلاوە گرنگ نەبوو تەنها (فتاح) لێم ڕازی بێت ئەوە بۆ من هەموو شتێك بوو[2] هیچ بیرم لای خوێندن نەمابوو،

---

(١) بڕوانە: ئافرەت چەند زوو بەو قسانە هەڵدەخەڵەتێن و دەکەونە داوەوە.

(٢) بڕوانە: لێرەدا ووتەکەی (ابن القیم)ممان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە دەڵێت: (جاری وا هەیە مرۆڤ بە هۆی عیشقەوە تووشی کوفر دەبێت، وەکو ئەوەی خۆشەویستەکەی دەکاتە خودا، بە جۆرێك کە وەك خوا خۆشیدەوێت.. ئەو جۆرە خوا لە خاوەنەکەی خۆش نابێت، بەڵکو ئەوە لە شرکە گەورەکانە.. نیشانەی ئەم

Scanned with CamScanner

بەڵكو بیرم تەنها لای (فتاح)بوو، ئەوەبوو ماوەی مانگێك لەگەڵ (فتاح) دەهاتمە قوتابخانە بەبێ ئەوەی دایکم پێی بزانێت، بەڵام ڕۆژێکیان ماموستاکەمان پێی زانی بۆیە بانگی کردم و گووتی: ئەو کوڕەی تۆ دێنێتە قوتابخانە کێیە؟

ووتم: کوڕی پورمە، بەڵام ماموستاکەمان لە من زیرەکتر بوو پێی ووتم: بەیانی دایکت بێنە، کە ئەو قسەیەی کرد زۆر تێکچووم بۆیە بڕیارمدا واز لە قوتابخانە بێنم، ئەوەبوو وازم لە قوتابخانە هێنا، جا بەیانیان لە ماڵ دەر دەچووم تاکو نیوەڕۆ لەگەڵ (فتاح)دا پیاسەمان دەکرد.. دایکیشم وای دەزانی من لە قوتابخانەم، ڕۆژێکیان (فتاح) منی بردەوە بۆ ماڵی خۆیان، بینیم ماڵیان زۆر خۆشە پێدەچوو زۆر دەوڵەمەندبن، پێی ووتم: (شەرمین) من تۆم زۆر خۆش دەوێت ئەگەر تۆ بۆ من نەبیت، یان شێت دەبم، یان سەر هەڵدەگرم و دەڕۆم لە کوردستان نامێنم، منیش ووتم: ئەوە کەی کێشەیە وەرە داوام ئەوکات نە شێت دەبی نە سەریش هەڵدەگری، بەڵام ئەو زۆر شەیتان بوو ووتی: ئاخر من دێمە داوات، بەڵام باوکم دەڵێت: تۆ منداڵی تاکو نەبیە (٢٥) ساڵ من ژنت بۆ ناهێنم، جا ئەگەر تۆ خۆتم تەسلیم بکەیت ئەوکات باوکم بە ناچاری تۆم بۆ دێنێت، شەرمین گیان مەبەستم خراپ نیە بە خراپی لێم تێمەگە من ئەو کارەم تەنها لەبەر خۆشەویستی تۆیە[1]، کە ئەو قسەم لە (فتاح) بیست دنیا لە پێش چاوم تاریك بوو، ئەوکات بۆم دەرکەوت، کە (فتاح)

---

جۆرەشیان ئەوەیە ڕەزامەندی عاشقەکەی پێش ڕەزامەندی خودا دەخات.. ئەگەر بڕوانن دەبینین ئەوە حاڵی زۆربەی عاشقەکانە..

(1) بڕوانە: دەیەوێت ئابڕووی بەرێت دەڵێت ئەوە لەبەر خۆشەویستی تۆیە.

Scanned with CamScanner

منی خۆش ناوێت، بەڵکو حەزی لێکردووم و تەنها بۆ دامرکاندنەوەی ئارەزوواتی خۆی منی هێناوەتە ئێرە، بۆیە زلیەیەکی توندم لە بنا گوێی داو ڕامکرد، (فتاح)یش بە دوام کەوت و منی گرت و ئەوەندەی لێدام تاکو ئاگام لە خۆم نەما، تەنها ئەوەندە نەبێت، کە هەڵسامەوە زانیم ئابڕووی بردووم، (فتاح)یش لەبەر دەممدا وەستابوو دەیووت: خەفەت مەخۆ تۆ دەبیت بەخێزانی من دایکم دەنێرمە داوات، جا کاتێک گەڕامەوە ماڵ دایکم بینی زۆر پەشۆکاوم ووتی: کچم چی بووە؟

ووتم: هیچ نەبووە ئیمڕۆ تاقی کردنەوەمان هەبوو خراپم وەڵام داوەتە... ئەوەبوو (فتاح) دوای مانگێک هاتە داوام و بووم بە خێزانی، بەڵام دایکم ئەو هاوسەر گیرییەی پێ خۆش نەبوو، کەچی لەبەر دڵی من بە ناچاری ڕازی بوو، چونکە من هەر دەمگووت: دایە من تەنها (فتاح)م دەوێت، بۆیە دایکم دەیزانی شتێک ڕوویداوە، بەڵام بە ڕوویدا نەدەهێنام، زۆر جاریش دەمبینی دایکم بە کزی لە سوچێکی ماڵەکەماندا دانیشتووە دەگریێت، کە دەمگووت: دایە بۆ دەگریت فرمێسکەکانی دەسڕیی...

بەڵێ ڕۆژ هات و ڕۆی من و (فتاح) لە گەڕەکێك لە گەڕەکەکانی شاری هەولێر پێکەوە ژیانمان بەسەر دەبرد، بەڵام (فتاح) متمانەی بە من نەبووو دڵی لە من پیس بوو، هەموو جار پێی دەگووتم: تۆ کچێکی بێ ڕەوشتی ئەگەر نا چۆن خۆت تەسلیمی من دەکرد، ئاخۆ چەندین کەسی ترت وەکو من لە خشتە بردووە، بەڵام ئاااااخ من کەر بووم تۆم کرد بە هاوسەری خۆم، هەر دەبێت ئەو دڕکەت لەبن پێ دەربێنم...

(فتاح) زۆر سوکایەتی پێ دەکردم بە جۆرێك، کە ڕۆژانە لێی دەدام و دەیگووت: بڕۆ ئەگەر کەمێك ئینسانیەتت هەبێت ئەوە ئەو هەموو

سوکایەتیەت پێ دەکەم بۆ ئەو ماڵە جێ ناهێڵی چاوت ئەوەنـدە قایمـە لـە پـێش چـاوم وەکـو سـەگت لێهـاتووە، منـیش بـە دەم گریانـەوە دەمگـووت: (فتـاح)گیـان ئـەی خۆشەویـستیەکەمان بـۆ کـوێ چـوو، ئـەی هـەموو جـار نەدەگریای و دەتگووت ئەگەر تۆ بۆ من نەبیت، یان شێت دەبم یان سـەر هەڵدەگرم، ئەی بۆ بیر لەو ڕۆژانە ناکەیتەوە، (فتاح)گیان ئـەوە بزانـە مـن ئافرەتێکی بێ ڕەوشت نیم، کوا من خۆم تەسلیمی تۆ کردووە؟! ئەی بـیرت نایەت ئەوەندەت، لێـدام تـاکو ئاگام لـە خـۆم نـەما کـاتێکیش بـە ئاگاهـاتم ئابڕووت بردبووم...

بۆ ماوەی چوار ساڵ ئەوە حاڵی من بـوو، جا چـونکە مـن بـە هەوسـتی خۆم شووم پێ کردبوو، هەموو سوکایەتیەکم قبوڵ دەکرد، لـە مـاوەی ئـەو چوار ساڵە منداڵێکیشمان بوو هەر بۆیـە دەمگـووت: ڕەنگـە لەبـەر خـاتری ئەو منداڵە کەمێك باشتر بێت، بەڵام ڕۆژ بە ڕۆژ خراپتر دەبوو...

ئەوەبوو ڕۆژێکیان دەمـەو ئێـوارە بـوو (فتـاح) هاتـەوە ووتـی: شـەرمین وەرە ژوورەوە هێنـدێ ئـیشم پێتـە، کاتێـك چـوومە ژورەوە (فتـاح) وەکـو جـاران نـەمابوو وەك بڵێـی گـۆڕاوە کـەمێك فرمێـسکی درۆینـەی ڕەشـت، پاشان ووتی: شەرمین گیـان مـن تـۆم زۆر خـۆش دەوێـت نـاتوانم بـە هـیچ شێوەیەك دەست بەردارت بم، بەڵام دەمەوێت پێت بڵێم من پـێش ئـەوەی تۆم خۆش بوێت کچێی ترم خۆش دەویست، ئێستاش ئەو کـچە دەبێـت بـە هاوسەرم، چونکە وەکو تۆ ئەویشم ئەتك کردووە، جا ماڵی باوکی ووتیانە، یان هەر دووکتان دەکوژین، یان بە زووتـرین کـات دەبێـت لـە خـۆتی مـارە بکەیت، کە ئەوەم لە (فتاح) بیست پێش چاوم تاریك بوو و هەزار جنێـوم پێـدا، ئـەویش قـۆڵی گـرتم ولەگـەڵ منداڵەکـەم بـە دەری نـام، گریـانی

منداڵەکەشم دنیای پڕکردبوو هەر بۆیە جیرانەکانمان هاتن لە (فتاح) پاڕانەوە، کە وازم لێ بهێنێت، کەچی ئەو دەیگووت: ئێوە نازانن ئەو ژنە چۆن جەرگ و هەناوی منی ڕەش کردووە، دەگریا و هاواری دەکرد بەس تۆ لە کۆڵم بەرەوە ماڵ و سەروەت و سامانم هەمووی بۆ تۆ، ئەوە بەس لەبەر ئەوەی لەبەر چاوی دراوسێکان خۆی باش بکات و منیش تاوانبار بکات...

ئەوە نزیکەی یەك ساڵ دەبێت من و منداڵەکەمی دەرکردووە و ئەو کچەی هێناوە کە ئەتکی کردبوو، جا بۆیە من تاکو دەمرم ئامادەم شوو نەکەمەوە، چونکە بڕوام نە بە پیاوان ماوە نە بە خۆشەویستی.[1]

منیش بەو خاتوونە دەڵێم: نەخێر وانیە جەنابت پیاوێکت هەڵبژاردووە، کە هەر لەسەرەتاوە خیانەتی لێکردووی ئەی دواتر چۆن خیانەتت لێ ناکات، بۆ خۆشت چونکە لەسەر گوناه و دوور لە دین ژیانی هاوسەریت پێك هێناوە بۆیە وات بەسەر هاتووە، ئەوەتە خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَمَنْ أَعْرَضَ عَن ذِكْرِي فَإِنَّ لَهُ مَعِيشَةً ضَنكًا وَنَحْشُرُهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ أَعْمَىٰ﴾(طه: ١٢٤).

واتە: هەر کەسێك پشت بکاتە دینی ئیسلام، کە سەر چاوەکەی قورئانە، ئەوە ژیانی لێ ناخۆش و تەنگ دەبێت، ڕۆژی قیامەتیش بە کوێری حەشری دەکەین.

◄◄ ڕۆژێکیان بە گەنجێکم ووت: بۆ ژن ناهێنی خۆ تەمەنت گەورەیە؟! لە وەڵامدا ووتی: مامۆستا ئەوەی ڕاستی بێت متمانەم بە ئافرەت نیە...

Scanned with CamScanner

منیش ووتم: بۆ؟

ووتی: لەبەر ئەوەی من (٧) ساڵ پەیوەندیم لەگەڵ ئافرەتێک هەبوو بە ناوی خۆشەویستی، من دەزانم چیمان کردووە بۆیە وا دەزانم هەموو ئافرەتێک ئاوایە.

⏪ ئەو کورە لاوەش بە عیشقێکی نەفامانە دوای خواستنی ئەو کەسەی عاشقی ببوو چ زیانێکی ئابووری لێ دەدرێت، مامۆستایەک بۆی گێڕامەوە ووتی: گەنجێک هەموو ڕۆژێک دەچووە (اسواق سیروان) چاوی دەگێرا بۆ کچان، وا ڕێک دەکەوێت چاوی بەکچێک دەکەوێت دەست بەجێ مەستی دەبێت، ئەوەبوو ئەو کورە دەچێتە خوازبینی ماڵی باوکی کچە ڕازی دەبن، بەڵام بە سەد هەزار دیناری سویسری ئەوکات[1] کوڕەکەش ڕازی دەبێت، کوڕەکە کچەکە دەگوازێتەوە، دوای چەند مانگێک دەبێتە مشت و موڕیان هەر بۆیە پێکەوە ناتوانن بژین، کوڕەکە دەیەوێت تەڵاقی بدا، بەڵام ماڵی کچە و کچە بۆ خۆی ڕازی نابێت، دوای بێنە و بەردێکی زۆر ماڵی کچە ڕازی دەبن تەڵاقی بدا، بەڵام دیسان بە سەد هەزار دیناری سویسری، بەڵێ کوڕە تەڵاقی دەدات بەرانبەر بەو پارەیە.

⏪ ئەو ئافرەتەش یەکێکە لە هەزاران قوربانی لەم جۆرە کە دوای خۆشەویستی ژیانی هاوسەری پێک دێنن، بەڵام پاشان چیان بەسەر دێت؟! بابۆ خۆی بۆمان بگێڕێتەوە.

(شادی) دەڵێت: من لە پە یوەندی خۆشەویستیم لەگەڵ کوڕێک هەبوو بە ناوی"دانا " ڕۆژێکیان چوومە ماڵی داپیرم و لەپڕ"دانا" هاتە ژووری،

Scanned with CamScanner

چونکه داپیرم به تەنها دەژیا، لەگەڵ ماڵی"دانا "ش یەك ماڵ بوون.

جا"دانا" هاتوو گەردن ئازادی لە داپیرم خواست، کەوا گوایە بەیانی سەفەر دەکات بۆ وڵاتی تورکیا و داپیریشم زۆر قسەی لەگەڵدا کرد، بەڵام بێ سوود بوو.

بە لێ ئەو ڕۆژە من زۆر دڵم توونند بوو لەگەڵ داپیرم زۆر گریام، بەڵام داپیرم نەیدەزانی چی لە ناخی مندا هەیە، لەوکاتەدا خۆشەویستیی ئەو کوڕە چووبووە ناخم و هەموو کاتیك ئازاری دەدام وەك بڵێی بە درێژایی تەمەنم پەیمانی خۆشەویستی لە نێوانماندا هەبووبێت. دوایی نزیکەی ٩ مانگ"دانا" گەیشتە وڵاتی سوید.

منیش کە درێژەم بە خوێندن دابوو لە یەکێ لە کۆلێژەکانی زانکۆی سەلاحەدین بە قوتابی وەرگیرام.

ئەوەبوو ڕۆژێکیان لە یانەی کۆلیژ لەگەڵ دوو هاوڕێی ترم دانیشتبووم لە ناکاو بینینم کوڕێك لە هاوشێوەی دانا هاتە بەر چاوم، دوو جار دەستم بەچاوانم داهێنا وامزانی خەو دەبینم، هاوڕێکانم وتیان بۆ وات لێهاتووە؟ ووتم هیچ نیە.

دواتر کە چوومە پێش، بۆم دەرکەوت کە دانایە، ئەو ڕۆژە لەیادمە تاقیکردنەوەمان هەبوو، بەڵام نەمتوانی بچمە ژووری تاقیکردنەوە، بەڵکو لەگەڵ "دانا" لە یەکێ لە سووچەکانی یانە دانیشتین و باسی خۆی و ئیش و کاری خۆی بۆ دە کردم لە دەرەوەی وڵات، هەروەها باسی ئەوەشی دە کرد کەوا، تا ئێستا مافی پەناهەندەیی وەرنەگرتووە، بەڵام بە پاسەپۆرتی یەکێ لە هاوڕێکانی گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان تەنها بۆ بینینی"من" دوای ٢٠ ڕۆژ مانەوە لە کوردستان جارێکی تر گەڕایەوە بۆ سوید و منیش ژمارەی مۆبایلی خۆمم پێدا، ئەوەبوو زۆربەی کات پەیوەندی پێوە دەکردم، منیش بوومە قۆناغی ٣ ی کۆلێژ و "دانا " مافی

Scanned with CamScanner

پەنابەری وەرگرت و گەڕایەوە کوردستان و لەو سەفەرەدا هاتە خوازبێنیم، بەڵام دایک و باوکم لەبەر ئەوەی کە زۆریان خۆش دەویستم ئامادە نەبوون دەستبەرداری من بن، بۆیە منیش قسەم لەگەڵ دانا کرد، کەوا من نایەم بۆ هەندەران و ناتوانم دایک و باوک و براکانم جێ بهێڵم، چونکە من تاقانەی دایک و باوکم بووم.

ئەویش گوتی گرنگ نییە و من لە کوردستان دەمێنمەوە بەس تۆم هەبێ هەمووکات ئەو قسەیەی دەکرد کەوا من لەبەر خۆشەویستیی تۆ ژیانی دەربەدەریم هەڵبژاردووە.

"شادی" بە گریانەوە گوتی: منیش باوەڕم پێ کرد هەر بۆیە دایکم قسەی لەگەڵ کرد، کەوا نەگەڕێتەوە، ئەویش بەڵێنی دا سوێندی خوارد، کە نەگەڕێتەوە بۆ هەندەران.

من لە قۆناغی ٣ ی کۆلێژ بووم مارەکرام و دوای دوو مانگ دانا منی گواستەوە، دواتر من و دانا تەنها ٥ مانگ پێکەوە بووین، ڕۆژێک گوتی کارێکی گرنگم هەیە دەبێ بچم بۆ سلێمانی و گوتی لەوانەیە دوو شەوم پێ بچێت تۆش دەبەمەوە ماڵی باوکت.

بەڵێ "دانا" دوای مەغریب منی بردەوە ماڵی باوکم، گوتی بەیانی زوو دەچم بۆ سلێمانی هەر ئەم چوونە سلێمانیە بوو ئەمە بۆ نزیکەی دوو ساڵ و یەک مانگە هەر چاوەڕێی گەڕانەوەی دانام، بەڵام ئەو دانایەی کەوا منی داخ کرد، ئەو دانایەی تەنانەت ئەو کچەی هەمانە لە سۆزی باوکایەتی بێ بە شی کرد، بۆیە ناوم لە کچەکەم ناوە "خۆزگە" ئەو کاتە کەوا ڕۆیشت دوای یەک هەفتە بە تەلەفۆن لە وڵاتی سوید تەلەفۆنی بۆ کردم و گوتی بمبوورە ناتوانم جارێکی تر من لە کوردستان بژیم، منیش

Scanned with CamScanner

زۆر هەوڵم دا قسەی لەگەڵدا بکەم بەڵام بێ سوود بوو و تەلەفۆنی لەسەرم داخست، تا ئێستاش نازانم هەر وەڵامم ناداتەوە، کاتێك کە من قۆناغی دووەم بووم لە کولێژ دایکی دانا کۆچی دوایی کرد هەر لە داخی ئەو کوڕەش کۆچی دوایی کرد، چونکە جگە لە "دانا" هیچ کەسێکی تری نەبوو، بەڵام وابزانم منیش دووەم کەسم کە لە داخی "دانا" بۆ هەتا هەتاییماڵئاوایی لە ژیان دەکەم. (١)

Scanned with CamScanner

# حەبێك بۆ چارەسەری خۆكوشتن

ئەگەر ئافرەتێك دڵداری كردبوو و هەندێ وردە تاوانیشی كردبوو، یان كوڕەكە وێنەی كچەكەی گرتبوو، یان دەنگی تۆماركردبوو، یان نامەی كچەكەی پێبوو، یان هەر شتێكی لەو جۆرە بەو شتانەش هەڕەشەی لە كچەكە دەكرد، ئەوە چارەسەری چییە؟

ئامۆژگاری ئەو ئافرەتانە دەكەم كە تووشی ئەو تاوانە خراپانە بوونە، پاشان ئەو ئافرەتە بەڕاستی پەشیمان بۆتەوە، ڕێگای خۆكوشتن نەگرێتە بەر لەبەر ئەوەی ئەو كارە ڕوو ڕەشی دنیاو قیامەتی تیایە.. بەڵكو پێویستە لەسەر ئەو ئافرەتانەی كە تووشی كاری وا بوونە ڕووبكەنە خوا و پشتی پێ ببستن و تەوبەیەكی ڕاستگۆیانە بكەن و بگەڕێنەوە بۆ لای خوا، پاشان پێویستە ئەو ئافرەتە لەو گورگە بەشەرییە پیسە نەترسێت، پێویستە لەسەری كەسێك كە لە خواترس و جێگای باوەڕ بێت ئاگادار بكاتەوە، یان دۆستێكی جێگای باوەڕی بەم كارە ئاگادار بكاتەوە، تاكو بە توندووی هەڕەشە لەو تاوانبارە بكات و ئاگاداری بكاتەوە و پێی بڵێت ئەگەر واز دێنی باشە ئەگەر نا تەمبیەت دەكەین، چونكە ئەو تاوانبارە لەو كارەی كردوویەتی بێ هێز و توانایە و دەترسێ، جا بۆیە پێویست ناكات لێی بێ دەنگ بیت، یان لێی بترسێی ئەگەر چەند بەهێزیش بێت، یان ئەگەر دەكرێت پۆلیسی لێ ئاگادار بكەوە.

پاشان بیری ئەو كوڕە سەرگەردانەش دەخەینەوە كە تووشی كاری وا بووە، یان لەگەڵ ئەو ئافرەتە تووشی تاوانی زینا بووە، پێویستە لەسەری بیر بكاتەوە لەو كارە حەڕامەی كە تووڕەیی خوای لەسەرە، خوای گەورەش بەتوانایە بەوەی سزای بدات لە پێش خەڵكی لە دنیا و لە قیامەت ڕیسوای

Scanned with CamScanner

بکات.. پرسیارێك لەو کوڕە دەکەین، ئایا ڕازی دەبی خەڵکی کاری وا لەگەڵ خوشکت، دایکت، کچت، خزمت، ئەنجام بدەن؟ گومانی تیا نیە دەڵێت نا... نا... کەوابوو چۆن کاری وا لەگەڵ ئافرەتی خەڵکی دەکەی.

**ڕاستیەکان دەدووێن:** ئەمە دوو نموونەیە کە دوای ئەوەی سەرگەردان بوونە بزانن چ ڕێگایەکیان دۆزیەتەوە:-

« من کچێکم ماڵم لە یەکێك لە گەڕەکەکانی شاری هەولێرە[1] دایکم ئافرەتی ماڵەو باوکیشم وەفاتی کردووە، برایەکی لە خۆشم گەورەترم هەیە لەگەڵ خوشکێك.

من لە کۆلێژ لە بەشی ئینگلیزی بووم، زۆر خۆم ماندوو دەکرد لە خوێندن، کە هەموو کاتەکانم تەرخان کردبوو بۆ خوێندن هەموو شتێکم لە بیروهۆشی خۆم دەرهێنابوو تەنها خوێندن نەبێت.

هەر بۆیەش کاتێك لە زانکۆ دەمبینی هەندێ لە قوتابیان خوێندنیان بەلاوە ناوەو خەریکی عیشق بازین زۆرم پێ سەیر بوو چۆن پشتیان لە خوێندن کردووە و بە دوای ئەو کارە بێ هوودانە کەوتوون زۆرجاران هاوڕێیە کچەکانم دەیانگوت: باشە تۆ بۆ ئاوا خۆت ماندوو دەکەی!! بۆ خۆت بە دوور گرتووە لە جیهانی عیشق و ئەوین!! بۆ نایەی تەنها بۆ جارێکیش بێت تامی ئەوین بکەیت ئەوکات دەزانی چەند دابڕاوی لەو

---

(١) ئەو ئافرەتە ڕۆژێکیان تەلەفۆنی بۆ کردم کێشەیەکی هەبوو منیش چەند ئامۆژگاریەکم کرد.. دوای ماوەیەکی زۆر پێیان ڕاگەیاندم کە کچێك کارەساتی ژیانی خۆی لە چەند سایتێکی ئەنتەرنێت بلاوکردۆتەوە، ئەوەی سەرەوەش ڕووداوەکەیە وەك خۆی هێناومە بێ دەسکاری کردن.

خۆشی و تامە جوان و قەشەنگە!!

زۆر جاریش هەر ئەو هاوڕێیە کچەکانم دەیانگوت: فلانـە کوڕ داوای لێ کردووین کە پەیوەندی لەگەڵ ببەستی.

بـەڵام مـن زۆر بـە تونـدی داوا کـەیانم ڕەت دەکـردەوە، بـەردەوام بـووم تاکو قۆناغی کۆتای زۆر بە پوختی خوێندنی خۆم تـەواو کـرد، پاشانیش بە مامۆستا دامەزرام، ئەو موچەیەی وەریشم دەگرت نیوەم دەدایە ماڵەوە ئەوەی تریشم بۆ خۆم هەڵدەگرت، یان بـە زێـڕم دەدا چـەند ساڵێك بـەو شێوە بەردەوام بووم لە دەوامەکەم، تا ئـەو ڕۆژە ڕەشـەم بەسـەر هـات، کـە هەموو خۆشیەکانی لێ کردم بە یەك پارچە لە بـێ ئومێدی و فرمێسك و ناخۆشـی، ئـەویش ئـەوە بـوو ڕۆژێکیـان یـەکێك لـە هاوڕێکـانم، کـە مامۆستابوو لەگەڵم تەلەفۆنی بۆ کـردم ووتـی: بـەیانی براکـەم ژن دێنـێ حەزدەکـەم تـۆش بێـی بـۆ ئاهەنگەکـە منـیش ووتم باشـە، بـەیانی چـووم بینیم ئاهەنگێکی گەورەیە و چەندین کوڕ و کچ تێکـەڵ ببـوون هەریەکـە و جـۆرە جـل وبـەرگێکی لەبـەر کردبـوو، هەڵپـەرکێ و زەماوەنـدێکی زۆر گەرم دەستی پێکرد.

چاوم بە کوڕێك کەوت زۆر بە وردی لە منی دەڕوانـی، منـیش بایـەخم پێ نـەدا و چـوومە نـاو شایی و دەسـتم کـرد بـە هەڵپـەڕکێ، بینـیم ئـەو کوڕەی سەیری دەکردم هاتە دەستم ماوەیەك لە دەستم ماوە، دواتر من لە ناو شایی هاتمە دەر پشوویەکم دا، ئینجا دیسان چوومەوە نـاو شـایی بـۆ جـاری دووەم دیـسانەوە ئـەو کـوڕە هاتـەوە دەسـتم کاغـەزێکی خـستە نـاو گیرفانم، ئەو کوڕە بە جۆرێـك هـەڵس و کـەوتی لەگـەڵم دەکـرد دەیویـست سەرنجی من بۆ لای خۆی ڕابکێشێت... دوای ئەوەی ئاهەنگەکە تـەواو بـوو

Scanned with CamScanner

چوومەوە بۆ ماڵ، نامەکەم کردەوە نوسرابوو: من بۆ تۆ لێدراوم و ئەویندارى تۆ بوومە حەزدەکەم بێمە خوازبێنیت ئەگەر ڕازى ئەوەش ژمارەى مۆبایلەکەمە بە بوون و نەبوون وەڵامم بدەوە، ئەوەى ڕاستى بێت من ئەو کوڕە کەوتبووە دڵم بۆیە بۆ بەیانى تۆڵەفۆنم بۆ کوڕەکە کرد تاکو بزانم نیازى چى یە!!

تەلەفۆنم بۆ کرد ئەویش زۆر بە گەرمى وەڵامى دامەوە، ئەو جارە بە جۆرێك قسەى لەگەڵ کردم ، کە دڵى منى بۆ خۆى ڕاکێشا... بۆ بەیانى ئەو تەلەفۆنى بۆ کردمەوە و باسى لە خۆشەویستى خۆى بۆ من دەکرد و باسى ئەوەى دەکرد، کە دەبێتە پیاوێکى باش بۆ من و من بەختەوەر دەکات... ماوەى مانگێك بەو شێوەیە قسەمان دەکرد.. پاشان لە پەیوەندى تەلەفۆنى بوو بە یەکتر بینین... دواتر بوو بە پیاسە... چەند جارێکیش وێنەمان پێکەوە دەگرت دەیووت بە دایکم پیشان دەدەم، ئەو پەیوەندییە بەم شێوە چوار مانگى خایاند، من لەو ماوەیەدا وام لێهات پڕ بە دڵ ئەو کوڕەم خۆش دەویست زۆر جاریش پێم دەووت: کەى دێیە داوام ئەویش هەر جارەى بە بیانوویەك خۆى دەدزیەوە لێم، تا ئەو کاتەى ڕۆژێکیان کاتژمێر هەشتى بەیانى بوو تەلەفۆنى بۆ کردم و ووتى: وەرە لەمەوبەدوا چیتر چاوەڕوانى نەما وەرە با گفتوگۆى کۆتایى بکەین، من وام زانى دەڵێت: وەرە باسى مارەبڕین بکەین، چووم بۆلاى ڕاستەوخۆ پێى ووتم: دەمەوێت بچمە هەندەران پێویستم بە نەوەت وەرەقە دۆلار هەیە بۆم پەیا بکە، کە واى گووت زۆرم پێ سەیر بوو...

ووتم: بۆ من بۆت پەیا بکەم؟!

ووتى: کاتێ گەیشتم دێمەوە دەتخوازم و لەگەڵ خۆم دەتبەم.

Scanned with CamScanner

ووتم: بیر لە شتی وا مەکەوە... من یەک دۆلارت نادەمێ... دیارە تۆ منت بۆ پارە دەویست!!

هەڵسام ویستم بڕۆم، بەڵام ئەو بە تووڕەی دەستی گرتم ووتی: دەتەوێت ئاوا بە ئاسانی بڕۆی!! مۆبایلەکەی دەرهێنا ئەو قسانەی کردبوومان هەمووی تسجیل کردبوو پێی ووتم: ئەگەر نەوەت وەرەقە دۆلارم نەدەیە وێنەکانت بە براکەت دەدەم و بڵاوی دەکەمەوە، ئەوجا هەستاو ڕۆی.

کە ئەوەم بیست هیچم پێ نەکرا تەنها ئەوە نەبێت، کە دەست بکەم بە گریان... زۆر گریام... بە چاوی گریانەوە ئەوێم بە جێهێشت و بەرەو ماڵ گەڕامەوە... حاڵم زۆر شپرزە بوو ڕقم لە هەموو شتێك دەبۆوە، هەر بۆیە هەفتەیەك لە ماڵ نەمتوانی بێمە دەرەوە و بچمە دەوام... دوای هەفتەیەك کوڕەکە تەلەفۆنی بۆ کردم ووتی: هەفتەیەك مەوعیدت ماوە ئەگەر نەوەت وەرەقە دۆلارم بۆ پەیا نەکەی ئەوە وێنەی خۆت لەسەر مۆبایلی براکەت و هەموو گەنجێك دەبینیەوە.

ئەو قسانە وای لێکردم باری دەرونیم زۆر خراپ بوو، چەندین جار بیرم لە خۆکوشتن دەکردەوە و بیرم دەکردەوە بزانم چۆن خۆم بکوژم، تا ڕزگارم بێت لەو کێشەیە، چوومە دەرەوە تاکو بچمە لای دکتۆر لە ڕێگادا چاوم بەو کچەی جیرانمان کەوت لە قوتابخانە ئەهاتەوە، ئەو کچە لە قۆناغی ئامادەی بوو، ئەو کچە هەر چەندە لە من گچکە تربوو، بەڵام کچێکی زۆر بەدین و لە خواترس و ژیربوو، منیی بینی لە ئەحواڵی پرسیم سەیری کردم بینی پەشۆکاوم ووتی: ئەوە چیتە؟ ووتم: هیچ نیە کەمێك دڵم توندە.

ووتم: بیر لە شتی وا مەکەوە... من یەك دۆلارت نادەمێ... دیارە تۆ منت بۆ پارە دەویست!!

هەڵسام ویستم بڕۆم، بەڵام ئەو بە تووڕەی دەستی گرتم ووتی: دەتەوێت ئاوا بە ئاسانی بڕۆی!! مۆبایلەکەی دەرهێنا ئەو قسانەی کردبوومان هەمووی تسجیل کردبوو پێی ووتم: ئەگەر نەوەت وەرەقە دۆلارم نەدەیە وێنەکانت بە براکەت دەدم و بڵاوی دەکەمەوە، ئەوجا هەستاو ڕۆی.

کە ئەوەم بیست هیچم پێ نەکرا تەنها ئەوە نەبێت، کە دەست بکەم بە گریان... زۆر گریام... بە چاوی گریانەوە ئەوێم بە جێهێشت و بەرەو ماڵ گەڕامەوە... حاڵم زۆر شپرزە بوو ڕقم لە هەموو شتێك دەبۆوە، هەر بۆیە هەفتەیەك لە ماڵ نەمتوانی بێمە دەرەوە و بچمە دەوام... دوای هەفتەیەك کوڕەکە تەلەفۆنی بۆ کردم ووتی: هەفتەیەك مەوعیدت ماوە ئەگەر نەوەت وەرەقە دۆلارم بۆ پەیا نەکەی ئەوە وێنەی خۆت لەسەر مۆبایلی براکەت و هەموو گەنجێك دەبینیەوە.

ئەو قسانە وای لێکردم باری دەرونیم زۆر خراپ بوو، چەندین جار بیرم لە خۆکوشتن دەکردەوە و بیرم دەکردەوە بزانم چۆن خۆم بکوژم، تا ڕزگارم بێت لەو کێشەیە، چوومە دەرەوە تاکو بچمە لای دکتۆر لە ڕێگادا چاوم بەو کچەی جیرانمان کەوت لە قوتابخانە ئەهاتەوە، ئەو کچە لە قۆناغی ئامادەی بوو، ئەو کچە هەر چەندە لە من گچکە تربوو، بەڵام کچێکی زۆر بەدین و لە خواترس و ژیربوو، منیی بینی لە ئەحواڵی پرسیم سەیری کردم بینی پەشۆکاوم ووتی: ئەوە چیتە؟ ووتم: هیچ نیە کەمێك دڵم توندە.

ووتم: بیر لە شتی وا مەکەوە... من یەك دۆلارت نادەمێ... دیارە تۆ منت بۆ پارە دەویست!!

هەڵسام ویستم بڕۆم، بەڵام ئەو بە تووڕەی دەستی گرتم ووتی: دەتەوێت ئاوا بە ئاسانی بڕۆی!! مۆبایلەکەی دەرهێنا ئەو قسانەی کردبوومان هەمووی تسجیل کردبوو پێی ووتم: ئەگەر نەوەت وەرەقە دۆلارم نەدەیە وێنەکانت بە براکەت دەدم و بڵاوی دەکەمەوە، ئەوجا هەستاو ڕۆی.

کە ئەوەم بیست هیچم پێ نەکرا تەنها ئەوە نەبێت، کە دەست بکەم بە گریان... زۆر گریام... بە چاوی گریانەوە ئەوێم بە جێهێشت و بەرەو ماڵ گەڕامەوە... حاڵم زۆر شپرزە بوو ڕقم لە هەموو شتێك دەبۆوە، هەر بۆیە هەفتەیەك لە ماڵ نەمتوانی بێمە دەرەوە و بچمە دەوام... دوای هەفتەیەك کوڕەکە تەلەفۆنی بۆ کردم ووتی: هەفتەیەك مەوعیدت ماوە ئەگەر نەوەت وەرەقە دۆلارم بۆ پەیا نەکەی ئەوە وێنەی خۆت لەسەر مۆبایلی براکەت و هەموو گەنجێك دەبینیەوە.

ئەو قسانە وای لێکردم باری دەرونیم زۆر خراپ بوو، چەندین جار بیرم لە خۆکوشتن دەکردەوە و بیرم دەکردەوە بزانم چۆن خۆم بکوژم، تا ڕزگارم بێت لەو کێشەیە، چوومە دەرەوە تاکو بچمە لای دکتۆر لە ڕێگادا چاوم بەو کچەی جیرانمان کەوت لە قوتابخانە ئەهاتەوە، ئەو کچە لە قۆناغی ئامادەی بوو، ئەو کچە هەر چەندە لە من گچکە تربوو، بەڵام کچێکی زۆر بەدین و لە خواترس و ژیربوو، منیی بینی لە ئەحواڵی پرسیم سەیری کردم بینی پەشۆکاوم ووتی: ئەوە چیتە؟ ووتم: هیچ نیە کەمێك دڵم توندە.

Scanned with CamScanner

ئەو دەیزانی گرێیەکی گەورە لە دڵمدایە بۆیە ووتی: بەخوا وازت لێناهێنم،تاکو ئەو گرفتەی خۆتم پێ نەڵێی... بەڵکو بۆت چارەسەر بکەم.

سەیری ڕۆخساریم کرد تەنها پاکی و دڵسۆزیم لە ڕوخساری ئەو کچە بەدی دەکرد پێم ووت: کێشەی من بە تۆ چارەسەر ناکرێت.،. پێویست ناکات تۆش خەفەت بار بکەم.،. بەڵام ئەو هەر سوور بوو لەسەر ئەوەی پێی بڵێم، منیش دەمزانی ئەو ئەمان دەپارێزێت بۆیە کێشەکەی خۆم بۆ باس کرد، کەمێك بێ دەنگ بوو، پاشان ووتی: بابچینە ماڵی ئێمە قسەیەکی لێ دەکەین.

چوومە ماڵیان بەرداخێك ئاوی بۆ هێنام و لە بەرانبەرم دانیشت و بە ڕوویەکی خۆشەوە بەم شێوە کەوتە قسە لەگەڵم: خوشکی بەڕێزم ئەزانی خوای گەورە بەرنامەیەکی بۆ مرۆڤ ناردووە هەر لەو بەرنامەیەدا هەر شتێك سوودی هەبێت بۆ مرۆڤ خودا فەرمانی پێداوە، هەر شتێکیش زیانی هەبێت قەدەغەی کردووە، ئینجا ئەگەر بێت و مرۆڤ پابەندی فەرمانەکانی خودا بێت ئەوە پارێزراو دەبێت، ئەوەتا پێغەمبەری خۆشەویستمان ﷺ دەفەرموێ: سنوورەکانی خوا بپارێزە خوداش تۆ دەپارێزێت، بەڵام داخی گرانم خەڵکی بە گوێی خودا ناکەن، جا کاتێك لێیان دەقەومێت ئەوکات دێن داوا لە خوا دەکەن و ڕووی تێدەکەن.. کارەساتەکە لێرەدایە ئێمە شتەکەمان بەسەر دێت ئەوکاتی پەشیمان دەبینەوە... ئەی بۆ لەسەرەتاوە پەشیمان نەبینەوە و بە گوێی شەیتان نەکەین و ساویلکە نەبین هەر کەسێك بیەوێت یاریمان پێ بکات بە گوێی نەکەین... پاشان هەڵسا چوو نامیلکەیەکی بۆ هێنام ووتی: ئەوە ڕووداوێکە ڕێك لەو ڕووداوەی تۆ دەچێت، ئەوە بخوێنەوە (ان شاء الله) تا بە یانی بیر دەکەینەوە چارەیەك دەدۆزینەوە.

Scanned with CamScanner

قسەکانی ئەو کچە بەڕاستی کاری گەری تێکردم، ڕاستی ئەکرد ئێمەی کچان ئەوەندە بە ساویلکەی بە دوای شتەکان دەکەوین پاشان کە تووشی کارەساتێکی گەورە دبین ئەوکات بەشیمان دەبینەوە... لەوێ هەستام و هاتمەوە ماڵ، تا نامیلکەکە بخوێنمەوە، ئەو نامیلکەش هی برای بەڕێز مامۆستا فەرمان نەجار بوو بە ناوی (گەنجێك ئابڕووی پاراستم)، کە دەستم کرد بە خوێندنی هەر ئەوکاتی تەواوم کرد، تەواوم کرد زۆر پەشیمان بوومەوە لەو هەڵەی کردبووم، بەڵام لە خوێندنەوەی ئەو نامیلکەیە شتێك بە مێشکم داهات، چووم ئەو شتەی بە مێشکم داهات بەو کچەی جیرانمان بڵێم، کە چووم پێم ووت: ئەویش ووتی: منیش هەر ئەو شتەم بە مێشك داهاتووە، ئەو شتەش ئەوەبوو تەلەفۆن بۆ مەلا فەرمان بکەم بزانم چی دەڵێ، ئەو کچەی جیرانمان ووتی: شتێکی باشە لەوانەیە ئەو ڕێگایەکت پێشاندات چوو ژمارەکەی بۆ پەیا کردم... تەلەفۆنم بۆ م. فەرمان کرد زۆر بە ڕێزەوە وەڵامی دامەوە... پێم ووت نامیلکەیەکی تۆم خوێندۆتەوە زۆر کاری تێ کردم منیش کێشەیەکی لەو چەشنەم بەسەر هاتووە، ئەوجا لەسەرەتاوە، تا کۆتای هەموو کێشەکەی خۆم بۆ باس کرد... ئەویش بەو شێوە وەڵامی دامەوە کە تۆمارم کردبوو

ووتی: خوشکم پێش هەموو شتێك بە دڵێکی پاکەوە تەوبەیەکی ڕاستگۆیانە بکە، چونکە خوای گەورە زۆر پێی خۆشە بەندەکانی تەوبە بکەن، بەس بیرت نەچێت بە دڵەوە بێت، دوای ئەوەی بەدڵەوە تەوبەت کرد، پێت دەڵێم: دوو شت ئەنجام بدە پشتیوان بە خوا ئەم ناخۆشیەت لەسەر لا دەچێ:

١ـ درەنگی شەو هەڵسە و دەسنوێژ بشۆو شەو نوێژ بکە دوای نوێژەکەت بە زەلیلی و چاوی فرمێسکەوە دەستت بەرز کەوە بۆ ئاسمان و

Scanned with CamScanner

داوا له خوا بکه ئەو ناخۆشیەت لەسەر لابەرێت، چونکه ئەو کاته خودا دێته ئاسمانی دنیا دەفەرموێ: کەس هەیە داوام لێ بکا وەڵامی بدەمەوە.

٢ـ بگەڕێ بزانه کەسێکی دڵسۆز و خواناس بدۆزەوە با بڕوات ئەو کوڕە بە توندی تەهدید بکات و وێنه و دەنگەکانیشی لێ بسەنێتەوە... پێشی بڵێت ئەگەر یەك شت بڵاوبێتەوە ئەوە بۆ خۆی دەزانێت، چونکه ئەوانەی ئەو کارانه دەکەن زۆر بێ وره و ترسنۆکن! بەڵام تەئکیدی دەکەمەوە ئەو کەسەی پێی دەڵێی بە مانای کەلیمه دڵسۆز و خواناس بێت، نەك خوانەکا کێشەکەت لێ ئاڵۆزتر بکات و ئیستغلالت بکات، بەڵام بەردەوامبه له نزاکانی شەوانت و له بیرت نەچێت.

پاشان مامۆستا زۆر دوعای خێری بۆ کردم و خواحافیزی کرد.

منیش ئەو قسانەی مامۆستا فەرمانم بۆ کچەکەی جیرانەکەم گێڕایەوە ووتی: کەس دەناسی پێی بڵێی؟ ووتم: نازانم...!!

ووتی: بڕۆ پشوویەك بده و بیر بکەوە سبەینێ (ان شاء الله) خوا دەرگایەك دەکاتەوە، بەڵام ئامۆژگاریەکانی مامۆستا (فەرمان)ت بیر نەچێت.

وەك مامۆستا ووتی شەو درەنگ هەستام و دەستی پەشیمانیم بۆ خوا بەرز کردەوە و بە گریانەوە داوای پەشیمانی و یارمەتیم له خوا دەکرد، تا نوێژی بەیانی بەم شێویه بەردەوام بووم، دواتر نوستم.

من نوستبووم بەیانی سەعات نۆ ئەو کچەی جیرانمان تەلەفۆنی بۆ کردم ووتی: کەست نەدۆزیەوە؟ ووتم: نەخێر.

ووتی: مژدەت لێبێت وەرە کەسێکم دۆزیەتەوە.

بە پەله چووم، ووتم: کێیە ئەو کەسە؟ ووتی: پیاوی خوشکەکەم زاواکەمان ناوی هونەرە پیاوێکی، تا بڵێی موسڵمان وخواناس و دڵسۆزە،

چۆن لە خۆت دڵنیای ئاواش لەو دڵنیا بە.

ووتم: دەترسم... دەترسم کێشەکەم لێ ئاشکرا بکات و ئابڕووم بچێت... بە ڕاستی من هیچ متمانەم بە پیاو نەماوە.

ووتی: خوشکم ئەوە چی دەڵێی!! بۆ وا دەزانی کاک هونەر لەو کەسانەیە تۆ دۆستایەتیت لەگەڵ کردوون!! پاشان وادەزانی هەموو پیاوان وەك یەکن!! ئاخر ئێمە بۆیە تووشی گرفتی وا دەبین، چونکە بە ساویلکەیی بۆ شتەکان دەڕوانین.

کە دڵنیا بووم لە قسەکانی ووتم: باشە پێی بڵێ.

تەلەفۆنی بۆ کاك هونەر کرد دوای نیو کات ژمێر بە پەلە هات، تەنها ئەو سێیەمان دانیشتبووین، ئەو کچە کێشەکەی منی بۆ باس کرد و ووتی: دەبێت بچی ئەو شتانە لەو کورە بسەنیەوە.

کاك هونەر کەمێك بێ دەنگ بوو ئەوجا ووتی: تۆ مەوعیدی بدێ لە شوێنێك، پێی بڵێ پارەکەم بۆ پەیا کردی، منیش هاوڕێیەکی زۆر دڵسۆزم هەیە لەگەڵ ئەو دەچمە لای کوڕەکە تەمبیەی دەکەین.

ئەوە بوو تەلەفۆنم بۆ کوڕەکە کرد ووتم: بەیانی کاتژمێر ئەوەندە لە فلان شوێن ئامادەبە وێنە و شتەکانیش لەگەڵ خۆت بێنە پارەکەم بۆ پەیاکردووی... ووتی باشە.

ژمارەی تەلەفۆنەکەی کورەکەشم دایە کاك هونەرە، بۆ بەیانی کاك هونەرە لەگەڵ هاورێکەی چووبوون نوکەیان بۆ کردبوو بینیبویان کوڕەکە هەڵی گرتبوو، ئەوانیش چووبونە لای وتبوویان ئێمە برای ئەو کچەین ئەگەر بەبێ دەنگ ئەومۆبایلەی خۆتامان دەدەیە باشە ئەگەرنا ئەوە دەتکوتین و ڕاپێچی پۆلیست ئەکەین،کورەکەش لە ترسا مۆبایلەکەی

Scanned with CamScanner

پێـدابوون، پێـشیان ووتبـوو یـەك شتیـشت لەوانـە بڵاوکردبێتـەوە ئـەوە بۆخۆت دەزانی!!

ئەوجا گەڕانەوە و مۆبایلەکەی لە کوڕەکـەیان ساندبوو دایانـە دەستی ئەو کچەی جیرانمان و ئەوان ڕۆیشتن، ئەو کـچەش مۆبایلەکـەی بـە مـن دا کە بینیم ئەو هەموو دەنگ و وێنەی منـی تیایـە بـە گریانـەوە بـە زەویـم دادا و وردم کرد، ئەو گرێیەی لە دڵم بوو بـۆوە، وام دەزانـی ئـەو مردنـەی بۆخۆم دانابوو تیای زیندوو بۆتمەوە، هەر لەوێ لەسـەر دەستی ئـەو کـچە پەیمانم بـە خـوا دا کـە لەمـەودوا ببـم بـە پـاڵاپۆش و ئیلتـزام بـە دینـەوە بکەم و ببمە خزمەت کارێکی ئەم دینە.

ئێـستاکەش ئـەوە ساڵێك بەسـەر ئـەو ڕووداوە تێپـەڕیووە ئیلتزامێکی چاکم بە دینـەوە هەیە و خزمەتی ئەو دینە ئەکەم، ئەگەر خوا هیدایـەتی نـەدابام ئێـستا مـن خۆم کوشـتبوو، چونکە ڕێگایـەکی تـرم شـك نـەدەبرد ڕزگـارم بکـات لـەو کێـشەیە، بـەڵام مـن دڵـم مردبـوو دوای ئـەو هەفتەیـە زیندوو بۆوە بە هیدایەت.

مـن ئـەو بەسـەرهاتەی ژیـانی خـۆم نووسـیەتەوە ئەمـەویێت، تـا هـەموو ئـافرەتێکی ژێـر پەنـدی لێ وەرگرێـت و ڕێگـای مـن نـەگرێت و تـامی هیدایەتی خوا بزانێت.

لە دوا ووتەمدا داوا دەکەم لە خودای گەورە مامۆستا فەرمان نەجـار و ئەوانەی بونە هۆی ڕزگاربوونم لە ئاگر، خودایە ڕزگاریان بکەی لە ئـاگر و بە بەهەشتیان شادیان بکەی... آمـین. (١)

Scanned with CamScanner

◀◀ مامۆستایەك دەگێڕێتەوە دەڵێت: ڕۆژێکیان کچێك هاتە لام کە لە کۆلێژی شەریعە دەیخوێند، بینیم لەچکێکی ساختەی لەسەر کردوە و هەندێك لە قژی پێداپۆشیوە، جا هات مۆڵەتی لێم وەرگرت کە دابنیشێت و بەسەرهاتی تاڵی خۆی بۆم بگێڕێتەوە بە ئومێدی ئەوەی چارەسەرێکی بۆ دابنێم، یان هاوکارییەکی بکەم بۆ چارەسەری گرفتەکەی.

کورتەی بەسەرهاتەکەی ئەوەبوو، کە ئەو کچێك بووە لە ماڵێکدا پێگەیشتوە، کە هیچ ڕێزێکی ئاینیان لەلا نەبوە و، بە هیچ شتێکیشەوە پابەند نەبوونە!

گووتی: لە قۆناغی ئامادەییەوە کوڕان دەوریان دەدام و وایان پیشاندەدا کە پێم سەرسامن، منیش تەسلیمی ئەو وەزعە بووم و دڵم وەك هوتێل و میوانخانەی لێهاتبوو یەك لە دوای یەك گەنجەکان دەهاتنە نێوی، لەو ماوەی لە زانکۆبووم یەکێك لە گەنجەکان بەتەواوی دڵی داگیرکردم و ئەویش وای پیشاندەدا، کە بەڕاستی و لە قولایی دڵییەوە منی خۆش دەوێت، منیش پێشنیارم بۆ کرد، کە داوا لە کەسوکارم بکات تاکو بمخوازێت، ئەویش وای پیشاندا کەڕازییەو بەتەئکیدەوە گوتی: کە منیش هەر بەو ئومێدەوە تۆم خۆشویستوە و بەم زووانەش لێت دێمە پێشوو و دەتخوازم، ئەوەبوو لەوکاتەوە پەیوەندیمان بەهێزتر بوو، هەتا سەرەنجام لە یەکێك لە دیدارو ژوانەکانماندا توانی کچێنیم نەهێڵێت، دیارە منیش متمانەی تەواوم بە گفت و بەڵێنەکانی هەبوو، بۆیە پاشانیش چەند جارێکی دیکە ئامانجی خۆی لێم هێنایە دی، منیش هەر پەیتا پەیتا پرۆژەی زەواجەکەمانم بیر دەخستەوە و ئەویش بەقسەی لووس و درۆ و فێڵ دەیخافڵاندم، هەتا ئەوکاتەی لە یەکێك لە دیدارەکانماندا زۆر

بەداکۆکیکردنەوە پێم گوت، کە گفتی خوازبێنی کردنکەی بێنێتەدی، بەڵام ئەو بەشێوەیەکی سوك تەماشای کردم و گوتی: هەرکات بڕیاری ژن هێنانم دا بەدوای کچێکی شەریف و بەئابڕوودا دەگەڕێم، کە خۆی نەکردبێتە پەشتەماڵی دەستی خەڵکی!!

کە ئەو قسەیەم بیست وەك ئەوەی لە خەوێکی دوور و درێژ ڕاپچڵەکاندم و هەستمکرد، کە گاڵتەم پێدەکەن و پێم ڕادەبوێرن و هەڵم دەخەڵەتێنن، خۆمم زۆر بێکەس و غەریب هاتە بەر چاو لەم دنیایەدا، چونکە کەسوکارەکەم وێلیانکردبووم، کە بەکەیفی خۆم بێم و بچم ، دەشمزانی، کە ئەگەر مەسەلەکەیان بۆ باس بکەم بەشێوەیەکی خراپ لە نێوم دەبەن!

ئینجا لە گەرمەی نارحەتیدا و بە ئاهونالەیەکەوە گوتی: ئێستاکە بۆم دەرکەوتوە، کە ئەگەر هاتباو ئادابەکانی ئیسلامم ڕەچاو کردبان و ئامۆژگاریو ئاڕاستەکانی ئیسلامم لە گوێ گرتبان بەو دەردە نەدەچووم و ئاوا گرفتاری تەڵە و داوی هیچ فێلبازێك نەدەبووم و کەرامەت و کەسایەتیم پارێزاو دەبوو، جا بەڕاستی ئێستا نازانم چی بکەم؟!

منیش پێم گوت: جا باشە پێویستی دەکرد، کە خۆت بخەیتە نێو ئەم ئەزموونە تاڵەوە و فەرمانەکانی خوا تاقیبکەیەوە، بۆ ئەوەی سەرەنجام بگەیتە دڵنیایی؟

ئایا ئەوەت نەدەزانی، کە پێویستە هەموو عاقڵێك بیزانێت، کە ئەم ئاینە بەگشتی کۆمەڵێك ڕێڕوونی و ئامۆژگاری بە مرۆڤ داوە، کە تاکو بەڕەچاوکردنیان پابەندیی پێوەکردنیان بەختەوەربن و لە هەموو خراپەو زیانێك پێی پارێزاووبن؟!

ئەویش پێی گوتم: من لە ئیمڕۆوە بە پەشیمانییەوە بەڵێن و پەیمان

بەخوا دەدەم، کە ملکەچی فەرمانەکانی بم و جارێکی دیکە ئاوڕ لە فێڵ و پیلانی شەیتان نەدەمەوە و تەسلیمی هەواو ئارەزوەکانم نەبم.

منیش پێم گوت: بەین بەین سەردانم بکە و دڵنیاشبە، کە خوای بەبەزیی دەرووی خێرت لێدەکاتەوە.

جا لەلوتف و کەرەمە سەرسوڕهێنەرەکانی خوا ئەوەبوو، کە پاش تێپەڕبوونی سێ چوار ڕۆژێك بەسەر ئەو دیدارو قسەو باسەدا، گەنجێکی موسڵمان سەردانی کردم و سکاڵای حاڵ و وەزعی خۆی لەلام کرد، کە پێویستی بە ئافرەتێکی دیندارو گونجاو هەیە بۆ ژن هێنان و ماڵ پێکەوەنان.

منیش ووتم: ڕات چییە بەرامبەر بە ئافرەتێك کەهەم لەدیمەن و شێوەی ڕازیبی و هەم دین و ڕەوشتیشت بەدڵ بێت؟!

ووتی: زۆرباشە، کێیە؟ منیش هەموو بەسەرهاتەکەم لە بنەڕەتەوە بۆ گێڕایەوە و حاڵ و باڵیم خستە بەر چاوی و بۆشیم باسکرد، کە منیش متمانەم بە تەوبە و گەڕانەوەکەی هەیە.

پاشان لەدەرفەتێکیدا دیدارێکم بۆسازاندن و بەیەکم گەیاندن و بەیەکتر ئاشنابون و قسەوباسیان پێکەوە کردو پەیمانیان پێکەوە بەست و سەرەنجام کوڕەکە وەك عادەت و باوی مسوڵمانان لە کەسوکاری خوازبێنی کرد و خوا لە ژیان و گوزەرانێکی هاوسەرێتی سەرکەوتووانە و بەختەوەرانەدا پێکەوەی کۆکردنەوە.

بەڵێ ئەو کچە کلۆڵەی، کە دەستی بە ئاگری چڵێسای فێڵبازانەوە سووتابوو بەناوی پێشکەوتنەوە پێیەوە درابوو، لەژێر سایەو لە باوەشی گەرم و پڕ سۆزی شەریعەتی خوادا قوتاری بوو و حەسایەوە. (١)

## ئەو هۆكار و ڕێگایانەی لاوان خۆشەویستی لێ فێر دەبن

خەڵكی لە چەند ڕێگایەكەوە فێری خۆشەویستی دەبن، لاوەكانمان لەسەر شێوەی ئەو ڕێگایانەی خۆشەویستیان فێركراوە خۆشەویستی دەكەن، جا ئەو شێوە خۆشەویستیەی لەو ڕێگایانەوە فێربونە ئەنجامی دەدەن ئینجا هەڵە بێت یان ڕاست، ئەوانەش ئەم ڕێگایانەن:

**یەكەم: هاوڕێ و برادەر:**

یەكێك لەو هۆكار و ڕێگایانەی كە لاوان لێیەوە فێری خۆشەویستی دەبن، هاوڕێ و برادەرە، لاو لە ڕێگای هاوڕێیەكەی فێری یان شتی خراپ دەبێت یان شتی باش، هاوڕێكان لە نێوان یەكتری كتێب و شیعر و دەنگ و ڕەنگ لەسەر خۆشەویستی دەگۆڕنەوە بە شێوەیەكی هەڵە، هەر چۆن یەكتری فێری جگەرە و عارەق دزی... هتد دەكەن ئەویش بەم شێوەیە، بۆیە زاناكان

دەڵێن: زۆربەی ئەوانەی فێرە جگەرە بوونە لەڕێگای هاوڕێكانیانەوە لە تەمەنی(٨-١٥) ساڵی فێربوونە، بێ گومان هاوڕێ یەكێكە لەو شتە گرنگانەی كە هەموو مرۆڤێك پێویستی پێی هەیە، جا لەبەر ئەوەی هاوڕێیەتی پێویستیەكی دەروونی بنەڕەتیە كە ناكرێت مرۆڤ خۆی لێ بەدوور بگرێت و بەبێ هاوڕێ بژی، هەر دەبێت هاوڕێی هەبێت، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە كێ دەكەی بە هاوڕێی خۆت، چونكە دەبێت ئەوە بزانین ئەگەر برادەرەكەت چاك بوو تۆش چاك ئەبیت، ئەگەر خراپیش بوو تۆش پێیەوە خراپ ئەبیت، هەر بۆیە پێغەمبەرﷺ دەفەرمووێ:

((الْمَرْءُ عَلَى دِينِ خَلِيلِهِ فَلْيَنْظُرْ أَحَدُكُمْ مَنْ يُخَالِلُ)). [1]

واتـه: مرۆڤ لەسەر دینـی هاوڕێیەکەیـەتی، کـەوابوو بـزانن کـێ دەکـەن بەهاوڕێی خۆتان.

بـەڵێ: بـرادەری خـراپ تووشـی کـاری خراپـت ئـەکات، تـاکو وات لێـدێ لەلای خەڵکی ڕێزت لە دەست دەدەی، بەرە و سەر شۆڕی و ئابڕوو چوونت دەبات، لەکاتی خۆشی لەگەڵتدایە، لە کـاتی ناخۆشـی پـشتت تێـدەکات، جا بۆیە پێویستە مرۆڤ برادەری چاك بۆ خۆی پەیدا بکات، تـاکو سـەرگەردان نەبێت و سەر شۆڕ نەبێت.

□ **ڕاستیەکان دەدووێن:** بزانن ئەو ئافرەتە لە ڕێگـای بـرادەری خـراپ چی فێر دەبێت و چی بەسەر دێت کە بۆ خۆی ڕووداوەکە دەگێڕێتەوە و

دەڵێت: پێش ئەوەی بچمە قۆناغی ناوەنـدی (زینـب)ی خوشکم کـە لـە من گەورە تـر بـوو زۆر ئامۆژگـاری دەکـردم کـە ئاگـام لـە خـۆم بێـت نـەکا تووشی هاوڕێی خراپ بم و لەخشتەم بەرن...

بـەردەوام دەیـووت: خوشـکم ئاگـادار بـە نەکـەی دۆسـتایەتی هـەموو کەسێك بکەی تاکو نەزانی باشە یان خراپە، چونکە جگە لە هاوڕێی چاك ئەوی تر هـەموو ئـێش وئـازارو و بەڵایـە، کەچـی مـن قـسەکانی خوشـکمم هیچ بایەخ پی نە ئەدا، ئەوەبوو ئاشنایم لەگـەڵ کـچێکی هـاو پۆلم پـەیدا کـرد کـە بـەردەوام پێکـەوە بـووین چ لـە قوتابخانـە چ لـە شـوێنی تـر، زۆر جاریش بە تەلەفۆن قسەمان دەکرد، جا خوشکەکەم کـە دەیزانـی مـن زۆر تێکەڵی ئەو کچەبوومە، بۆیە ئامۆژگاری دەکـردم کـە واز بێـنم لـەو کـچە،

Scanned with CamScanner

چونکە کەس بەباشە باسی ئەو کچە ناکات و کەس ئەو کچەی خۆش ناوێت، کەچی من هەر گوێم بە خوشکم نەدەدا، بەڵکو نێوانم لەگەڵ ئەو کچە سات بە سات پتەو تر دەبوو، بە جۆرێك کە ئەو سەر دانی دەکردم منیش سەردانم دەکرد، پاشان زانیم ئەو کچە پەیوەندی لەگەڵ کوڕێکدا هەیە...

جا کاتێك ئەو کچەی هاوڕێم تەواو ئاشنایی من بوو، پێشنیاری بۆ کردم و ووتی: ئەو کوڕەی، کە من حەزم لێکردووە دۆستێکی هەیە بۆ نایەیی پەیوەندی لەگەڵدا ببەستی؟

زۆر هانی دەدام و دەیووت: داماو تەنها تۆ دووری لە دنیای غەرامیات و هاوڕێی کوڕت نیە، بڕوانە هەموو کچانی تری قوتابخانەکەمان هەیانە، تەنها تۆ بێ بەش بووی لە تام و چێژی خۆشەویستی، دە تۆ تامی ئەو خۆشەویستیە بچێژە بزانە چۆنە، ئەو کات حەق بەمن دەدەی...

بەڵێ: من سەرەتا دوو دڵ بووم، بەڵام ئەوەندە لێی دووپات دەکردمەوە تاکوو ڕازی بووم بە تەلەفۆن قسە لەگەڵ کوڕەکە بکەم، ئەوەبوو دەستم کرد بە قسە کردن لەگەڵ ئەو کوڕەی بۆی دۆزیبوومەوە، یەکەمجار زۆر دەترسام کەچی، پاشان ترسم شکاو ڕاهاتم بەجۆرێك قسەی ڕازاوەی بۆ دەکردم، تاکو وای لێکردم سەرنجی منی بۆ خۆی ڕاکێشا، دواتر پێی ووتم: دەمەوێت یەکتری ببینین، تاکو کەی ئێمە لە دنیای خۆشەویستی بەبێ یەکتر بینین ببەینە سەر، منیش بەبێ یەك و دوو ڕازی بووم، ئەوەبوو مەوعیدمان دانا لە شوێنێکی دیاری کراو، کە بینیم شکل و ڕوخساریم زۆر بەدڵ بوو، بەڵام من دەترسام ئەو منی بەدڵ نەبێت، چونکە من کچێکی پێش چاو نەبووم، کەچی ئەو ووتی: هەر گیز ئافرەتی جوانی وەکو تۆم نەبینیوە...

منیش تەواو بڕوام بەو قسانەی کردبوو، بە جۆرێک کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر لە دڵم شیرین تر دەبوو.. ئەوەبوو خوشکم بە پەیوندی نێوان من و ئەو کوڕەی زانی، چونکە ئەو کچەی منی ئاشنا کرد لەگەڵ ئەو کوڕە لە نێو هاوڕێکانی قوتابخانە خۆی هەڵدەکێشا

دەیگووت: من ئەو کوڕەم کردووە بە دۆستی، جا بۆیە هەموو هاوڕێکانم بە پەیوەندی نێوان من و ئەو کوڕەیان زانی، هەر بۆیەش خوشکم پێی زانیبوو...

خوشکم بۆ ئەوەی من ئابڕووم نەچێت زۆر بەنەرمی ئامۆژگاری دەکردم، کە واز لەو کوڕە بهێنم، کەچی من گوێم کەڕبوو بەرانبەر ئامۆژگاریەکانی...

بەڵام کاتێك زانی ئامۆژگاری بۆ من سوودی نیە هەڕەشەی لێکردم و ووتی: ئەگەر واز لەو کوڕە نەهێنی بە باوکم و براکانم دەڵێم...

کە ئەوەم لێی بیست زۆر ترسام، چونکەماڵی ئێمەی لە شتی وا زۆر دوور بوون و ئێمە خانەوادێکی بە ئابڕوو و بە حیشمەت بووین، جا کاتێکیش شتی وایان لە من بەدی کردبایە ئەوە بە ئاسانی لێم خۆش نەدەبوون، بەڵکو سزایان دەدام...

بۆیە منیش بڕیارمدا بە پەندێکی وای بەرم، کە نەوێرێت کارەکەی من لای ماڵەوەمان ئاشکرا بکات، زۆرم بیر کردەوە تاکو نەخشەی بیرۆکەیەکی شەیتانیم بە خەیاڵدا داهات، ئەو نەخشەیەم جێ بەجێ کرد بەبێ ویژدانی وبێ بیر کردنەوە کە بە هۆیەوە ئەو خوشکە بێ تاوانەم کە ئامۆژگاری دەکردم بوو بە قوربانی...

سەرەتا بۆ ئەوەی بیرۆکەکەم جێ بەجێ بکەم، خۆم لە خوشکەکەم نزیک کردەوە تاکو متمانەم پێبکات، پێیم ووت: من زۆر پەشیمانم لەو

Scanned with CamScanner

کارانەی پێشترم و وازیشم لەو کوڕەی هاوڕێم هێناوە، لەمەوداو بایەخ بە وانەکانم دەدەم و گوێ بۆ ئامۆژگاریەکانت دەگرم...

ئەو خوشکە داماوەشم بڕوای پێکردم، بۆیە زۆر تێکەڵ بوو لەگەڵمدا، منیش قسەی خۆشم لەگەڵدا دەکرد و بە دەمیدا پێدەکەنیم، ئەویش زۆر دڵخۆش بوو نەیدەزانی من بە ساختەمە.

ڕۆژێکیان پێی ووتم: پۆشاکێی تازەی کڕیوە بۆ ئاهەنگی هاوڕێیەکی لەبەری دەکات، کە گوێم لەو قسەیە بوو ئەو شتەم بە فرسەت زانی، بە هاوڕێ کوڕەکەم ووت: خوشکەکەم دەیەوێت نێوانی من و تۆ لای باوکم ئاشکرا بکات، جا پێویستە پەندێکی وای پێبدەین نە وێرێت پەیوەندیەکەمان ئاشکرا بکات...

هاوڕێکەم ووتی: جا من چیم لە دەست دێت بۆت بکەم؟

ووتم: ئەو مۆبایلەی خۆتم پێ بدە، کە وێنە دەگرێت، من وێنەی خوشکەکەم دەگرم، پاشان بەو وێنەیە هەڕەشەی لێدەکەین...

ئەویش ووتی: بیرۆکەیەکی زۆر باشە...

پاشان مۆبایلێکی زۆر پێشکەوتووی بۆ هێنام، کە وێنەی نزیک و دوور دەخستەوە، ئەوەبوو مۆبایلەکەم وەرگرت، چوومە لای خوشکەکەم پێیم ووت ئەو جلەی کریوتە بێنە لەبەری بکە بزانم جوانە، ئەویش بێ ئەوەی ئاگای لە هیچ بێت، پۆشاکەکانیماڵەوەی دانا تاکو ئەوی تر لەبەر بکات، منیش بەو پەڕی بێ ویژدانی بە مۆبایلی هاوڕێکەم وێنەیم دەگرت، بەڵام خوشکەکەم ئاگای لە من نەبوو...

جا کە وێنەی خوشکەکەم گرت بە نیوە ڕووتی زۆر دڵخۆش بووم، وام دەزانی تەواو پیلانەکەم سەری گرت...

Scanned with CamScanner

بۆ ڕۆژی دواتـر مۆبایلەکـەم بـۆ هاوڕێیەکـەم گەڕانـدەوە، پێشیم ووت قبـوڵ ناکـەم سـەیری وێنـەی خوشـکم بکـەی ئەگـەر منـت خـۆش دەوێـت، ئەویش سوێندی بۆ خواردم، کە سەیری ناکات، بەڵکو ئەو کارەشی کردووە لە پێناوی من تاکو خوشکەکەم نێوانمان تێک نەدات.

پاشان کە هەموو شتەکانم تەواو کرد وەکو جاران بـەبێ تـرس لەگـەڵ هاوڕێیـە کوڕەکـەم دەگـەڕاین، بـەڵکو لـەپێش چـاوی خوشـکەکەم قـسەم لەگەڵدا دەکرد، جا خوشکەکەم ویستی هەڕەشـەم لـێ بکات، کـە بـە بـاوکم دەڵێت...

منـیش پـێم ووت: ئەگــەر پەیوەنـدی نێـوان مـن و ئـەو کـوڕە لای ماڵـەوەمان ئاشـکرا بکـەیت، ئـەوە وێنـەی تـۆ، کـە تۆمـار کـراوی بـە نیـوە ڕووتی لای ئەو کوڕەیە بە ماڵەوەمان پیشان دەدەم...

کە خوشکەکەم ئەمەی بیست دەستی کرد بە گریان ولە خۆدان، پاشان بە زەویا کەوت، منیش بردمە نەخۆشخانە، دواتر بردمەوە بۆ ماڵ...

ئەو کوڕەی هاوڕێشم هەڵسابوو ئەو وێنەی خوشکمی بڵاوکردبۆوە...

تـاکو وای لێهـات ئـەو وێنـە تۆمـارکراوە گەیـشتە دەسـتی زۆرێـک لـە گەنجان، جا ئابڕووی خوشکم ببوە بنیشتە خۆشـەی خـەڵکی، ئەو هەواڵـە گەیـشتەوە بـاوکم و براکـانم، بۆیـە ئـەوانیش ئەوەنـدەیان لێـدا بـە کـە بردمانە نەخۆشخانە ئەوەندە شڕبوو لە نێوان مرد و ژیاندابوو...

ئـەو کـوڕەی خۆشیـشم دەویـست گاڵتـەی پێـدەکردم و دەیگووت: دامـاو خوشکەکەت زۆر لە تۆ جوانترە... ئێـستاکە خانـەوادەی ئێـوە نـاوی زڕاوە کـەوابوو خـۆت شـەریف مەکـە وەرە بـاڕابێرین... بیریش لـەوە نەکەیـەوە بتخوازم...

ئاااها... ئەوکات زانیم چ تاوانێکم ئەنجامداوە دەرحەق بە خوشکم و خانەوادەکەم...

بەڵێ: خانەوادەکەمان ژیانیان لێ تاڵ بوو بە هۆی ئەو کارە بێ ئەقڵانەی من بوو، بە هۆی بێ دینی من بوو، بە هۆی ئەوە بوو ئامۆژگاریم وەرنەدەگرت و هاوڕێیەتی کەسی خراپم دەکرد، ئەو خانەوادەی، کە هەموو شتێکیان بۆ من فەراهەم هێنابوو.[1]

**دووەم: بەکارهێنانی تەلەفۆن بەخراپی:**

هۆکارێکی تر کە ئافرەتان لە ڕێگایەوە تووشی هەڵدرێر دەبن، بەکارهێنانی تەلەفۆنە بەخراپی، هەر بۆیە خوشکی بەڕێز پێت دەڵێم زۆر ئاگاداری تەلەفۆن و مۆبایل بە، جا بۆ ئەوەی تووشی سەر شۆڕی نەبی، ئەگەر زانیت کەسێك زەنگت بۆ لێدەدا مەبەستی ڕابواردنە، ئەوە تەلەفۆنەکەی لەسەر دابخە، بۆخۆت هەڵی مەگرە بەڵکو برات، یان باوکت یان پیاوەکەت، یان کوڕت لێ ئاگادرا بکەوە، تاکو بەزیانی تۆ کۆتای نەیەت...

ئەگەر ژمارەیەکیشت نەناسی خۆت هەڵی مەگرە، بەڵکو بیدە بە برات، باوکت، پیاوت، کوڕت، ئەوکاتی کەس گومانت بۆ دروست ناکات و هەر شتێکیش بێت تۆ تاونبار نابی، بەڵام بە پێچەوانەوە خۆت باجەکەی دەدەی.

## راستیەکان دەدوێن:

◄◄ چەند ڕۆژێك لەمەوپێش بەسەرهاتی کچێکیان بۆ گێڕامەوە، کە بەهۆی خراپی بەکارهێنانی تەلەفۆن ژیانی خۆی لەدەستدا و لە ناوی برد.. ئەمە چیرۆکێکی ڕاستەقینەیە نەك خەیاڵی.. کچە داماوەکە دەڵێت: لە ڕێگای تەلەفۆنەوە گەنجێکم ناسی، کە بۆ پرسیاری ماڵێك تەلەفۆنی کردبوو، پێم ووت: ژمارەکە هەڵەیە و دەنگم نەرم و ناسك کردەوە و بەشێوەیەکی ڕێك و جوان قسەم لەگەڵی کرد... دوای ئەو تەلەفۆنە چەند جارێکی تر تەلەفۆنی کردەوە، تا وای لێهات پەیوەندی نێوانمان وردە وردە پەرەی سەند، شەیتانیش وەسوەسەی خستبوە دڵمەوە وام هەست دەکرد کە ماوەی دە ساڵە یەکتر دەناسین...

ئەو کوڕە هەر لەسەرەتاوە وای دەردەخست، کە خۆشی دەوێم، دەیووت: سۆز و ئەوینم ڕاست و پاکە و ئامانجم پێکهێنانی ژیانی هاوسەریە لەگەڵتا، لە کاتێکدا هێشتا یەکتریشمان نەبینیبوو... لە ڕێگای نامە و تەلەفۆنەوە کاتێکمان دیاری کرد بۆ یەکتر بینین، ئەوەبوو چەند جارێك بێ پرسی ماڵەوە و بەنهێنی پێکەوە دەڕۆشتینە دەرەوە.

بەڵێ: لەلای ماڵەوەمان درۆم دەکرد و دەمووت بۆ لای کچێکی دینداری هاوڕێم دەڕۆم کە زۆر خۆشم دەوێت، ئەو کوڕە لە چاوپێکەوتنەکانماندا خۆشەویستی و پاکی پیشاندەدا و دەیوت: چرکەیەك بەبێ تۆ ناژیم و ناتوانم لێت دووربم، ژیانم دۆزەخ و ژەهراویە ئەگەر لەگەڵت نەبم، چەندەها جاریش پێکەوە وێنەمان دەگرت وچەند وێنەیەکمی برد.. دوای بەسەرچوونی چوار ساڵ لە پەیوەندی نێوانمان داوای کاری بە درەوشتی لێ کردم، ووتی هیچ گرنگ نیە ئەم کارە ئێستا ئەنجامی بدەین، یان

کاتێکی دی، چونکە تۆ دەبیت بەخێزانم لە داهاتوودا... لێرەدا بیرم لە ووتەکانی کردەوە و ترسێکی گەورە دای گرتم...

ووتم: چی بکەم؟! ڕیشاڵەکانی باوەڕ، کە چەندەها ساڵە پشت گوێم خستووە لە ناخمدا دەستی کرد بە جووڵان، ئەو ویژدانەی ماوەیەکی زۆرە نووستووە ڕاچڵەکایەوە و بەئاگا هاتەوە، بەڵام دوای چی؟! دوای ئەو هەموو بێ ئاگاییە... دەستم کرد بە لە خۆپرسینەوە، کوا هاوسەرێتی؟! لە کوێیە ئایین، کەس و کار، داوێن و شەرەف، خەڵك و ئاگر، کچێتی. ئەمە ئابڕوو چوونێکە دەرباز بوونی نیە.

پێم ووت: هەرگیز ئەوە ڕوونادات پێش ژیانی هاوسەرێتی.

ووتی: ئەی داماو گەر ئێستا قایل نەبیت، لای هەموو خەڵك و خێزانەکەت ئابڕووت دەبەم، وێنەکانت، گفتوگۆکانت، کە لەگەڵمدا کردووتە بە تەلەفۆن هەموویم تۆمار کردووە، ئابڕووی خۆت و بنەماڵەکەت لە ژێر دەستمدایە... ئەو ساتە بوو بەدۆزەخێك بۆم، کە وەسف ناکرێت، هەڵە و تاوانی خۆم بوو هێنامە سەر خۆم، چ سوودێکم دەست کەوت لەو تەلەفۆنانە؟! لەو پەیوەندییە ناشەرعی و ڕێ پێ نەدراوە؟! کچەکە بەچی گەڕایەوە؟ ئەو گورگە ناچاری کرد و توانی زەفەری پێ ببات بەهۆی ئەو داوەی، کە ئەمە چەند ساڵێکە ئارامی گرتووە لەسەری، تا نێچیرەکەی دەست بکەوێت... کچەکەش بە نا ئومێدی و سەرشۆڕی هاتەوە، بێ هاوسەر، بێ زەماوەند، بێ نیشان و مارەیی، تەنها ئابڕووچوون و گیرۆدە بوون و سەرشۆڕی بۆ مایەوە. (١)

Scanned with CamScanner

◂◂ بڕوانە بۆ ئەو ئافرەتەش کە لەبەر نەزانینی بەکارهێنانی تەلەفۆن دەبێتە قوربانی، (پەری) ئافرەتێکی تەمەن ٣٠ ساڵانە و ماوەی ١٢ ساڵە شووی بە (کاروان)ی کوڕە پووری کردووە، ئێستاکەش چوار منداڵی هەیە، ناوبراو دە ڵێت: مۆبایل لە بری ئەوەی خۆشیەکم لە ژیانم پێ ببەخشێت کەچی ژیانی لێ کردمە دۆزەخ و چارەنووسێکی نادیاری لێدام.

(پەری) دەڵێت: زۆر دڵخۆش بووم بەوەی دوای چاوەڕوانیەکی زۆر منیش وەکو هەموو کەسێك بوومە خاوەن مۆبایلی خۆم، هاوکات دەتوانم لە زۆر لە بوارەکانیشدا کارئاسانیم بۆ بکات لە ژیانی ڕۆژانەم، بەڵام ئەوەی هیچ ساتێك بیرم لێ نەکردبۆوە ئەو ڕووداوە بوو، کە ئێستا من پێیدا تێدەپەڕم، واتە: لەسەر نوکەی مۆبایل تەڵاق بدرێم... نیوەڕۆ بوو و بە تەنیا لە ماڵ بووم، هێشتا هاوسەرەکەم لە کارکردن نەگەڕابۆوە و سێ لە منداڵەکانیشم لە قوتابخانە بوون، کە لە پڕ نوکەیەك بۆ مۆبایلەکەم هات، سەیرێکم کرد ژمارەکە نەناسراو بوو، گوتم دیارە بەهەڵە لێدراوە، وازم لێهێنا، نزیکەی کاتژمێرێك دوای ئەو نوکەیە، لە ماوەی دوو خوولەکدا سێ نوکەی دیکەم بۆ هات و ناچار گوتم نەوەك کەسێکی ناسیاو بێت، سەنتی نەبێت و کاری هەبێت، زەنگێکم لێدا کەسێك وەڵامی دامەوە بەڵێی دەنگەکەی تەمەنی ٢٠ ساڵان دەبوو و گوتم کاکە نوکت لێداوە، کەچی ئەو بە تووڕەبوونێکی زۆرەوە وەڵامی دامەوە بەجۆرێك کۆمەڵێك قسەی ناشیرینی پێ گوتم، دوای چەند دەقەیەك قسەکردن لەسەرم داخست، وازی نەهێنا ناچار ئامێرەکەم کوژاندەوە.

بەرلەوەی هاوسەرەکەم بگەڕێتەوە مۆبایلەکەم داگیرساندەوە، چونکە گوتم نەوەك بلێت بۆ داتخستووە، لەسەر سفرە سەرقاڵی چێشت خواردن

Scanned with CamScanner

بووین لەماوەی یەك دەقیقەدا چوار نووکەم بۆ لێدرا هەر ئەو کەسە بوو، کە قسەم لەگەڵی کردبوو، بۆیە کاروانی هاوسەرم کەوتە گومان و پرسیارکردن، هەرچەندی گوتم: کە نایناسم بێ سوود بوو، کێشەکە تەشەنەی کرد و ئەو ڕۆژە بە زوویربوویی چومەوە ماڵی باوکم، باوك و براکانم زۆر هەوڵیاندا، کە لەگەڵ ئەو کەسەی نوکەی بۆ لێدابووم قسە بکەن، بەڵام نەیانتوانی هەرچەندە ویستیان کاروان لە مەسەلەکە ئاگادار بکەنەوە ئەویش سوودی نەبوو.

ئێستاکەش نازانم ئەو کەسە کێبوو بۆ من لەوکاتەدا پەیدابوو و منی دووچاری ئەو کێشەیە کرد؟ ماوەی شەش مانگ بە زوویربوون هەر لە ماڵی باوکم مامەوە، لەم ماوەیەشدا هەوڵێکی زۆرمدا، کە کاروان بهێنمە ئەو بڕوایەی، کە ئەو کەسە ناناسم، کە نووکەی بۆ لێداوم، بەڵام هەر سوودی نەبوو.

ئەوەبوو بە ناچاری تەڵاق درام، زۆریشم داواکرد، کە منداڵەکان لای من بن و ئامادە بووم بە خێویان بکەم، بەڵام بەو داوایەش ڕازی نەبوون و بە زیندوویی منداڵەکانیان لەبەر جەرگم هەلگرت، ئەمەش مۆبایل!![1].

## سێیەم: کەمتەرخەمی دایك وباوك و شپرزەیی خێزان:

یەکێکی تر لەو هۆکارانەی کە لاوان بە هەڵە پێی تووشی ئەنجامدانی خۆشەویستی دەبن، ئەویش کەمتەرخەمی دایك وباوکە، چونکە منداڵ کاتێك گەورە دەبێت بیر لە خۆشەویستی هاوبەشی ژیانی دەکاتەوە، جا دەبێت دایك و باوك ڕاستی ئەم باسانە بۆ ڕۆڵەکەیان ڕوون بکەنەوە، بەڵام

Scanned with CamScanner

بەداخـەوە زۆر دایـك وبـاوك هەیـە، وەكـو ژیـانی ئاژەڵانـە دەژیـن، كـە كۆمـەڵێك منـداڵیان هەیـە، وەكـو ئـەوە وایـە كۆمـەڵێك ئاژەڵیـان هەیـە بەڕەڵای دەرەوەیان دەكەن بەبێ ئەوەی بزانن چی دەكەن چی ناكەن!! زۆر بەداخـەوە زۆر لـە دایـك وباوكـان، ڕۆڵـەكانیان تـاكو دەگەنـە (٢٠) سـاڵیش شـتێكی باشیان فێرناكـەن، پاشـانیش كـە تووشـی كێشە و چەرمەسـەریان دەكەن و مافیـان نـادەن گلـەیان لـێ دەكـەن، گلـەی لـێ مەكـە چونكە هیـچ شـتێكی باشـتان فێرنـەكردووە و مـافێكی ئـەویتان نـەداوە تـاكو لـەژێر بەرەكەی بحەسێنەوە.

هەر وەك كورد دەڵێت: ((گیا لەسـەر بنجی خـۆی ئـەڕوێتـەوە..))، یـان (( چی بچێنی هەر ئەوە دەدووریەوە..)).

كۆمەڵناسـان پێیـان وایـە بەشـێكی زۆری ئـەو تاوانانـەی منـداڵان و هـەرزەكارانی تەمـەن (١٠-١٥) سـاڵان ئـەنجامی دەدەن، ئەوانـەن كـە لـە خێزانێكـی بـێ بـاوك و شـپرزە و نـاجێگیردا دەژیـن و گـەورە دەبـن ئـەم حاڵەتە كار دەكاتە سەر ڕەفتاری خراپ و لە ڕێ دەرچوونیان). [١]

كەواتە لە سەردایك و باوك پێویستە، زۆربە وردی ئاگـادار و چاودێری ڕۆڵـەكانیان بـن، كاتێـك هەراشـیش دەبـن ڕاسـتی ئـەو باسـەیان بـۆڕوون بكەنەوە.

Scanned with CamScanner

## راستیەکان دەدووێن:

◄◄ بڕوانن ئەو خانەوادە چوونکە بە شپرزەی و بێ لێپرسینەوە لە نەوەکانیان و دوور لە دین پەروەردە بوونە چیان بەسەر دێت، بزانن چۆن خاڵێك ئەویندارى خوشکەزایەکەی دەبێت؟!

(دڵنیا) ئەو کچەیە، کە خاڵێکی هەبوو بە ناوی (بهزاد) ئەو خاڵەی زۆر دەهاتەماڵیان، هەر بۆیە خۆشکەکەی، کە دەکاتە دایکی (دڵنیا) زۆر (بهزاد)ی خۆش دەوێت، چونکە وای دەزانی بە ڕەحمە بۆیان و سەردانیان دەکات، بەڵام (بهزاد) لەبەر خاترى خوشکەکەی سەردانی نەدەکردن، بەڵکو عاشقی (دڵنیا)ی کچە خوشکی ببوو، کەچی کەس بەو عیشقەی نێوان ئەو خاڵە و خوشکەزایەکەی نەدەزانی، بەڵام شێوەی ئاشکرابوونی بەم شێوەبوو، کە ڕۆژێکیان (بهزاد) دێتە ماڵی خوشکەکەی داوا لە خوشکەکەی دەکات (دڵنیا)ی کچی ببات بۆ ماڵی خۆیان، چونکە دایکی نەخۆشە دایکی دڵنیاش دەڵێت: کچم بڕۆ ماڵی داپیرەت وخزمەتی بکە و تاکو چاك دەبێتەوە مەگەڕێوە، جا کاتێك دەڕۆن (بهزاد) یەکرێ کچە خوشکەکەی دەبات بۆ ماڵی هاوڕێیەکی، لەوێ دەڵێت: ئەوە خۆشەویستمە، ئەو ماڵەش ناپرسن چۆن کچی خەڵك شەوان لەلات دەمینێتەوە، دواى دوو شەو (بهزاد) دەیباتەوە ماڵی خۆیان، کە دەچن دەبینن دایکی دڵنیا لە وێیە و ڕوو دەکاتە کچەکەی و دەڵێت: ئەی تۆ نەهاتووی خزمەتی داپیرت بکەی؟! ڕوو دەکاتە براکەشی دەڵێ: ئەی تۆ نەتگووت دایە نەخۆشە کا نەخۆشە؟

ئەوانیش هەر دووکیان دەست دەکەن بە درۆکردن، (دڵنیا)ش دەڵێت: خاڵم هاوڕێیەکی هەبوو سەیارە لێی دابوو ئەو دوو شەوە لەوێ بووین، بە هەر حاڵ بە درۆ خۆیان دەپەڕێننەوە، شەو دایکی دڵنیا تاکو درەنگ خەوی لێ ناکەوێت، بەڵام ئەوان وا دەزانن خەوی لێ کەوتووە، بۆیە یەکرێ دەڕۆن بۆ حەمامەکە، دایکی دڵنیاش بە دوایاندا دەڕوات دەبینێت کچەکەیو براکەی خەریکی کاری ناشەرعین، کە ئەوەدەبینێت دەشڵەژێ و لە کچەکەی دەدا و بەو شەوە دایکی و براکانی ئاگادار دەکاتەوە، کە شتێکی وا ڕوویداوە، بەڵام ئەوان بڕوا ناکەن، بۆ بەیانی هێشتا سپێدە هەڵنە هاتبوو دایکی دڵنیا دەستی دڵنیا دەگرێت و دەیباتەوە بۆ ماڵ، کاتێک دەگەنەوە ماڵ پێیان سەیر دەبێت، دەڵێن: ئەی قەوڵ وانەبوو چەند ڕۆژێک لەوێ بن؟ ئەویش هیچ قسەناکات، بەڵام دوای کەمێک دەبینێت براکەی دیسان دێتەوە ماڵیان، ئەویش لە ترسی کوڕەکانی و پیاوەکەی هیچ ناڵێت، نەوەکا شەرمەزار بێت، چونکە پیاوەکەی زۆر ڕێزی براو کەس وکاری ئەوی دەگرت، (بهزاد)ی برای چاوەڕوان دەکات، تاکو ماڵیان چۆڵ دەبێت، جا کاتێک ماڵ چۆڵ دەبێت، تەنها خۆی و دڵنیای کچە خۆشکی و دایکی دڵنیا بە تەنها دەمینێنەوە، (بهزاد) دەستی دڵنیای کچە خۆشکەکەی دەگرێت و دیبات، دایکی دڵنیاش ڕێگەیان لێ دەگرێت، بەڵام بەداخەوە دەکەوێتە ژێر هێرشی براکەی و قسە ناشیرینەکانی، دڵنیای کچیشی دەڵێت: دایە من (بهزاد)ی خاڵم خۆش دەوێت و هەر ئەوم دەوێت، جا کاتێک پیاوەکەی وکوڕەکانی دەگەڕێنەوە دەترسێ نەوەکا براکەی دەستدرێژی بکاتە سەر کچەکەی ڕاستەو خۆ پێیان دەڵێت: کە شتێکی وا ڕوویداوە، ئەونیش بەپەلە خۆیان دەگەیەننە ماڵی داپیرەی دڵنیا، کەچی دەبینن لەوێش نین لەوێ هەموو شوێنەکان دەگەڕین، تاکو

Scanned with CamScanner

شەو چاوەڕوان دەکەن نایەنەوە، دواتر دەچنە ماڵی هاوڕێیەکەی (بهزاد) دەبینن لە وێنە، دواتر دەیانبەنەوە ماڵ و لێیان دەدەن و دەڵێن: ئێوە مارەیتان لێك نایەت... شەو کوڕە و کچە خۆیان دەگەیەننە یەك و بە ئاسپای لە ماڵ هەڵدێن، ئەو شەوە سەعات ٣ دەبێت نازانن ڕوو لە کوێ بکەن، نزیکی بەرە بەیان سەیارەیەك دەگرن بەرەو سنووری ئێرانیان ببات، باوکی دڵنیاش لە خەفەتا نازانێت چی بکات، دەچێت خەبەری پۆلیس دەدات، دواتر پۆلیس لە نزیکی سنووری ئێران دەست گیریان دەکات. [١]

⏪ دوو کچ لە تۆڵەی ئەوەی نەنکیان مافیانی پێشێل کردووە نەنکیان دەکوژن.

دوو کچ یەکیان تەمەنی (١٧) ساڵە و ئەوتریان تەمەنی (١٦) ساڵە، ئەو دوو کچە نەنکی خۆیان دەکوژن، پاشان هەڵدێن، دواتر دەستگیر دەکرێن و لێکۆلینەوەیان لەگەڵدا دەکرێت.

لە ئەنجامدا دەڵێن: ئێمە بۆیە نەنکی خۆمان کوشتووە، چونکە مامـمان دەستدرێژی کردۆتە سەرمان کەچی نەنکمان دەشیزانی بێ دەنگ بوو هیچ قسەی نەدەکرد، ئێمەش لە تۆڵەی ئەوە کوشتمان...

پاشان ووتیان: مامێکی تریشیان هەبوو بە هەمان شێوە دەستدرێژی کردۆتە سەرمان. [٢]

## چوارەم: کاریگەری خراپی دەزگاکانی ڕاگەیاندن:

یەکێکی تر لەو هۆکارانەی کە لاوان لە ڕێگایەوە بە هەڵە فێری خۆشەویستی دەبن، کاریگەری خراپی دەزگاکانی ڕاگەیاندنە، جا تەلەفیزیۆن بێت یان کە ناڵی ئاسمانی یان ڤیدیۆ یان سینەما یان ئەنتەرنێت یان ڕۆژنامە یان ڕادیۆ، بەڕاستی دەزگاکانی ڕاگەیاندن، دەتوانن کۆمەڵگا بەرەو داڕووخان بەرن، دەشتوانن کۆمەڵگا بەرەو چاکسازی و کامەرانی بەرن، بەڵام بەداخەوە ئێستاکە دەزگاکانی ڕاگەیاندن بە هەموو توانایان هەوڵدەدەن، بۆ ڕوخاندنی کۆمەڵگا و تاڵ کردنی ژیانی گەنجان، بە جۆرێك کە خراپەکاری دەکەنە پێشەنگی لاوان، لاویش لاسای دەکاتەوە.

دەبینین کاتێك (صدام)ی دکتاتۆر لەسێدارەدرا، پاشانیش لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن پێشاندرا، داوتر چەندین منداڵ و هەرزەکار لاساییان دەکردەوە، لە سعوودیە گەنجێکی ١٢ ساڵە لاسایی کردۆتەوە و خۆی لە سێدارەدا و مرد، لە یەمەنیش منداڵێك خۆی لە سێدارەدا، دوای سێ ڕۆژ منداڵێکی تری ١٣ ساڵە لە بەر چاوی برادەرەکانی خۆی لە سێدارەدا دواتر چەند هەوڵیدا خۆی ڕزگار بکات، بەڵام بێ سوود بوو ومرد، لە پاکستانیش منداڵێکی ٩ ساڵە بە هاوکاری خوشکە ١٠ ساڵەکەی لاسایی (صدام)ی کردەوە و خۆی خنکاند، لە ئەمریکاش منداڵێکی تەمەن ١٠ ساڵە خۆی لە سێدارەدا، لە جەزائیریش منداڵێکی تەمەن ١٢ساڵە کۆمەڵێك برادەری کۆکردبۆوە، تاکو لە سێدارەدانەکەی ببینن، پاشان وەك (صدام) خۆی لە سێدارەدا و مرد، کچێکی هیندیش بۆ ئەوەی بزانێت

Scanned with CamScanner

ئازاری لە سێدارەدان چۆنە خۆی لە سێدارەدەدا و دەمرێت. [١]

دوای کۆتایی هاتنی زنجیرە دراما "خۆشەویستییەکی خەمناك" و کوشتنی کەسایەتیی ژوانیۆن[٢] لەدراماکەدا لە سۆران زیاتر لە٩ کەس هەوڵی خۆکوشتنیاندا، لە گەڕەکی بەرگوان خوشکو برایەك بەناوەکانی (ش-ئ) زیاد لە٣٠ دەنك حەب دەخۆنو ڕەوانەی نەخۆشخانەیان دەکەن دواتر ڕەوانەی هەولێردەکرێن، هەروەها لەگەڕەکی (بارزان) کچێك بە ناوی (ن) هەوڵی خۆکوشتن دەدات، بەڵام ماڵەوەیان ڕێگردەبن لەبەردەمی، لە گەڕەکی کارگەی قیری سۆرانیش دووکوڕ بەناوەکانی (م-س) هەوڵی خۆکوشتندەدەن بە شروب، بەڵام کۆتایی بەژیانیان نایەت، لەشەهیدانی ئازادیش دوو ئافرەت هەوڵی خۆکوشتن دەدەن، بەڵام گیان لە دەستنادەن، هەروەها لەگوندی باپشتیانی سەربەقەزای سۆران دوو خۆشەویست هەوڵی خۆکوشتندەدەن، بەڵام هەوڵەکەی ئەوانیش سەرناگرێ[٣].

کچێکی تەمەن (١٥) ساڵان بە هۆی کاریگەری ڕاگەیاندنەوە خۆی دەکوژێت، دایکی کچەکە دەڵێت: کچەکەم بە هۆی کاریگەری ئەڵقە دۆبلاژ کراوەکانەوە خۆی کوشت... کچەکەم زۆر هۆگری فلیم بوو، پێی دەووتم وەرە بۆم تەرجمە بکە لە عەرەبییەوە بۆ کوردی، سەیری فلیمی لەمیسی دەکرد بە کوردییەکەی ناوی فلیمەکە گوڵی خوێناوی بوو. [٤]

بەڵێ: منداڵ و لاوەکان کاتێک شتێک لە ڕاگەیاندنەکان دەبینن، بەم شێوە لاسایی دەکەنەوە، جا ئەگەر باش بێت ئەوە هەموو لایەکمان سوودمەند دەبین، بەڵام ئەگەر خراپ بێت ئەوە هەموو لایەکمان زەرەرمەند دەبین.

هێندێ لە زانایان توێژینەوەیەکیان لەسەر (٥٠٠) فلیم کرد سەرئەنجام دەرکەوت لە (٧٢٪)ی بابەتی فیلمەکان تاوان و عیشق و بەدڕەوشتی لە خۆگرتوە.

(د. هوب)ی ئەمریکی دەڵێت: ئەو فلیمانەی لە جیهاندا بەربڵاوە تەنها بۆ بازرگانی بڵاوی دەکەنەوە، بابەتەکانی ئارەزواتی مرۆڤ دەجولێنن، هەر وەك زۆرێك لە ئافرەتانی هەرزەکار لاسایی دەکەنەوە شتی لێ فێردەبن...

بۆ لێکۆڵەرەوەکان دەرکەوتووە کە لاوەکان لە سینەما و ڤیدیۆ و تەلەفیزیۆن فێری دڵداری و هەستی ئارەزوواتی بەدڕەوشتی و دەست بازی دەبن[1].

ڕاپۆرتێك لە ڕۆژنامەی (دیلی میل)ی بەریتانیدا هاتووە دەڵێت: ئێستاکە سێکس بە پلەی یەکەم دێت لە ئەنتەرنێت کە لە هەموو بابەتێکی تر سەیری بکرێت.[2]

بەڕاستی دەزگاکانی ڕاگەیاندن کاریگەری زۆریان هەیە لەسەر لاوان، بزانە ئەو ئافرەتە تەمەن ١٨ ساڵە دەڵێت: من هەموو کات بیر لەوە دەکەمەوە کە خۆم بکوژم، چونکە هەموو کات ئارەزواتەکانم هەموو

Scanned with CamScanner

جەستەی داگرتوومە ئاگری تێبەرداوم، هەر وەکو چۆن کوللە جەستەی مرۆڤ کوندەکات و دەیکوژێت، هەر کاتێک سەیری فلیم دەکەم یان چیرۆکێکی دڵداری دەخوێنمەوە ئەوە ئارەزواتم دەجولێت و خۆم پێناگیرێت.[1]

گۆڤاری (الأنباء) لە بارەی گۆڕینەوەی نامەی دڵداری پرسیاری هۆکارەکەیان لە هێندێ لەو لاوانە کرد کە ئەو کارەیان دەکرد، هێندێکیان دەیان گووت: لەو هۆکارە سەرەکیانەی کە ئافرەت پەیوەندی دڵداری لەگەڵ کوڕان دەبەستن، چاو لێکردن و کاریگەربوونیانە بەو زنجیرە تەلەفیزیۆنانەی کە باس لە دڵداری دەکات...

یەکێکی تر دەڵێت: بەڕاشکاوی دەڵێم تەلەفیزیۆن فێرمان دەکات چاوبازی لەگەڵ ئافرەتان بکەین.[2]

(د. براندون)دەڵێت: کە بۆ یەکەم جار لە ساڵی (١٩٤٥.ز) تەلەفیزیۆن چووە (امریکا)و (کندا) لە ساڵی (١٩٤٥تاکو ١٩٧٤.ز) لە(امریکا) (٩٣٪) ڕێژەی کوشتن بەرزبۆوە، لە (کندا)ش (٩٢٪) ڕێژەی کوشتن بەرزبۆوە، بەلام حوکمەتی (جنوب افریقا)، لەبەر چەند هۆی سیاسی نەیهێشت تەلەفیزیۆن بچێتە وڵاتەکەیان، جا ڕێژەی کوشتن تا ئەوکاتی تەلەفیزیۆن نەچووبوە وڵاتەکەیان (٧٪)، کە دەکاتە ساڵی (١٩٤٥تاکو ١٩٧٤.ز)، پاشان لە ساڵی(١٩٧٥.ز) تەلەفیزیۆن چووە وڵاتەکەیان، ئەو ئامێرە تەواو کاریگەری لەسەریان هەبوو، بەجۆرێك کە لە ساڵی(١٩٨٩.ز) ئامارێك بڵاوبۆوە، کە

Scanned with CamScanner

سالی(١٩٨٧.ز) بەراورد لەگەڵ ساڵی(١٩٧٥.ز)ڕێژەی کوشتن بەرزبۆتەوە بۆ(١٣٠٪). [1]

(د. فیکتور کلاین) دوای ئەوەی توێژینەوەی لەسەر ئەو کەسانە کرد، کە تووشی دەستدرێژی کردن و تاوان هاتبوون، لە ئەنجامدا بۆی دەرکەوت کە هەبوونی ئەو کەناڵە بێ ڕەوشتانە لە ماڵدا کاریگەری خراپیان دەبێت، وەك دەستدرێژی کردنی کوڕە هەرزەکارەکان بۆ سەر خوشکەکانیان. [2]

لە توێژینەوەیەکدا، کە کۆمەڵێك گەنجی میسری لەسەر یەکێك لە تۆڕەکانی ئینتەرنێت پێی هەڵساون، گەیشتوونەتە ئەو دەرەنجامەی کە زۆربەی هەرە زۆری حاڵەتی پەلاماردان و دەستبۆبردنی ئافرەتان لە ئەنجامی سەیرکردنی گۆرانی و ڤیدیۆکلیپەوەیە کە تێیدا ئافرەتان بە شێوەی نیوەڕووت پیشان دەدرێن و ئەمە کاردانەوەیەکی خراپ لەسەر دەروونی لاوان دروست دەکات و بەرەو ئاراستەیەکی ناڕێکیان دەبات.

توێژینەوەکە دەڵێت، کە (٧٥٪)ی گەنجان لەسەر ئەوەن، کە هۆی بڵاوبوونەوە و زۆربوونی دەستبۆبردن و ئیغتیسابی ئافرەتان بەهۆی ئەو ڤیدیۆکلیپانەوەیە، کە لە کەناڵە ئاسمانییەکانەوە پەخش ئەکرێن. ئەمە سەرەڕای زیادبوونی حاڵەتی ژن نەهێنان، کە زۆرێك لە گەنج و لاوەکان بەهۆی نەتوانینی هەڵگرتنی تێچووی ژنهێنان و زۆریی مارەیی ناتوانن ئاواتی ژیانیان بەجێ بێنن. [3]

---

(١) ضحايا الحب (ل: ٨٦).
(٢) ضحايا الحب (ل: ٩١).
(٣)سایتی:www.dangiislam.org،ئەویش لەسایتی(العربيه.نت)ی وەرگرتووە.

Scanned with CamScanner

## چەنـــد سەرنجێك:

★ ئێـــستاکە دەبیـــنین زۆرێـــك لـــە گۆرانیـــەکان بوونەتـــە هۆکـاری فـەسـادکردن و ڕێ خۆشـکەری داوێنپیـسی، بـەتایبـەت ڤیـدیۆ کلیـپ، بـە جۆرێك کە هیچ موراعاتی ئایین و خـوو و ڕەوشـتی کۆمـەڵگا و دەوروبـەر ناکەن، بـەڵکو ئامانجیـان تـەنها بازرگـانی کردنـە بـە لاشـەی ئـافرەتـەوە و پاشانیش بڵاوبوونەوەی بێشەرمی و بەدڕەوشتی لە ناو کۆمەڵگادا.

★ بەداخەوە ئێستاکە زۆربەی کەناڵەکانی خۆشمان ڕەواج بەو فەسادیە دەدەن و بـڵاوی دەکەنەوە،کـە گـورانی وفیملـی وا پیـشانی خـەڵکی دەدەن بەڕاستی مرۆڤ شەرم دەکات سەیری بکات، بێ ئـەوەی گـوێ بدەنـە ئاین و دابونەریتی ڕەسەنی کۆمەڵگا، کەچی بانگەشەی ڕەسەنایەتیش دەکەن.

★ بێگومان پێشاندانی ئەم جۆرە گۆرانی وفلیمانـە گەنجـەکانمان بـەرەو هەڵدێر و بێ ڕەوشتی دەبەن و خێزان و کۆمەڵگا بەرەو داڕوخان دەبەن.

★ ئەوانـــەی ئـــەو کارانـــە دەکـــەن و ڕەواج بـــە فەســـادی دەدەن بـــەر هەڕەشەی خـوای گـەورە دەکـەون کـە دەفـەرمووێ: ﴿ إِنَّ الَّذِينَ يُحِبُّونَ أَن تَشِيعَ الْفَاحِشَةُ فِي الَّذِينَ آمَنُوا لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ وَاللَّهُ يَعْلَمُ وَأَنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ ﴾ (النور: ١٩)، واتـە: بەڕاستی ئەوانەی پێیان خۆشە داوێن پیسی و فەسادی بڵاوبێتەوە لە ناو بـڕواداران، ئـا ئەوانـە سـزای بەئێـشیان بۆ هەیە لە دنیا و دوارۆژ خوا بۆ خۆی دەزانێت -سەرەنجامی داوێن پیـسی بە کوێ دەگات- ئێوە نازانن.

Scanned with CamScanner

★ پێویستە لەسەر خێزانی موسڵمان ئاگاداری ماڵ و منداڵی خۆی بێت لە سەیرکردنی ئەو جۆرە فلیم وگۆرانی وسیدیە زیان بەخش و بێ سوودانە، ئەگەر وریایان نەبێت ئەوکات ماڵ و منداڵەکەی ڕۆدەچن لە بەد ڕەوشتی و خێزانەکەیان دادەڕووخێت.

☐ **ڕاستیەکان دەدووێن**: بڕوانن بۆ ئەو کوڕە لاوە، کە بە هۆی خراپەی دەزگاکانی ڕاگەیاندن چی بەسەر دێت:

خێزانێك کە پێك هاتوون لە ژنێك و پیاوێك، کە کوڕێکی تەمەن ١٤ ساڵ و کچێکی ٢٠ ساڵ، جا لە سەری ساڵدا ژن و پیاوەکە دەچن بۆ ئاهەنگ، کوڕ و کچەکەشیان لە ماڵ بە جێ دەهێڵن... کچەکە دوای ڕۆشتنی باوك ودایکی هیچ کاری نابێت بۆیە دەچێتە ژوورەکەی خۆی و دەخەوێت، کوڕەکەش دەچێت لە پێش سەتەلایت دادەنیشێت، کۆنتڕۆڵی لەدەستدایە کە نال لە دوای کەنال دەگۆڕێت، لە ناکاو چاوی دەکەوێتە سەر کەناڵێکی بەدڕەوشتی، ئەویش بەبێ دەنگی سەیری دەکات...

بەڵێ: خوشکەکەی خەوتووە و کەسیش لەماڵ نیە، کەواتە کاتێکی گونجاوە بۆ ئەو، ئەویش بەو شەوە کەناڵەکان دەگۆڕێت چاوی لەسەر فلیمێکەوە بۆ فلیمێکی تری بێ ڕەوشتی، ئەویش واقی وڕ دەمینێت بەبێ دەنگی سەیری دەکات، بەردەوام سەیری ئەو فلیمە دەکات، تاکو خۆی پێ ڕاناگیرێت!! دەبێت ئەو هەرزەکارە چی بکات؟

دەبێت چی بکات لە کاتێکدا پەروەردەی دینی نەکرابێت..؟! دەبێت چی بکات؟! لە کاتێکدا کەس لە ماڵ نیە چاودێری بکات..؟! دەبێت چی بکات لە کاتێکدا ئەقڵی کەوتۆتە ژێر دەستی ئارەزواتی..؟!

Scanned with CamScanner

دەست بەجێ خوشکەکەی بیردەکەوێتەوە، کە خەوتووە، بۆیە دەچێتە ژووی خوشکەکەی و دەیەوێت دەسدرێژی بکاتە سەر خوشکەکەی، کە خوشکەکەی خەبەری دەبێتەوە دەبینێت براکەی بە سەرشێتی لەسەریەتی لە هۆش خۆی دەچێت، بەڵام براکەی گوێ ناداتە لە هۆش چوونی خوشکەکەی، بەڵکو چی پێخۆشە دەیکات... کاتێك کچەکە بە هۆش دێتەوە دەبینێت ئابڕووی تکاوە، دەشبینێت براکەی بە دیاریەوە وەستاوە، ئەقڵی لە دەست دەدا و یەك بە دەنگی خۆی هاوار دەکات... بەجۆرێك، کە جیرانەکان هەموو دێنە دەرەوە و بەرەو ماڵی ئەوان دەڕۆن، کچەکە هاوار دەکات و ڕوو لە دەرگارا دەکات و دەیەوێت هەڵێت، بەڵام براکەی ڕێی پێ دەگرێت، بۆیە جیرانەکان دەرگاکە دەشکێنن دەچنە ژوورەوە دەبینن کوڕەکە بە دوای خوشکەکەی کەوتووە، لە کچەکە دەپرسن چی بووە؟ دەبینن لاڵ بووە ناتوانێت قسە بکات تەنها ئاماژە بۆ براکەی دەکات...

جا تەلەفۆن بۆ پۆلیس دەکەن کاتێکیش دەچنە هۆڵەکە دەبینن وا فلیمێی بێ ڕەوشتی پیشان دەدات ئەوکات زانیمان چی ڕوویداوە... ئیسعاف دێت کچەکە دەبەن، تاکو چارەی نەزیفییەکەی بکەن، کوڕەکەش پۆلیس دەیبەن، پاشان نزیکی بانگی بەیانی باوك ودایکە موحتەرەمەکەیان دێتەوە.

بەڕێزان ئەوەی ئەو ڕووداوە دەگێڕێتەوە دەڵێت: ئەوە شتێکی خەیاڵی نیە، یان لە گۆڤار، یان لە ڕۆژنامە خوێندبمەوە، یان گوێم لێبووبێت، بەڵکو ئەوەم بە چاوی خۆم بینیووە، کە لەو شوقەی منی لێبوو ڕوویداوە.[١]

## پێنجەم: تێکەڵاوی کوڕ و کچ:

یەکێکی تر لەو هۆکارانەی کە لە ڕێگایەوە لاو پێی لەڕێ دەردەچێ، تێکەڵ کردنی کوڕ و کچە، جا لە هەر شوێنێك بێت، قوتابخانە یان فەرمانگە یان ماڵ یان کار... هتد.

بەڕاستی تێکەڵاوی ئەو دوو ڕەگەزە زیانی زۆر بەگۆمەلگا دەگەیەنێت، هەر بۆیە ساڵی پار (٢٠٠٦) لە (امریکا) لە چەند قوتابخانەیەك بە داوای قوتابییەکان کوڕ وکچ لێك جیاکراوە. [1]

بەڵام بەداخەوە لە کوردستانیش هەر ئەم ساڵ بڕیاریاندا قوتابخانەکان تێکەڵ بکرێت.

هەروەکو هەموو شتێکی تر، کوردستان لەدواوە دەمێنێتەوەو ئەوەی پێش دەیان ساڵ باس کراوە تازە دەگاتە ئێرە، ئەو ئەفسانەیەش کە هەرەسی هێناوە تازە بەتازە لە کوردستاندا بانگەشەی بۆ دەکرێت... بێگومان ئەگەر زانستییانە بیربکەیتەوە، لەڕۆژئاوادا تێکەڵی ببووە واقعێك زانستێکی ساختە پشتگیریی لێدەکرد، لە شەستەکانی سەدەی بیستدا بەدەگمەن قوتابخانە مابوونەوە تێکەڵ نە بێت.. تێکەڵی هێندە زاڵ ببوو سەرۆکی کۆلێجێکی ئەمەریکی بەناوی کۆلێجی (ڤاسار) وتبووی کەس نەماوە دیفاعێکی بەهێز لە قوتابخانەی جیا بکات، ئەو زانیارییە لە ژمارەی ٥/٥/ ١٩٦٧ی گۆڤاری (تایم)ی ئەمەریکی دەیدات و دەڵێت لەمسەر تا ئەوسەری ئەمەریکا قوتابخانە جیاکان دەبنە تێکەڵ.. ڕۆژئاوا بەقەناعەتەوە ئەوەی کرد بەڵام دەبوایە هەر ئەو کاتە بیزانیایە کە ئەوە

تەنها تاقیکردنەوەیەکەو پێویستی بە سەلماندنە بۆیە پاش تاقیکردنەوە هەر خۆی ئێستا بەرەو ئەو قەناعەتە دەچێت کە هەڵەی کردووەو زیانەکانی تێکەڵی لە قازانجەکانی زۆرترن... لێکۆڵینەوە نوێکان دەیسەلمێنن کە تێکەڵی زیانی هەیە بەتایبەت بۆ کچان، بەر لەو لێکۆڵینەوانەش‌و هەر لەو بابەتە کۆنەی تایمدا، واتە لە گەرمەی تێکەڵیدا، قوتابییەکی قۆناغی دووەمی کۆلێجێک وتوویەتی کە ئەگەر ئافرەت هەموو کات لەو دەوروبەرەدا هەبن هیچم بۆ نەدەکراو هەموو کاتەکەم لەگەڵ ئەواندا دەبردە سەر..هەر لە ئەمەریکا ژمارەی قوتابخانە حکومییە جیاکان بەرێژەی ٣٠٠٪ زیادیان کردووە، ئەمەش ئاماری ساڵی ٢٠٠٢ ـە، واتا بەر لە پێنج ساڵ، هەر لەو ساڵەشدا سەرۆکی ئەمەریکا جۆرج بوش زیاد لە ٣٠٠ ملیۆن دۆلاری بۆ هاندانی خوێندنی جیا تەرخان کردبوو.. بابەتێکی ساڵی ٢٠٠٤ لە سایتی (میدڵ ئیست ئۆن لاین) (کراوە بە زمانی عەرەبی) دەڵێت هەردوو حزبەکەی ئەمەریکا پشتیوانیی هەنگاوەکان بەرەوە خوێندنی جیا دەکەن، واتە لەگەڵ ئەوەدان خوێندن جیا بێت.[١]

(فون هول)، کە پرۆفسیۆرێکی ڕۆژئاواییە کە موسلمانیش نیە دەڵێت: حەرامکردنی تێکەڵاوی ئافرەت لەگەڵ کەسانی بێگانە لە ڕوانگەی ئیسلامدا، وا ناگەیەنێت کە -موسلمانان- متمانەیان بە ئافرەت نیە، بەڵکو ئەوە هۆکارێکە بۆ پاراستنی ئافرەت، بەڕاستی لە ئیسلامدا ڕێزی ئافرەت گیراوە.[٢]

❐ **ڕاستیەکان دەدوێن**: بزانە ئەو داماوانە بە هۆی تێکەڵاوی چیان بەسەرهاتووە:

◄◄ ئەو پیاوە دەڵێت: دوو ساڵبوو ژنم هێنابوو هیچ گرفتم نەبوو، بەڵام خێزانەکەم زۆر داوای لێدەکردم کە کار بکات تاکو ژیانمان خۆشتر بێت، منیش هەر داواکەیم ڕەت دەکردەوە، بەڵام پاشان ڕازی بووم...

ئەوەبوو بە موچەیەکی کەم لە یەکێك لە پەیمانگاکان دامەزرا، دوای ساڵێك لە خۆبایتر بوو بۆیە داوای لێکردم کە ڕێگای پێ بدەم لە یەکێك لە وەزارەتەکان کار بکات یان لە دەزگایەك، منیش چونکە خێزانم ئافرەتێکی بەڕەوشت بوو و خاوەنی منداڵێکیش بوو متمانەم پێی بوو هەر بۆیە ڕازی بووم.

بەڵێ: ئەوەبوو دامەزرا لە دەزگایەك، بەڵام دوای چەند مانگێك ئەو کارەساتە ڕوویدا کە هەرگیز چاوەڕوانم نەدەکرد!!

خێزانەکەم لە کارەکەیدا لەگەڵ کابرایەك پەیوەندی بەستبوو، کابراش پیلانی بۆ دانابوو کە چی پێ بکرێت لە ماڵەکەم بیدزێت پاشان هەڵێن، ئەوەشیان کرد و ماڵیان وێران کردم(1).

◄◄ لە گۆڤاری (حواء)ی میسریدا هاتووە دەڵێت: ئافرەتێکی تێگەیشتوو و کامل کە لە یەکێك لە دەزگاکان پلەی بەڕێوەبەری هەبوو، چەند ساڵێکیش بوو بەویستی خۆی شووی بە کابرایەك کردبوو، دوو منداڵیشی لەو کابرایە هەبوو هیچ کێشەشیان نەبوو، تاکو ڕۆژێك

Scanned with CamScanner

کارمەندێکی تازە دێتە دەزگاکەیان.. ئەو ئافرەتە وای لێدێت دڵی بۆ ئەو کارمەندە تازە دەچێت پەیوەندی لەگەڵ دەبەستێ، هەر بۆیە پیاوەکەی خۆی لەپێش چاو ناشیرین دەبێت و ڕۆژی کێشەیەك بۆ پیاوەکەی دەبینێتەوە بە ئومێدی ئەوەی پیاوەکەی دەسبەرداری بێت و ژیان لەگەڵ ئەو کوڕە بەسەر بەرێت کە خۆشی دەوێت.[1]

«ئەو ئافرەتەش دەڵێت: من ئافرەتێکم تەمەنم (٢٢) ساڵە و شووم کردووە و دوو منداڵیشم هەیە، کێشەی من ئەوەیە کە لەو شوێنەی کاری لێ دەکەم تێکەڵ بووم لەگەڵ کوڕێك بۆیە دڵم کەوتۆتە سەر ئەو کوڕە کە تەمەنی (٢٣) ساڵە، جا ویژدانم ئازارم دەدا نازانم چی بکەم[2] چونکە من وام کرد ئەو کوڕە جێگای ببێتەوە لە دڵمدا.[3]

## شەشەم: دەست بەتاڵی و بێ کاری:

یەکێکی تر لەو هۆکارانەی کە لاو لە ڕێگایەوە تووشی داوی دڵداری دەبێت، دەست بەتاڵی و بێ کاریە، زانایانی (دەروونی و پەروەردەی) لە وڵاتانی ڕۆژئاوا کۆدەنگن لەسەر ئەوەی کە بەتاڵی بە یەکێك لە هۆکارە گەورەکانی ڕوودانی تاوان دادەنرێت، وە کۆکن لەسەر ئەوەی ئەگەر گەنج لە کاتی بەتاڵیدا بەتەنها لەگەڵ دەروونی خۆیدا مایەوە وە بۆچوونی خەیاڵاوی و ئارەزووی خراپ و وەهمی جنسی ووروژێنەری بەمێشکدا

Scanned with CamScanner

هات، ئەوا بێگومان کاتێك خۆی ئەبینێتەوە، کە بەدەم ئارەزوو و هەوای جنس و خەیاڵی دا ڕۆشتوە، و هەوڵ ئەدات بۆ ئەوەی ئەو خەیاڵ و خەون و ئارەزووانەی جێ بەجێ بکات، کە ئەمەش ڕای دەکێشێت بۆ کەوتنە ناو ئەو شتانەوە کە قەدەغە کراوە.

ئەمە تەنها بەسەر گەنجانی ڕۆژئاوادا ڕوونادات، بەڵکو هەموو گەنجانی جیهان بەشدارن و هەمان حاڵیان هەیە.

لەبەر ئەمەیە پێغەمبەرﷺ وەسیەتی کردوە کە پاشەکەوتی کات بکرێ لە بەتاڵیدا پێش ئەوەی ئەوەندە سەرقاڵ بیت، کە هیچ فەراغێکت نەبێت، وە تەمەنی گەنجێتی وەك هەلێك بقۆزرێتەوە و سودی لێ وەربگیردرێت پێش ئەوەی پیری بەسەرتا دابێت، وەنرخی لەش ساغی بزاندرێت پێش ئەوەی نەخۆش بکەوی، وە تا لە ژیانداى پێش ئەوەی بمرێت.

هەزار ڕەحمەت لە (ابن مسعود)بێت، کە دەڵێت: ((إني لأمقت الرجل أن أراه فارغًا، ليس في شيء من عمل الدنيا ولا عمل الآخرة)).

واتە: من ڕقم لەو کەسە دەبێتەوە کە دەست بەتاڵ و بێ ئیشە، ئەو کاتەی نە لە کاری دنیادا بەسەری ئەبات و نە لە ئاخیرەتیشدا. [1]

### حەوتەم: کاریگەری ژینگە و دەووروبەر:

یەکێکی تر لەو هۆکارانەی کە لاو پێی لەڕێ دەردەچێ، کاریگەری ژینگە و دەووروبەرە، چونکە بەڕاستی ژینگە کاریگەری تەواوی هەیە لەسەر مرۆڤ.

Scanned with CamScanner

هەر وەك (ابن تيميه) دەفەرمووێ: مرۆڤ ئەگەر لە ژینگەیەكدا گەورە بێت كەخەڵكی شانازیان بە ڕەوشتی جوانەوە دەكرد، مرۆڤ وای لێ دێت شانازی بكات بە ڕەوشتی جوانەوە، ئەگەر بە پێچەوانەوەش بوو ئەوە ئەو مرۆڤە وەك ئەو ژینگەیەی لێ دێت، كار لە خەڵكی ئەكا و خەڵكیش كاری تێدەكەن.

پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی: ((كُلُّ مَوْلُودٍ يُولَدُ عَلَى الفِطرَةِ، فَأَبَوَاهُ يُهَوِّدَانِهِ أَوْ يُنَصِّرَانِهِ أَوْ يُمَجِّسَانِهِ)).[1] واتە: هەر منداڵێك كە لە دایك دەبێت لەسەر فیتڕەت لە دایك دەبێت (بەمسوڵمانی) بەڵام پاشان دایك و باوكەكەی ئەیكەنە جولەكە یان گاور یان ئاگرپەرست.

دەروونی مرۆڤ توانای هەیە بۆ وەرگرتنی خێر و شەڕ، ژینگەش وای لێ ئەكات لێرەدا بەرەو باشی و بەردەوامی بڕوات، یان لەڕێ لابدات و فاسد ببێت.

گەورەترین مەترسیش لەسەر گەنج ئەوەیە، كە لە ناو دەوروبەرێكدا بژیەت كە ڕاڕای و گومان و شێواوی دەروونی و هەڵس و كەوتی تێدا بێت، جا ئەگەر ئەو دەوروبەرە خێزان بوو یان دەرەوە و كۆڵان بێت، هەریەكەو كاریگەری خۆی ئەبێت...

بۆیە پەروەردەكەرانی منداڵان وای دەبینین كە پێویستە: مرۆڤ لە تەمەنی هەرزەكاری دا كەشێكی چاك و باشی بۆ ساز بدرێت سەرەتا لە ناو خێزاندا پاشان لە قوتابخانە و كۆڵاندا، چونكە بێ گومان ئەو كەسانەی كە لە ماڵ و قوتابخانە و كۆڵان لەگەڵی دەژین كاریگەریان دەبێت لەسەری، وە

Scanned with CamScanner

دەرەوەی ماڵ ئەو شوێنەیە کە زۆرتر گەنج کاتی تێدا بەسەر دەبات، بۆیە ئەگەر ئەم شوێنانە باش بوون مرۆڤیش باش دەبێت ئەگەر نا بە پێچەوانە دەبێت.[1]

## هەشتەم: گەڕان بەدوای هاوســەر:

یەکێکی تر لەو هۆکارانەی کە کچان لە ڕێگایەوە تووشی داوی دڵداری دەبن و هەڵدەخەڵەتێن، گەڕانە بە دوای هاوسەر، چونکە زۆرێک لە ئافرەتان بۆ ئەوەی هاوسەرێك بۆ خۆیان بدۆزنەوە، دەگەڕێن پەیوەندی لەگەڵ کوڕێك دەبەستن، بەڵام ئەوە هەڵەیە چونکە ئافرەت داواکراوە، کوڕیش داواکارە، زۆرێك لە ئافرەتان وا دەزانن ئەگەر وا بکەن ئەوە زوو شوو دەکەن و سەرکەوتوو دەبن لەم کارەیان، بەڵام بەهەڵە داچوونە، لەبەر ئەوەی دەبینین زۆر ئافرەت هەیە چونکە بەحیشمەتە ئەوە زۆر کەس بە مەمنونی دەچێتە داوای بێ ئەوەی پەیوندیشی لەگەڵ کەس بەستبێت، کەچی زۆر ئافرەتیش هەیە بە نیازی ئەوەی شوو بکات، پەیوەندی لەگەڵ کوڕان دەبەستێت، جا کاتێك دەگاتە ئەوەی داوا لە کوڕە دەکات بێتە داوای کوڕە وازی لێ دەهێنێت.

(د. بشير خليل حداد) دەڵێت: لە ناو موسڵمانان بەگشتی و میللەتی ئێمە بەتایبەتی، ئافرەت داواکراوەوکوڕیش داواکارە، ئەم شێوەیە جوانە و شیاوە، چونکە هەست ناسکی ئافرەت و حەیای فیتریان، ڕێگا نادات، کە ئەوان خوازیاری کوڕان بن.[2]

□ **ڕاستیەکان دەدووێن:** بزانە ئەو ئافرەتە بۆ ئەوەی هاوبەشی ژیانی پەیدابکات چی بەسەر دێت، ئەو کچە دەڵێت: لە ماڵەوە تووڕە بووم بۆیە بەڕیارم دا بچمە ماڵی دۆستێکم، بەڵام زۆر گەڕام ماڵەکەیانم نە دۆزیەوە، دواتر ئەوەبوو کوڕێکم بینی بەناوی (ك) پەیوەندیم لەگەڵدا پەیدا کرد، ئەو سوێند و پەیمانی بۆ خواردم، کە منی کەوتۆتە دڵ و خۆشی دەوێم دەیەوێت بمخوازێت، ووتی ئەم شەو لەلام بمێنەوە بەیانی دەچم بۆ لای دایك و باوکم ئەوکات هەموو شتێك کۆتای دێت، پاشان پێی ووتم: من سەیارەم نیە بۆیە تەلەفۆن بۆ برادەرێکم دەکەم، تاکو بمان گەیەنێتە شوێنی مەبەست، ئینجا ئەو دەگەڕێتەوە...

ئەوەبوو برادەرەکەی هات، کە خاوەن ٦ منداڵ بوو، منیان هەڵگرت و بەرەو دەشتایی بردمیان، لەوێ منیان دابەزاند ئەوکات زانیم لێم بەفێڵن، ئیتر وەکو دڕندە چیان پێ خۆشبوو لەگەڵمدا کردیان منیش هیچم پێ نەدەکرا، پاشان بە(ك)ی خۆشەویستەکەم ووت: ئەگەر تۆ منت خۆشدەوێت دەمخوازی چۆن ڕێ دەدە کەسێکی تر کاری خراپەم لەگەڵدا بکات؟!

لەوەڵامدا زۆر بەنامەردانەو گاڵتە پێکردنەوە ووتی: ئەو کابرایەکی دەوڵەمەندە.

ئێستاکە من ژیانم لێ بووە بە دۆزەخ، کە خۆزگە بۆ مردن دەخوازم، چونکە ئەوان مەبەستیان خواستن نەبوو، بەڵکو ڕابواردن بوو.[1]

**نۆیەم: خۆپارازاندنـــــەوە:**

یەکێکی تر لەو هۆکارانەی، کە کچان پێی لە ڕێ دەردەچن و تووشی ئـەو دەردە دەبـن و کوڕانیـشی پـێ لـە خـشتە دەبـەن، خۆپارازاندنـــەوەیە، خۆداپۆشین و خۆ دەرنەخستنی ئافرەت، بۆ ئەوەیە، کە ئافرەت بە ڕێـزو پاراسـتراو بێـت لـە چـاو و دەسـتی خـەڵکی، بـۆ ئەوەیـە ئـافرەت وەك گەوهەرێك بە قەدر وڕێز بێت.

(د. مـەجروب) دەڵێـت: زۆرێـك لـەو کـچانەی کـە دوچاری دەسـتدرێژی دەبنــەوە، ئــەوە بەشـێکی ئۆباڵەکـەی بـۆ ڕەفتـار و لەبـەرکردنی جـۆری جلوبەرگەکەیان دەگەڕێتەوە. (١)

(محمد مرهف) دەڵێت: حیجاب ئـەوە نیـە، کـە لـە ڕێـزی ئافرەتی کـەم کردبێتەوە، یان بەو حیجابە ڕێگا لە ئازادی ئافرەت گیرابێـت کـە هێنـدێ کەس واگومان دەبەن، بەڵکو ئەو حیجابە بۆ پاراسـتنی ئـەو ئافرەتەیـە لـە چـاوی پیـاوان، تـاکو دەسـتدرێژی نەکەنـە سـەری و زەفـەری پێنەبـەن و ئازاری نەدەن، ئەگەر وابوو کەس سەیری ناکات. (٢)

دەبیـنین ئـەو ڕۆژئاوایانـەی ئینـسافیان هەیـە حیجـاب بـەڕێز دەزانـن بۆئافرەت.

(هملتن) یەکێکە لە نووسەرە ناودارەکانی ڕۆژئاوا لـە بـارەی حیجابـەوە دەڵێـت: ئـەو حوکمانـەی ئیـسلام دایەویـەتی لـە بـارەی چاودێری کردنـی ئافرەتەوە بۆ پاراستنیەتی لەو شتانەی زەفەری پێدەبەن و ئازاری دەدەن،

ئابرووی دەپارێزیت، بەڵکو ئیسلام، کە حیجابی بۆ ئافرەت فەرز کردووە ئەوە ناگەیەنێت، کە ئیسلام مافی پێشێل کردووە هەر وەکو هێندێ لە نووسەرە ڕۆژئاواییەکان وا گومان دەبەن.[1]

پرۆفسیۆر(فون هول) دەڵێت: حیجاب لە ڕوانگەی ئیسلام و حەرامکردنی تێکەڵاوی ئافرەتیش لەگەڵ کەسانی بێگانە، وا ناگەیەنێت کە -موسلمانان- متمانەیان بە ئافرەت نیە، بەڵکو ئەوە هۆکارێکە بۆ پاراستنی ئافرەت، بەڕاستی لە ئیسلامدا ڕێزی ئافرەت تەواو گیراوە.[2]

کەوابوو حیجاب ڕێزە بۆ ئافرەت نەك کۆت و زنجیر هەر وەك کەسانێك وا گومان دەبەن وا دەڵێن، بەڵام بە داخەوە ئێستاکە ئافرەتان جلی وا لەبەر دەکەن بە جۆرێك وا دەکەن سەرنجی خەڵکی بۆ خۆیان ڕابکێشن پاشانیش بۆ خۆیان زەرەرمەند دەبن، بەڵکو ئێستاکە زۆر ئافرەتیش هەیە گوایە حیجاب دەپۆشێت، بەڵام حیجابەکەی ئەوەندە تەسکە بە جۆرێك کە هەموو لەشی لە ناوی دیارە، کەچی دەڵێت من حیجابم پۆشیوە.

**راستیەکان دەدووێن:** بزانە سفوری و ڕووت و قوتی چەند زیان بە مرۆڤ دەگەیەنێت:

« ئەو کورە دەڵێت: من کوڕێکم لە شارێکی ترەوە هاتوومەتە هەولێر بۆ خوێندن، جا من چونکە هەرگیز وا دوور نەکەوتوومەتەوە لە ماڵ زۆر نیگەران بووم، هەر بۆیە لە فەراغیەکی زۆر دەژیام، ئەوەبوو لەو ماوەیە

ئافرەتێکم ناسی ئەو ئافرەتە زۆر یارمەتی دەدام بە جۆرێك کە هەستی تەنهایمی نەهێشت، جا ئەوەبوو ڕۆژێکیان ئەو کچە پێی ووتم: من تۆم خۆش دەوێت!!

منیش ووتم: باشە.. بەڵام من بە نیازی ژن هێنان نیم، چونکە بواری دارایم گونجاو نیە، ناشمەوێت لەگەڵ ئەو کچە تووشی خراپەبم و زیانی پێ بگات بۆیە پەوەندیم لەگەڵیدا پچڕاند، تاکو ٥ مانگ نەمبینیەوە، بەڵام ئەو دواتر هەر دەهاتە لام و خۆی دەڕازاندەوە و بۆنی خۆشی لە خۆی دەدا و سەرنجی منی بۆ خۆی ڕادەکێشا، منیش نیازی خواستنیم نیە و نامەوێتیش شتی خراپمان لە نێواندا ڕووبدات، کەچی ئەو بەو شێوە دێتە لام، جا نازانم چی بکەم؟!

بڕوانە ئەو کوڕە چەند خۆی دەپارێزێت، کەچی ئەو کچە بەو شێوە خۆی بۆ دەڕازێنێتەوە تاکو خۆی و کوڕەش تووشی خراپە بن. [1]

◄ ئافرەتێکی یابانی سەرگوزەشتەی خۆی باس دەکات و دەڵێت: من کچێکی یابانی تەمەن(٢٠) ساڵم، جوانی و قەشەنگیەکی کەم وێنەم هەیە، من بیرم ئەکردەوە، کە بەم جوانیەی خۆم لاوان کەمەندکێش ئەکەم و ئەوەی خۆم بمەوێ بە دەستی دێنم، ئەم جوانیەم ببوە هۆی بەخیلی کچانی هاوتەمەنم، من وام ئەزانی ئەم جوانییە بەختەوەریم بۆ دێنێ، هەرگیز بیرم لەوە نەئەکردەوە، کە لەوانەیە کلۆڵی وکوێرەوەریم بۆ بێنێ.

لە تەمەنی پانزە ساڵاندا تووشی ئازار ئەبووم بەهۆی توانج و قسە و چاوی لاوانەوە، لەتەمەنی هەژدە ساڵاندا تووشی ڕفاندن و دەسدرێژی

بووم، له ئەنجامی ئەو ئازارو ناڕەحەتییەوە تووشی ئازارێکی دەرونی زۆر دەبووم، هەر بۆیە بۆ ماوەیەك ڕۆیشتمە نەخۆشخانەی دەرونییەوە، تا حاڵەتی دەرونییم چاك ببێتەوە، پێنج مانگ پاش ئەوەی، كە هاتمە دەرەوە لە نەخۆشخانە جارێکی تر دیسان تووشی ڕفاندن و دەسدرێژی بوومەوە... ئەمە ئەوەندەی تر ڕووخاندمی... نەمدەزانی چی بکەم!! ڕوو لە کوێ بکەم!! پەنا بۆ کێ ببەم؟!

ووتم : لەوانەیە ئەمە هۆی ئەو قژە خاوو جوانە بێ، کە زۆر تر جوانی کردووم، با لە بنەوە بیبڕم، بەڵکو ڕزگارم بێ لەدەست تیری ژەهراوی چاوی چاوبرسیەکان...

بەڵێ: هەروام کرد پاك سەرم تاشی و و قژە جوانەکەم بەسەرمەوە نەهێشت، بەڵام هەرجوان بووم... من ئەمویست وەك ئافرەتێك ژن بم، دایکی منداڵ بم، نەم ئەویست وەك کاڵایەك هەر ڕۆژەی لەبەر یەکێکا و بەدەست یەکێکەوە بم، حەزم لە سەقامگیری وحەوانەوەبووم لە پەنای مێردێکا، نەم ئەویست ببمە خوشکانی کەنیسەو بەڕەبەنی بمێنمەوە و تەرکی دنیا بکەم، ئەمویست وەك سروشتی ئافرەتی خۆم ژیان بەسەر بەرم.. بۆیە دنیام لێ ئاڵۆز بووبوو، نەمدەزانی ڕوو لەکوێ بکەم و چۆن چارەسەرێ بۆ خۆم ببینمەوە..؟!

تا ڕۆژێکیان لە بازاڕ شتومەکم ئەکڕی ئافرەتێکی جوان و نازەنینی داپۆشراوم بینی، ئەم ئافرەتە لەچکێکی بەسەریا دابوو، بەرگێکی باڵا پۆشی لەبەر کردبوو، پیاوان بەشێوەی گورگی برسی سەیریان نەئەکرد، ئەبێ ئەمە چ نهێنیەکی هەبێ... منیش بیرم لەوە ئەکردەوە و تۆ بڵێی ئەمە لە ئافرەتانی کەنیسە بێ؟ لەوەڵامدا بە خۆمم ئەوت: بڕواناکەم، چونکە ئەمەمنداڵێکی جوانی پێیە...واتە: شووی کردووەو خێزانی هەیە.

Scanned with CamScanner

بێ هیچ بیرکردنەوەیەك چووم لە چکێکم کڕی و دام بەسەرما، ئەڕۆیشتم بە ڕێدا و هەموو گیانم متمانە بوو بەخۆم، بەڵام کۆمەڵێ پرسیارم بۆ دروست بووبوو، ئەبێ هۆی چی بێ ئەو ئافرەتە جوانە ئەو بەرگەی پۆشیوە؟! لە دڵی خۆشمدا ئەموت: لەوانەیە ویستبێتی بەو کردەوەیەی خۆی لە تیری چاوی پیاوان بپارێزێ... ماوەی دە ڕۆژ لەسەر یەك ڕۆیشتم بۆ بازاڕەکە تەنیا بۆ ئەوەی، بەڵکو ئەو ئافرەتە ببیبینمەوە، بەڵکو وەڵامی ئەو پرسیارانەم دەستکەوێ... تا دواین ڕۆژیان بینیم و خۆم پێ نەگیرا بە دەنگی بەرز ووتم: ئەرێ ..! ئەوە خۆیەتی، خەڵکیش سەیریان ئەکردم و وایان زانی شێت بووم، بەڵام گوێم لەوە نەبوو، خەڵکی چی ئەڵێن و چۆن بیر ئەکەنەوە! بە گورجی پێم هەلگرت و بە سۆزو شەوقێکەوە بەرەو ڕووی ڕۆیشتم، بەو هیوایەی خۆمی پێ بناسێنم و وەڵامی پرسیارەکانمی زوو لێ وەرگرم...پێی گەیشتم...باسی خۆمم بۆ کردو، پاشان پرسیارم لێکرد: هۆی چیە سەرت داپۆشیوە؟ وام ئەزانی ئەڵێ بۆ ئەوەی -خۆم لەتیری چاوی لاوان وقسەو قسەلۆکیان بپارێزم- بەڵام شتێکی تری ووت، کە تیایدا سەرسام بووم !! ووتی: ئەمە فەرمانی خوایە!!

لەناو دەروونی خۆما بیرم ئەکردەوە ئەبێ ئەو خوایە کێ بێ؟! ئەو پەیامەی ئەو لەبارەیەوە ئەدوێ ئەبێ چی بێ؟! ئەو بەردەوام باسی ئیسلامی ئەکرد، ئاخۆ ئەم ئیسلامە چی بێ، کە باسی ئەکات؟! بۆ من هەموو ئەمانە کۆمەڵە ووشەیەکی نوێ بوون، خۆمم وەك ئەو قوتابیە ئەهاتە پێش چاو، کە ئیمتیحان لە شتێکا ئەدات و هیچی لێ نازانێ و نەی

خوێنـدووه... ئـەنجامی ئیمتیحانەکەیـشی پاشـەڕۆژو داهـاتوی دیـاری ئـەکات... لەبـەر ئـەوه دەسـتم کـرد بـە لاپـەڕە هەڵدانـەوەی کتێبـەکان و گەڕان لە ناو ئینتەرنێتدا، ئەوسا ئیـسلامم ناسـی و زانـیم ئیـسلام چیەو، پێغەمبەری ئەو ئاینە کێیە و قورئان چ پەیامێکە؟

ڕۆیشتم قورئانێکی بۆ یابانی وەرگێردراوم بۆ ماڵەوەم بردەوە... چۆن؟ نـازانم... تـەنیا ئەوەنـدە ئـەزانم مـن لەبـەردەم ئـەم پـەڕاوە دانیـشتووم بـەردەوام ئەیخوێنمـەوەو، وەك بـە شـوێن شـتێکی ونبـودا بگـەڕێم ئاوەهـا بینم بە خوێندنەوەی گرتبوو، ئەگەڕام و ئەمویست زیاتر و زیاتر شارەزا ببم و لێی بێـزار نەئەبووم، تـا ڕۆژی دواتـر هـەر خـەریکی خوێندنـەوەی بووم... ئەمەی بەردەستم چییە؟! لە هەموو ژیانما وتەو وتـاری وا خۆشـم نەخوێندۆتەوە!! تەنانەت توانای خەوم نەبوو.

ڕۆژیـی دوایـی بـە گـورجی ڕۆیـشتم بـۆ بازارەکـە، بـەڵکو ئـەو ئافرەتـە موسڵمانە ببینمـەوەوە، کـە بـەڵێن بـوو لـەوێ ببیـنم، ئـیتر بیـری ئـەوەم نەبوو، کە من لە خۆشیا دوو سەعات پێش کاتی دیاریکراو هـاتووم، لـەوێ مامەوە و چاوەڕوان بووم، قورئانەکەشم لەبەردەستا بوو، بە هیـوای زیـاتر شـارەزا بـوون بـە ئارەزوومەندیـەوە ئـەم خوێنـدەوە، ئـیتر هەسـتم بـە ڕۆیشتنی کات نەئەکرد، شیرینی ووشـەکان بـەرەو خۆیـان کەمەندکێشیان کردبـووم، هـاوڕێ موسـڵمانەکەم هـات... پـێش هـەموو شـتێ هـەواڵی تەندروستیم پرسی و لە هەگبـەما چ پرسـیارێك هـەبووو خـاڵیم کـرد، بـە هیوای وەڵامدانەوەی... ئەویش چەندەی ئەزانی وەڵامی دامـەوە، ئەوەشـی کە نەیـدەزانی بـەڵێنی دا کەسـێکم پـێ بناسـێنێ، کـە وەڵامـی لابـێ... لـەو

کاتـەدا ئـەوەی بەخەیاڵمـدا هـات ئـەوەبوو، کـە ئـەم بـات بـۆ کەنیـسەی ئیـسلامی!! چـونکە نـاوی مزگـەوت و زانـای ئـاینی لـە مێـشکما هێـشتا سەقامگیر نەبوو بوو.

بـەڵێ ڕۆیـشتین بـۆ لای زانـا ئایینیەکـە، ئـەویش کـوڕێکی لاوی پـاکی ڕواڵـەت جـوان بـوو، لـە کـاتی پێـك گەیـشتنا بـە ئـەدەبێکی زۆرەوە مەعزەرەتی بـۆ هێنامـەوە، کـە نـاتوانێ تەوقـەم لەگـەڵ بکات، چونکە لـە ئاینی ئیسلامدا حەرامە پیاو دەستی لە دەستی ئافرەتی بێگانـە بکـەوێ... لە ماوەی ئەو هەموو کاتەدا سەیری منی نەئەکرد و ئـەو حاڵەتـەش منـی سەرسام کردبوو.

بـۆ مـاوەی چـەند چرکەیەك لـە قسەکانی بـێ ئاگابووم، ئـەویش بـۆ ئەوەبوو، تا بەراوردێك لە نێوان ئەم گەنجە و ئەوانـەدا بکـەم، کـەمن ئـەم ناسـین... بـەڵێ لـە مـاوەی چـەند سـەعاتێکدا وەڵامـی بەشـی زۆری پرسـیارەکانمی دایـەوە... وەك شـتێکی چاوەڕوان نـەکراو بـوو، کـە پـێش ئەوەی بەجێی بێڵم ئەم پرسیارەم کرد؟ چۆن من بێمە نـاو ئـەم ئاینـەوە؟ لەگەڵ بیستنی ئـەم هەواڵـەدا خۆشییەکی وام لـە ڕواڵـەتیا بـەدیکرد، کـە هـەرگیز نـەم بینیبـوو، پـاش ئـەوە ڕێنمـایی کـردم بـۆ ئـەوەی پێویـستە و منیش کردم وموسڵمان بووم.

پـاش ئـەو مـاوە دوورو درێـژە لـە مانـدوویی و زایـە بـوون، خـۆم ڕێـی خۆمم دییەوە، ئەوسا حاڵی بووم، کە ئامانج لە هاتنە دنیای منـدا چییە؟ چـونکە ئـەوماوە دوورو درێـژەی ژیـانم نـەم ئـەزانی مەبەسـت لـە ژیـان چییە!! تێگەیشتم چۆن بە ئاشتی و ئاسوودەیی و دڵنیاییـەوە بـژیم دوور

Scanned with CamScanner

کاتەدا ئەوەی بەخەیاڵمدا هات ئەوەبوو، کە ئەم بات بۆ کەنیسەی ئیسلامی!! چونکە ناوی مزگەوت و زانای ئاینی لە مێشکما هێشتا سەقامگیر نەبوو بوو.

بەڵێ ڕۆیشتین بۆ لای زانا ئایینیەکە، ئەویش کوڕێکی لاوی پاکی ڕواڵەت جوان بوو، لە کاتی پێك گەیشتنا بە ئەدەبێکی زۆرەوە مەعزەرەتی بۆ هێنامەوە، کە ناتوانێ تەوقەم لەگەڵ بکات، چونکە لە ئاینی ئیسلامدا حەرامە پیاو دەستی لە دەستی ئافرەتی بێگانە بکەوێ... لە ماوەی ئەو هەموو کاتەدا سەیری منی نەئەکرد و ئەو حاڵەتەش منی سەرسام کردبوو.

بۆ ماوەی چەند چرکەیەك لە قسەکانی بێ ئاگابووم، ئەویش بۆ ئەوەبوو، تا بەراوردێك لە نێوان ئەم گەنجە و ئەوانەدا بکەم، کەمن ئەم ناسین... بەڵێ لە ماوەی چەند سەعاتێکدا وەڵامی بەشی زۆری پرسیارەکانمی دایەوە... وەك شتێکی چاوەڕوان نەکراو بوو، کە پێش ئەوەی بەجێی بێڵم ئەم پرسیارەم کرد؟ چۆن من بێمە ناو ئەم ئاینەوە؟ لەگەڵ بیستنی ئەم هەواڵەدا خۆشییەکی وام لە ڕواڵەتیا بەدیکرد، کە هەرگیز نەم بینیبوو، پاش ئەوە ڕێنمایی کردم بۆ ئەوەی پێویستە و منیش کردم وموسڵمان بووم.

پاش ئەو ماوە دوورو درێژە لە ماندوویی و زایە بوون، خۆم ڕێی خۆمم دییەوە، ئەوسا حاڵی بووم، کە ئامانج لە هاتنە دنیای مندا چییە؟ چونکە ئەوماوە دوورو درێژەی ژیانم نەم ئەزانی مەبەست لە ژیان چییە!! تێگەیشتم چۆن بە ئاشتی و ئاسوودەیی و دڵنیاییەوە بژیم دوور

لەچاوی تەماعكاران ولەسايەی خواوە بەماوەيەكی زۆركورت خوام ناسی و شارەزای ئيسلام بووم.[1]

**دەيەم: حوكمەت و دەسەڵات**

هۆكارێكی تر كە زۆر سەرەكيە بۆ لە ڕێ دەرچوونی لاوان، ئەويش حوكمەت و دەسەڵاتە، چونكە حوكمەت دەسەڵاتی بەسەر هەموو تاك و كۆمەڵدا هەيە، حوكمەت ئەگەر بيەوێت وا دەكات هەموو كۆمەڵگا ڕوو لە خراپە بكات و دەرگای چاكەش بگرێت، بە پێچەوانەوەش دەتوانێت وا بكات هەموو كۆمەڵگا ڕوو لە چاكە بكات و دەرگای خراپەش بگرێت.

**◘ ڕاستيەكان دەدوێن:** شەوێكيان گوێبيستی ڕووداوێك بووم لە يەكێك لە كەناڵە ئاسمانيەكان زۆر نيگەرانی كردم، پياوێك بەو شێوە مەئساتەكەی خۆی دەگێڕايەوە دەيگوت:

من لەگەڵ هاوسەرمدا بەبێ كێشە دەژيام، خوای گەورە منداڵێكی چاوگەشيشی پێ بەخشيبووين، من سەرباز بووم، ئەوەبوو ئەمرم بۆ دەرچوو، كە بچمە جنوب، هەر بۆيە چەند مانگی جارێك دەهاتمەوە.

بەڵێ: ماوەيەك بەم شێوەيە گوزەرم كرد، ئەوەبوو جارێكيان هاتمەوە، خێزانەكەم باش نەدەهاتە پێش چاوم، منيش گووتم ئەوە چيتە؟!

ووتی: بێ تاقەتم و نەخۆشم، منيش بردم بۆ عيادەی پزيشكی دوای ئەوەی لە عيادە دەرچووين بردم بۆ چێشتخانە و لەوێ نانمان خوارد، ئينجا هاتينەوە ماڵ...

دوای ئەوەی هاتینەوە بینیم خێزانەکەم دەگیرێت... منیش ووتم: ئەوە چیە بۆ دەگریت؟

ووتی: چیت لێ بشارمەوە ئێستاش لێت بشارمەوە بەیانی هەردەزانی، چونکە تۆش وەکو من مۆبایلت هەیەو ئێستاش نەزانی ڕۆژێک دێت هەردەزانی.

منیش لەو قسانەی زۆر ترسام بە پەلە ووتم: چی بووە... چی ڕوویداوە...؟

ئەویش بە گیریانەوە درێژەی بە قسەکانیدا و ووتی: تۆ کە لەو چەند مانگەی پێشوو دەچووی بۆ دەوام من لەگەڵ کورێک پەیوەندی خۆشەویستیم بەستوو، ئەو کوڕە بە هەموو شێوەیەك لێم نزیك دەبوویەوە، ئەوەبوو پەیوەندی نێوانمان زۆر توند بوو، تاکو کار گەیشتە ئەوەی خیانەتت لێ بکەم...

دواتریش ئەو کوڕە وێنەی گرتبووم... ئێستاکەش ئەو کوڕە پێی گوتووم ئەگەر (٥٠٠٠ $) دۆلار دەدەیت باشە ئەگەر نا ئەوە وێنە گیراوە ڤیدیۆیەکەت دەفرۆشم و بڵاوی دەکەمەوە.

پیاوەکەی بە گیریانەوە درێژەی بە قسەکانیدا ووتی: کاتێك گوێبیستی ئەو قسانەی بووم یەکڕاست تاسام هیچم پێ نەکرا، تەنها گریان نەبێت، هەر بۆیە دەستم کرد بەگریان، ئەوکاتی خۆزگەی مردنم دەخواست، لەگەڵ ئەوەشدا بڕوام نەدەکرد، تاکو ئەوەی تەلەفۆنم بۆ کوڕەکە کرد، ئەویش بەبێ پێچ وپەنا و بێ ترس ووتی: مەعامەلەم لەگەڵ کردووی، ئەگەر پارەکە نەهێنی، تا کاتی دیاری کراو، ئەوکات وێنەکەت بڵاو دەکەمەوە.

Scanned with CamScanner

منیش سیلاحم هەلگرت و لەگەڵ خێزانم چووم بۆ ئەو شوێنەی دیاریان کردبوو، من کەسیانیم نەدەناسی، هەر بۆیە بە خێزانەکەم ووت بڕو بۆ لای تاکو بتبینێت و بێت، ئەوەندەم زانی بە سەیارەیەك هات خێزانەکەمی هەلگرت، منیش چەند گوللەیەکم پێوەنان، ئەوەندەم زانی گووتیان خێزانەکەت بەر کەوت و خێزانەکەم مرد.

بەڵێ: ئێستاکەش من گیراوم، سێ هەفتەشە منداڵە چاوگەشەکەی خۆم نەبینیوە، کەچی ئەو کوڕەی تاوانەکەی لەگەڵ خیزانی من ئەنجامداوە، دوای ئەوەی گرتیان لەبەر دەمی دادگا دانی بەوە نا، کە وێنەی خێزانی منی گرتووە لەگەڵ ئەوەشدا بەریاندا و وەك پاشا دەسوڕێتەوە. [1]

# خۆشەویستی و زیانـــەکانی

خۆشەویستی جاری وا هەیە دەبێت وێرانکاری بۆ مـان، جـــاری واش هەیە وەک مانـگ ژیانمان ڕوناک دەکاتەوە(د. صهباء بندق)

بەڕاســتی زۆر جــار خۆشەویــستی دەبێتــە مایــەی دەردەســەری بــۆ خاوەنەکەی، ئەوەش یان لەبەر ئەوەی نـەیزانیووە مومارەسـەی بکات یان نەدەبا بیکات چونکە بـۆ ئـەو ڕێگای تـێ نەچـوو و نـەگونجاو بـووە.. هـەر بۆیـە زیـانی زۆر لـە دوای خـۆی بـەجێ دەهێڵێـت لـە هـەموو ڕوویەکـەوە، لەوانــە:

## ١. لێك ترازانی خێزان و ڕودانی تەڵاق:

دەبینین زۆر خێزانان یان پیاوەکە کەوتۆتـە داوی دڵداری خێزانەکـەی تــەڵاق داوە، یــان ئافرەتەکــە کەوتۆتــە داوی دڵــداری داوای تــەڵاقی لــە پیاوەکــەی کــردووە، هــیچ یەکێکیــشیان پــەنایان بــۆ چارەســەری ئــاینی نەهێناوە.

## ڕاستیەکان دەدووێن:

دۆستێکم بۆی گێڕامەوە دەیووت: گەنجێك باسـی خـۆی بـۆ دەکـردم بــەم شــێوەیە: مــن کوڕێــك بــووم دۆســتایەتیم لەگــەڵ کــچێك پــەیداکرد، ئەوەبوو چەند ساڵ پێکەوە بووین، بەڵام دواتر چوومە خوازبێنی کچەکە، بەڵام بـاوك ودایکـی کـچە داواکـەی منیـان ڕەت کـردەوە، بـە چـەند ڕێگـای

Scanned with CamScanner

تریش چوومە داوای، بەڵام ئەوان هەر داواکەی منیان ڕەت کردەوە، جا کاتێك بێ ئومێد بووم لەو کچە ژنم هێنا، ڕۆژ هات و چوو دوو منداڵمان بوو، من هیچ ئاگام لەو کچە نەمابوو، بەڵام ڕۆژێکیان بینیمەوە، پێی ووتم: ئەوە بۆ ئاوا بێ وەفای بووی لەگەڵم و منت لە بیر کرد، منیش ووتم:ئێ هاتمە داوات داواکەمیان ڕەت کردەوە تاوانی من چیەو من چی بکەم!

ووتی: ئێستا باوکم وەکو جاران نەماوە ئەمجارە، ئەگەر ژنەکەت تەڵاق بدەی، من دەتوانم باوك و دایکم ڕازی بکەم.

ئەوەبوو بەو قسانە باوەڕی پێهێنام، منیش هەڵسام ژنەکەم تەڵاقدا، پاشان چوومە داوای، ئەمجارە یان باوك ودایکی ڕازی بوون، بەڵام بۆ خۆی ڕازی نەبوو، بەڵێ ئاوای بەسەر هێنام، ئێستاکەش من لە خراپترین حاڵەتی دەروونیدا دەژیم، خۆزگەی مردن دەخوازم، چونکە من ناتوانم کاری خۆم ڕاپەڕێنم چ جای ئەوەی ئەو دوو منداڵەم کەوتۆتە سەر.

« دایکی (محمد)یش ئەو ئافرەتەیە دوای پێك هێنانی ژیانی هاوسەری کەچی حەز لە پیاوێك دەکات، ئەوەش دوای چی؟! دوای تەمەنی (٤٠) ساڵی، گوێ بگرن بۆ خۆی بزانن چی دەڵێت: من دوای ئەوەی شووم کرد، لەگەڵ پیاوەکەم بە ژیانێکی ئاسای دەژیاین، بەڵام پیاوەکەم زۆرجار باسی دۆستێکی خۆی لەلا دەکردم، کە لە کار پێکەوە بوون...

ئەوەبوو ئەو دۆستەی پیاوەکەم ڕۆژێکیان لەگەڵ خێزانەکەی سەردانی کردین، جا بەپێی ئەو دۆستایەتیە گەرمەی لەگەڵ پیاوەکەم هەیبوو چەند جاری تریش سەردانەکەیان دووبارە بۆوە، بەڵکو وای لێهات زۆر

Scanned with CamScanner

جار بە تەنها سەردانی دەکردین، پیاوەکەشم زۆر متمانەی بەو دۆستەی هەبوو...

ئەوەبوو لە نزیکەوە ئەو پیاوەم ناسی، تا وای لێهات دڵم بۆ ئەو پیاوە دەچوو و خۆشەویستی ئەو پیاوە کەوتە دڵم، هەستم دەکرد ئەویش منی خۆش دەوێت...

بەڵێ لە خەیاڵی خۆمدا دەمووت: ئەوەی من پێشتر دەمویست و خەوم پێوە دەبینی ئەوە هەوە... باشە بۆچی دوای چەند ساڵ تازە هاتووە؟!

هەر بۆیە هەر کاتێك دەمبینی زیاتر لە پێش چاوم شیرین دەبوو و پیاوەکەشم زیاتر لە پێش چاوم دەکەوت، وای لێهات لەدڵی خۆمدا دەمووت: باشە من چەند ساڵە چۆن لەگەڵ ئەو پیاوەی خۆم توانیومە بژیم!!

پاشان دڵداریەکەمان لەلای یەکتری ڕاگەیاند، دواتر من داوای تەڵاقم لە پیاوەکەم کرد، ئەویش لەسەر داوای خۆم تەڵاقی دام... کەچی پیاوەکەش نەیتوانی بم خوازێت هەر بۆیە منیش ئاوا مامەوە خێزانەکەشمان لێك ترازا. (١)

**٢. بڵاوبوونەوەی خراپەکاری و بەدڕەوشتی:**

خوشکانی بەڕێز دەبینین چەندین ئافرەتی داوێن پاك بە ناوی خۆشەویستی کەوتوونۆتە داوەوە و سەرئەنجام بۆتنە ئافرەتێکی بێ ڕەوشت، کە ئەمەش دەبێتە هۆی داڕووخانی کۆمەڵگا.

Scanned with CamScanner

**ڕاســـتیەکان دەدووێـــن :** بـڕوانن بـۆ ئـەو ئافرەتـە، کـە ئـافرەتێکی بەحیشمەت و داوێن پاك بووە، بەڵام لە ئەنجامی دڵداری ساختە ئـابڕووی لە نێو کۆمەڵگاکەی دەچێت و دەبێتە ئافرەتێکی بەدڕەوشت.

ئەو ئافرەتە دەڵێت: هەر وەکو ڕۆژانی ئاسایی لـە دەرگـای زانکـۆ هاتمـە دەرەوە، بینیم کوڕە گەنجێك لە شۆستەی بەرانبەر دەرگای زانکۆ وەستاوە، زۆر بە قوڵی تەماشای دەکردم وەکو ئەوە وابوو، کە بمناسێت، منیش هیچ بایەخم پێ نەدا و ڕۆیشتم، بەڵام ئەو بە دوام دا هات و بەدەنگێکی نزم و بە چەند ووشەیەکی منداڵانە قسەی بۆ کردم، وەکو دەیگووت:

کچە جوان...

من دەمەوێ بتخوازم...

من دەمێکە چاودێریت دەکەم ئەدەب و ئەخلاقی تـۆم بـۆ دەرکـەوتووە، کە چەند بە شکۆی.

منیش زۆر بە پەلە دەڕۆیشتم، کە قاچـەکانم تێـك دەئـاڵان، ئارەقـە لـە نێوچەوانم دەهاتە خوار، چونکە من پێشتر هەرگیز تووشـی هەڵوێـستی وا نەببووم.

جا بە شەکەتی و پەشۆکاوی گەیشتمە ماڵی خۆمان، کە هـەر بـیرم لـەو شـتە دەکـردەوە، بۆیـە لـە دڵ تـەنگی و ترسـانا، هـەتا بـەیانی خـەوم لێ نەکەوت.

ئەوەبوو بۆ ڕۆژی دواتر کاتێك لە دەرگـای زانکـۆ هاتمـە دەرەوە، بینـیم وا گەنجەکە بەرانبەر دەرگـای زانکـۆ وەسـتاوە و بـە زەردەخـەنـەوە سـەیرم دەکات!!

ئەم هەڵوێستەی و بە دوا دا هاتنم چەند جارێك دووبارە بۆوە، تاكو وای لێ هات ڕۆژێكیان نامەیەكی بچووكی بۆ فڕێدامە پێش دەرگای ماڵمان، منیش دوو دڵ بووم لە هەلگرتنەوەی دا، بەڵام بە هەرحاڵ هەڵمگرتەوە، كە هەردوو دەستەكانم دەلەرزین، نامەكەم كردەوە و خوێندمەوە و پڕی بوو لە ووشەی ڕازاوە و دڵداری و عوزر هێنانەوە لەو هەڵوێستانەی، كە ئەزیەتی پێ داوم.

منیش نامەكەم دڕاندوو فڕێم دا، بەڵام دوای چەند كاتژمێرێك زەنگی تەلەفۆن لێیدا، كە هەڵم گرت هەر ئەو كوڕە بوو، كە بەو قسە ڕازاوانە بە دوام دا دەهات، پێی گووتم: نامەكەت خوێندەو یان نا؟

پێم گووت: ئەگەر پیاو دەبی باشە ئەگەر نا بە خزم و كەسم دەڵێم ئەو كات قوڕت بەسەر.

دوای كاتژمێرێك دیسان پەیوەندی پێوە كردم، كە پاساوی بە قسەی قۆزی بن ئالۆز بۆ دەهێنامەوە و دەیگووت: من مەبەستی خراپم نیە، بەڵكو دەمەوێت بە شەرعی بتخوازم، من دەوڵەمەندم كۆشكێكی نایابت بۆ دروست دەكەم، هەموو ئاواتەكانت بۆ جێبەجێ دەكەم، من كەسم نەماوە بە تەنهامە وە...وە...وە... بەو قسە ڕازاوانە دڵم بۆی چوو و دەستم كرد بە قسە كردن لەگەڵیدا.

بەو شێوە هەموو جارێ چاوەڕوانی تەلەفۆنی بووم... بەم جۆرە هەموو ڕۆژێك، كە لە زانكۆ دەردەچووم بۆیم دەڕوانی، تا بیبینم، ئەوبوو ڕۆژێكیان، كە لە زانكۆ دەرچووم بینیم بەرانبەر دەرگای زانكۆ وەستاوە...

زۆر دڵم خۆش بوو، بەم شێوەیە بەردەوام بووین، تا وای لێ هات بە سەیارەكەی هەموو شار دەگەڕاین، من لە گەڵیدا هەستم بەوە دەكرد، كە

Scanned with CamScanner

ئیرادەم زەوت کراوە هەر وەکو ئەوە وابوو، کە دڵی لە جەستم دەرهێنا بێت، هەر قسەیەکی دەکرد من بڕوام پێ دەکرد، بە تایبەتی کاتێك دەیگووت: تۆ لەمەودوا دەبیت بە خێزانی من بە خۆشی و کامەرانی پێکەوە دەژین، من بەو قسانە بڕوام پێ دەکرد...

کاتێکیش پێی دەگووتم: تۆ نازداری منی هەر کاتێك گوێم لەو قسانە بوایە ئەوە دەچوومە خەیاڵاتەوە، کە سنووری بۆ نەبێت.

ڕۆژێکیان ئەو ڕۆژە ڕەشەم بەسەردا هات، کە ژیانی وێران کردم، مستەقبەلی فەوتاندم، لە پێش خەڵکی ئابڕووی بردم، هەر وەکو جارانی پێشوو بە سەیارەکەی پێکەوە دەرچووین، بەڵام ئەم جارەیان بەرەو شوقەیەکی بردم، چووینە ژوورەوە و پێکەوە دانیشتین، ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەرم ﷺ لە بیر نەبوو، کە دەفەرمووێ: ((لا يخلون رجل بأمرأة إلا كان ثالثهما الشيطان)) رواه الترمذي.

واتە: هەر پیاوێك لەگەڵ ئافرەتێك بە تەنها کۆببنەوە ئەوا شەیتان سێیەمیانە.

بەڵام شەیتان ئەو کوڕەی لە دڵمدا ڕازاندبۆوە و قسەکانی لە دڵمدا شیرین کردبوو دانیشتم سەیرم دەکرد تا وای لێهات بە داوەوە بووم...

هەر ئەوەندەم زانی من نێچیرێکم لە ژێر دەستی ئەو گەنجە، سەر بەرزی خۆمم لە دەست دا کە کچێنی یە... بۆیە وەکو شێت هەڵسامەوە گووتم ئەوە چیت کرد؟! ئەویش گووتی:

* مەترسە تۆ خێزانی منی.
* چۆن خێزانی تۆم کە هێشتا مارەت نەکردووم!!
* لەو نزیکانە مارەت دەکەم...

Scanned with CamScanner

چوومەوە ماڵ ڕاست کەوتم، پێیەکانم توانای ڕۆیشتنیان
نەبوو دەتگووت ئاگر لە لاشەم بەردراوە...
ئەی خوایە من چەند شێت بووم...

بۆ وام بە سەر هات، بەم شێوە دنیام لە پێش چاو تاریک بوو، بەردەوام دەگریام وازم لە خوێندن هێنا، حاڵم لەو پەڕی خراپیدا بوو، کەسیش لە ماڵەوەمان نەیدەزانی، بەڵام من دڵم بەوە خۆش دەکرد، کە کوڕەکە پەیمانی خواستنی پێدابووم، ئەو ڕۆژە ڕەشانەم بە حاڵ بە ڕێ کرد، کە زۆر لە سەرم گرانتر بوو لە چیایەك، دوای ئەمە چی ڕوویدا؟

ئەو کارەساتە ڕوویدا، کە ژیانی لێ تاڵ کردم...

زەنگی تەلەفۆن لێیدا کە هەڵم گرت دەنگی کوڕەکە بوو پێی گووتم: دەمەوێت بتبینم بۆ کارێکی گرنگ!!

منیش زۆر دڵخۆش بووم وامزانی ئەو کارە گرنگە خواستنمە...

بۆیە بە پەلە چووم، بینیم خۆی گرژ کردبوو، کە نیشانەی تووڕەیی لە ڕوخساری بەدی دەکرا، پێش ئەوەی قسە بکەم گووتی: پێش هەموو شتێك بیر لە خواستنت نەکەیتەوە... دەمەوێ هەر وا پێکەوە ڕابوێرین...

کە گوێم لەو قسانە بوو وەکو شێت ئاگام لە خۆم نەما، دەستم بەرز کردەوە و زللەیەکم لە بن گوێچکەی دا، پێم گووت: من گومانم وا بوو، کە هەڵەکەت چاك دەکەیتەوە بە خواستنم، بەڵام تۆ مرۆڤێکی دڕندەو بێ ئەخلاقی بە گریانەوە لە سەیارەکەی هاتمە خوارەوە.

ئەویش بە تەوسەوە پێی گووتم: بە یارمەتیت بڕوانە، تەماشام کرد کاسێتێکی ڤیدیۆی بە دەستەوەیە، بە فیزەوە بە پەنجەکانی بایدەدا، بە دەنگێکی توند و نزمەوە گووتی: ئا بەو کاسێتە وێرانت دەکەم...

Scanned with CamScanner

منیش گووتم: بۆ چی لەو کاسێتەدا هەیە؟!

گووتی: وەرە لەگەڵم بڕوانە بزانە چ شتێکی سەیر لەم کاسێتەدا هەیە، منیش لەگەڵی ڕۆیشتم، تاکو بزانم چ شتێك لەم کاسێتەدا هەیە، کاتێك کە کاسێتەکەی لێدا ئاااای چیم بینی!!!

بینیم ئەو کارە حەڕامەی، کە لە شوقەکەدا ئەنجامکان دابوو هەر هەمووی بە ڤیدیۆ تۆمار کردووە.

گووتم : ئەوە چیت کردووە ئەی ترسنۆك... ئەی بێ قیمەت...

گووتی: چەند کامیرایەکی شاراوەم دانا بوو- کە هەر هەموو جوولەو ئەو کارانەی ئەنجامان دابوو گرتوویەتی - جا ئەگەر چیم پێ گووتی بە گوێم نەکەی ئەوا ئەو کاسێتە، وەکو چەکێك بەکاردێنم بۆ وێران کردنت، منیش دەستم کرد بە گریان و شین و ڕۆ، چونکە ئەم کێشەیە تەنها پەیوەست نیە بە من، بەڵکو ئابرووی خزم و کەسیشم دەچێت، بۆیە لێی پاڕامەوە، کە شتی وا نەکات، بەڵام ئەو سور بوو لە سەر کاری خۆی و گووتی: هەرگیز شتی وا نیە...

دەرەنجامەکەی ئەوە بوو بووم بەدیلی بەر دەستی ئەو کوڕە، کە هەر ڕۆژەو دەیبردمە لای پیاوێك بۆ ئەوەی کاری خراپەم لەگەڵ دا بکات پارەکەشی بۆ خۆی هەڵدەگرت...

بەو شێوە، تا سەرم لە قوڕا چوو ژیانم بوو بە داوێن پیسی و بەد ڕەوشتی، خێزانەکەشم هیچ بەمەیان نەدەزانی، چونکە ئەوان متمانەی تەواویان بە من هەبوو.

ئەو کاسێتە ڤیدیۆیە بڵاو بۆوە لە ناو خەڵکیدا... بە دەستی کوڕە مامم گەیشت، کێشەکە تەقی یەوە باوکم زانی خزم و کەسم زانیان ئەو

شته لە شارە کەمان دا بڵاو بۆوە، خێزانەکەمان بە داوێن پیسی لەکەدار کران، منیش لە ترسی خۆم و پاراستنی گیانم هەڵاتم لە پێش چاویان بزر بووم، زانی بووشم، کە دایکم و باوکم و خوشکەکانم کۆچیان کردووە بۆ شارێکی تر، بەڵام ئەم ڕووداوەش لەگەڵیان چوو بوو، ئەو ڕووداوە بە جۆرێك بڵاو بۆوە، کە لە هەموو کۆڕ و مەجلیسێك باس دەکران، کاسێتەکەش لە گەنجێکەوە بۆ گەنجێکی تر دەڕۆیشت.

بەڵێ بەم شێوەیە لە ناو ئەو ئابڕوو چوون و داوێن پیسی یەدا دەژیام، ئەم ئابروو چوونەشم بە هۆی سەیر کردنی یەکەمی ئەو کورە بوو، کە وای لێ کردم وەك بووکە شووشەیەك یاریم پێ بکات، کە نەتوانم جوولەش بکەم، ئەو گەنجە هۆی وێران کردنی چەند ماڵ و بە فیڕۆ دانی تەمەنی چەندان ئافرەتی لاو بووە.

بۆیە بڕیارم دا تۆڵەی خۆم لەو دڕندەیە بسێنمەوە... ڕۆژێکیان هاتە لام، بینیم مەی خواردۆتەوە و زۆر بێ هۆشە، بۆیە منیش ئەو کاتەم بە هەڵ زانی و دامە بەر چەقوو .بەو شێوە ئەو شەیتانەم کووشت و خەڵکم لە خراپەی ئەو ڕزگار کرد، ئێستاش وام لێ هاتووە لە خەفەتا لە ناخەوە خۆم دەخۆمەوە، زۆر پەشیمانم لەو کارە ناشیرینەی ئەنجاممدا، کە ژیانی بە فیڕۆ دام.

هەر کاتێك کاسێتی ڤیدیۆکەم بە بیر دێتەوە وا دەزانم کامیراکان لە هەموو لایەکەوە بە دوامەوەن.

ئەو چیرۆکەی ژیانی خۆمم نووسییەوە، تاکو ببێت بە پەند و ئامۆژگاری بۆ ئەو ئافرەتانەی کە بە چەند قسەیەکی ڕازاوە هەڵدەخەڵەتێن، یان بە نامەیەکی ڕازاوە پڕ لە ووشەی خۆشەویستی و دڵداری هەڵدەخەڵەتێن، خوشکی بەڕێزم ئاگاداری تەلەفۆن بە... زۆر

ئاگاداربە...

خوشکی بەڕێزم: ئەمە وێنەی ژیانمە لە بەرانبەرت دامناوە کە دەرەنجامەکەی وێران کردنی من و خێزانەکەمانی پێوە بوو، وە دەرەنجامەکەی داخ هەڵکێشان و مردنی باوکمی بە دواوە بوو، کە پێش مردنی هەر ئەوەی دووبارە دەکردەوە و دەیگووت: کچەکەم من لێت تووڕەمە و گەردەنت ئازا ناکەم.[1]

## ٣. (الخیانە الزوجیە) خیانەتی نێوان ژن و مێرد:

بەڵێ کاتێک ئافرەتێک دوور لە دین بێت، پیاوێکیشی خۆشبوێت لە کاتێکدا شووشی کردبێ، ئەوە هیچ ڕێگایەکی نیە بە دۆستەکەی بگات تەنها خیانەت کردن لە پیاوەکەی نەبێت، بە هەمان شێوەش پیاو ئەگەر دوور لە دین بێت خیانەت لە ژنەکەی دەکات.

## ڕاستیەکان دەدووێن:

« گوێم لە مامۆستایەك بوو دەیووت: ئافرەتێک لە یەکێك لە پەیمانگاکانی سلیمانی مامۆستابوو ئەو ئافرەتە بە تەمەن بوو بە جۆرێك، کە کچەکەی لە کۆلێژ دەیخوێند، ئەو ئافرەتە پەیوندی لەگەڵ پیاوێکدا پەیدا دەکات، ڕۆژێکیان ئەو ئافرەتە، کە دەزانێت پیاوەکەی لە ماڵ نیەوەو منداڵەکانیشی چوونەتە قوتابخانە، مەوعید دەداتە پیاوەکە و دەیباتەوە ماڵی خۆیان[2] جا کاتێك پیاوەکە دێتە ماڵیان و کاری

بەدڕەوشتی دەکەن، ئا لەو کاتەدا کچەکەی، کە چووە بۆ کۆلیژ دەگەڕێتەوە دیارە شتی بیر چووە، کچەکە دێتەوە بەبێ ئاگا ڕاستەوخۆ دەچێتە ئەو ژوورەی ئەوانی لێیە، بەڵام ئەوان بێ ئاگان لەو، کچەکە، کەدەچێتە ژوورەوە چی دەبینێت!!

دەبینێت دایکی لە باوەشی پیاوێك دایە لەسەر جێگای باوکی، کە ئەم دیمەنە دەبینێت دەست دەکات بە گریان و تفێك لە ناو چاوی دایکی دەکات و، دەچێتە ژوورەکەی خۆی، دایکی کچە زۆر دەشڵەژێ و بە عاشقەکەی دەڵێت چیی بکەین؟ دەزانم پیاوەکەم بێتەوە پێی دەڵێت؟!

دوای بیر کردنەوە دەبێ چی بڕیار بدەن!!

بەڵێ: ئەو ئافرەتە ڕۆشنبیرە، کە مامۆستای پەیمانگاشە، وەکو دایکێکی ڕوناکبیر بە عاشقەکەی دەڵێت: بۆ ئەوەی بە پیاوەکەم نەڵێت: ئابڕووی بەرە و چاوی بشکێنە، تاکو لەبەر ئابڕوو تکانی خۆی نەتوانێت بە پیاوەکەم بڵێت...

پیاوەکەش دەچێت قسەی دایکە دڵسوزەکەی کچەکە جێبەجێ دەکات و ئابڕووی ئەو کچە بێتاوانەش دەبات و سەرەبەرزی کچێنی لێ دەسێنێتەوە.[1]

⏩ ئەو ئافرەتەش، کە خاوەنی دوو منداڵە و چوار ساڵە شووی کردوە، حەز لە کوڕێك دەکات، کە لە دوکانی پیاوەکەی لە هەولێر کاردەکات، قەدەری خوا وا دەبێت پیاوی ئەو ئافرەتە نەخۆش دەکەوێت، هەر بۆیە

---

(١) بەڵێ ئەوە ڕۆشنبیرەکەمانە و ئەوانەن کە سەری زمانیان و بنی زامنیان، بەردەوام باسی مافی ئافرەت و سۆزی دایکایەتی و مافی منداڵ و مافی مرۆڤ و چەندین شتی لەو جۆرانە دەڵێن، بە داخەوە حەڵکی نەفامیش پێیان فریو دەخۆن.

دەیبەنە نەخۆشخانە داخیلی دەکەن، ئافرەتەکەش ئەوە بە فرسەت دەزانێت و بێ ترس ڕۆژانە چەند سەعاتێك لەگەڵ ئەو کوڕە ڕادەبوێرێت.

کاتێکیش ئافرەتەکە دەزانێت پیاوەکەی لە نەخۆشخانە دەگەڕێتەوە بانگی عاشقەکەی دەکات بۆ ئەوەی ئیمڕۆ، تا ئێوارە حەزەکانی دڵی خۆی پێ دامرکێنێتەوە لەسەر جێگای مێردەکەی، بەڵێ وەکو جارانی تر عاشقەکەی دێت و بەدڕەوشتی خۆیان دەکەن، بەڵام ژنەکە حەز و ئارەزووات وای لێکردبوو دوو منداڵەکەی بیر چوو بوو، کە لە ماڵێ تاکو وەکو جارانی تر بەفێڵێك بۆ شوێنێکیان بنێرێت...

منداڵەکان خەریکی یاری خۆیانن، بەڵام کاتێك دەگەڕێن بە دوای دایکیان دەچنە ژوورەوە دەبینن دایکیان لە باوەشی پیاوێکدایە لەسەر جێگای باوکیان، منداڵەکان، کە ئەوە دەبینن لە پڕمەی گریان دەدەن و دەچنە دەرەوە، ژنەکە کە ئەمە دبینێت زۆر دەترسێت، بە کوڕەکە دەڵێت: چی بکەین خۆ پیاوەکەم بێتەوە ئەو منداڵانە بۆی دەگێڕنەوە؟!

کوڕەکەش دەڵێت: بۆ ئەوەی کارەکەمان ئاشکرا نەبێت، هیچ ڕێگایەکمان نیە جگە لەوەی هەردوو منداڵەکەت بکوژم، دایکە دڵسۆزەکەش بێ یەك و دوو ڕەزامەندی دەردەبڕێت، کوڕەکەش لە بەر چاوی دایکەکەیانەوە هەر دوو منداڵەکە بە پەتێك دەخنکێنێت، بەڵام دواتر خوای گەورە ئەو خیانەت و تاوانەیان ئاشکرا دەکات.(١)

### ٤. خۆکوشتن و بڵاوبوونەوەی پیاو کوژی:

زۆر جاری وا هەبووە بە هۆی دڵداریەوە کچە یان کوڕە خۆی دەکوژێت، یان لە نێوانیان کەسێك دەکوژرێت.

Scanned with CamScanner

**ڕاستیەکان دەدووێن:** بۆ خۆتان دەزانن ڕوودا و لەبارەیەوە گەلێک زۆرە، بەڵام ئەوەی زۆر پێی کاری گەربووم، ئەو ڕووداوە بوو، کە لە نزیکەوە ئاگام لێبوو، پیاوێکی تەمەن نزیك(٤٠) ساڵی، کە خێزانداربوو و دوو منداڵیشی هەبوو، ئەو پیاوە حەز لە کچێکی تازە پێگەیشتووی هەرزەکار دەکات، خوشکی ئەو پیاوەش کاتێك بە هەواڵی پەیوەندی نێوان براکەی و ئەو کچە دەزانێت، ئەچێت بە کچەکە

دەڵێت: تۆ کچێکی تازە پێگەیشتووی بۆ بەرۆکی براکەی منت گرتووە، باشە تۆ نازانی ئەو تەمەنی باوکتی هەیە، پاشانیش ئەو مەبەستی خواستنی تۆی نیە، بەڵکو کاتت پێ دەکوژێت، بۆ دوا ڕۆژی خۆت ڕەش دەکەی، کەوابوو بۆ ئابڕووی خۆت و ئێمەش دەبەی وازی لێ بهێنە بە قازانجی خۆتە...

ئەو کچەش دەچێت ئەو قسانە هەمووی بۆ عاشقەکەی باس دەکات، کە دەکاتە برای کچەکە، پیاوەکەش، کە گوێی لەو قسانە دەبێت، خوێن بەر چاوی دەگرێت و بەرەو ماڵ دەگەڕێتەوە، چەکەکەی هەڵدەگرێ و بەرەو ڕووی خوشکەکەی دەچێت، ئەو خوشکەی، کە بۆ بەرژەوەندی ئەو قسەکانی کردبوو...

بەڵێ: دەچێ بۆ ئەوەی پاداشتی خوشکەکەی بداتەوە، بانگی خوشکەکەی دەکات و چەند گوللەیەکی لە نێو چەوانی دەدات.

### ٥. ئابڕوو چوون و ڕیسوا بوون:

خوشکی بەڕێز دەبینین زۆر جار بە هۆی ئەم حەزلێکرن و دڵداریە ئافرەتەکە ئابڕووی دەچێت، بەڵکو زۆرجار ئابڕووی هەموو خێزانەکەشی دەچێت، یان دەبێتە هۆی کوشتنی کچەکە.

Scanned with CamScanner

**ڕاستیەکان دەدووێن:**

ئارەزوو بەم شێوەیە چیرۆکی خۆی بۆمان دەگێڕێتەوە: ڕۆژێك لە بازاڕ دابووم، کە کوڕێکم بینی بە ناوی "سەربەست" لە دوکانێك شتی دەکڕی، منیش لەو دوکانە شتم کڕی، نیگایەکی سەربەست سەرنجی منی ڕاکێشا و منیش بزەیەکم خستە سەر لێوەکانم بۆی، تا وای لێهات ئەو ڕۆژە، تا لە بازاڕ گەڕامەوە سەربەست ببوو بە سێبەرم و بە دواوەم بوو و هات، تا ماڵمانی دۆزییەوە، دواتر ڕۆژانە بە بەردەوامی سەردانی گەڕەکەمانی دەکرد، تا ڕۆژی سێهەم نامەیەکی بۆ هەڵدام و لە نامەکەدا بۆی نوسیبووم کە لە گەڵ یەکەم بینینی تۆ سەرنجی منت ڕاکێشا و خۆشم دەوێیت، لەکاتێکدا کە ئەم نامەیەم دەخوێندەوە وام دەزانی خۆیەتی قسەکانم بۆ دەکا، ڕۆژانە نیگامان تێکەڵ بە یەکتری دەکرد و بەردەوام بووین لە خۆشەویستیەکەمان، تا ڕۆژێك بۆ یەکەم جار مەوعیدێکمان ساز دا.

بەڵێ لەم مەوعیدە ماندا زیاتر خۆشەویستیەکەمان ئاوێتەی یەکتر بوو، هەر لەوێ بوو، کە سەربەست پەیمانی پێکهێنانی هاوسەرێتی پێدام، مانگ هات و چوو، ئێمە بەردەوام بووین لە کارەمان، تا ئەوەی، کە ماوەی ساڵێك تێپەڕی.

ڕۆژێك بانگی سەربەستم کرد، کە بیبینم و قسەی لەگەڵدا بکەم، سەربەستیش گوتی: شەو درەنگانێك قسە دەکەین. ئەوەبوو شەو هات بۆلای ماڵەوەمان و منیش بانگم کردە حەوشەکەی خۆمان و دەمزانی باوکم بەئاگا نییە و خەوتووە، ئەو شەوە زۆر قسەمان کرد چیمان پێ خۆشبوو لەو شەوەدا کردمان، ئیتر لەو شەوە بەدواوە ئێمە وەك ژن و مێردێك مامەڵەمان لەگەڵ یەکتردا دەکرد، پاش تێپەڕبوونی دوو مانگ هەستم کرد، کە سکم هەیە، بە ناچاری پەنامان بردە لای پزیشك تاکو

Scanned with CamScanner

کارێکی وامان بۆ بکات ئاشکرا نەبین، بەڵام هیچ چارەسەرێکیان بۆ نەکردین، هەر چەندە هەوڵم دەدا بەڕێگای ئاسایی منداڵەکەم لەبار بەرم، بەڵام قەدەر وابوو هەر بمێنێت.

من خۆم دەمزانی، کە منداڵم لە سك دایە، بەڵام وتم سکم دێشێت بمبەن بۆ لای پزیشك، منیان بردە لای پزیشکێك و ئەو

ووتی: ئەم کچەی ئێوە نەخۆشی ژنانی هەیە بیبەنە لای پزیشکی ژنان، چوینە لای پزیشکێکی ژنان پێی گوتین: پیرۆزە کچە کەتان سکی هەیە، باوکم، کە گوێی لەو قسەیە بوو لەسەری خۆیدا ووتی: دکتۆر ئەمە کچە خۆ ژن نییە!

لەوکاتەدا هەستم بەشەرمەزارییەکی زۆر کرد، چونکە کارێکی زۆر ناشرینم بەرامبەر خانەوادەکەم کردبوو، زۆر پەشیمانم لەو کارە و ئومێدە خوازم، کە کچان ئاگایان لە خۆیان بێت وەك منیان بەسەر نێت.[١]

### ٦. زیانی لەڕووی ئابووریەوە:

خوشکی بەڕێز زۆر جاریش ئافرەت سەروەت و سامانی هەیە بۆیە هێندێ کوری فێڵباز چاوی تێدەبڕن و بە ناوی خۆشەویستی هەڵی دەخەڵەتێنن، یان بە پێچەوانەوە پیاوێك بە ئافرەتێك هەڵدەخەڵەتێ.

### ڕاستیەکان دەدووێن:

◄◄ بڕوانن بۆ ئەو کچە لاوە داماوە، کە لەژێر پەردەی خیانەتی عیشق، چ زیانێکی ئابووری لێدەدرێت... (زابینە) کچێك بوو باوکی زۆر دەوڵەمەند بوو، بەڵام باوکی دەمرێت و هەموو سەروەت و سامانەکەی بۆ

Scanned with CamScanner

(زابینـه) جێ دەهێڵێت، کوڕێکیش بـە نـاوی (وۆلـف) کە بـەم سەروەت وسامانەی دەزانێت لـە ژێـر پـەردەی خۆشەویستی خۆی دەخزێنێتـە ناو دڵـی و شـەیدای خـۆی دەکـات، (زابینـە)ش زۆر بەسـاویلکەیی بـاوەڕی پـێ دەکات، لە ماوەی تەنها (٤) مانگ یەکترناسین (زابینـە) شووی پێ دەکات بەنیازی پێك هێنـانی ژیـانێکی هاوسـەری بەختـەوەر، کـابراش مەبەستی لەو خواستنەی تـەنها سـەروەت وسـامانەکەی بـوو هـەر بۆیـە دەرفـەت لـە سـۆزو خۆشەویـستی (زابینـە) وەردەگرێـت و داوای لـێ دەکـات بیکـات بـە وەکیلی خۆی هەموو سەروەت و سامانەکەی بخاتە ژێر دەستی، (زابینـە)ی ساویلکەش ڕەزامەندی لەسەر دەدات بۆی ئیمزا دەکات.

کـابرا بـەوەش ناوەسـتێ، بـەڵکو داوای لێـدەکات خـانووە کۆنەکـەیان بفرۆشێت و پارەیـەکی زۆریشی بـداتێ، تـاکو کارخانـە کۆنەکـەی بـۆ تـازە بکاتەوە (زابینە)ش بەگوێی دەکات، بەڵام دوای ماوەیەك پیاوەکەی درەنگ دەهاتەوە ماڵ، جا کاتێـك هۆکـاری دوا کـەوتنەکـەی لـێ دەپرسـی دەیـووت: خەریکی نوژەن کردنەوەوەی کارخانەکەم...

دواتر دواکەوتنەکە دەبێتە دواکەتنی چەند ڕۆژە، هـەر بۆیـە (زابینـە) گومانی دەکەوێتە دڵ، بۆیە ڕۆژێك دەچێتە کارخانە دەبینێت کارخـانێکی سـارد و سـورە هیـچی لێنیـە، تـەنها پاسـەوانەکەی کارخانەکـە نـەبێت، (زابینـە)ش دەپرسێت ئێـرە بـۆ وایـە ئـەی پیاوەکـەم نوێـژەنی ناکاتـەوە، پاسـەوانەکەش پێـی دەڵێـت پیاوەکـەت هـەموو کـەل و پـەلی کارخانەکـەی فرۆشتووە، ئـەو فێڵـی لێکـردوی ئـەو تـەنها بۆسـەروەت وسـامانەکەت تـۆی خواستووە، ئەو ژنی هەیە، جا کاتێـك لەگـەڵ پاسـەوانە پیرەکـە دەچن بـۆ دوای، پاسەوانەکە ماڵی (وۆلـف)ی فێڵبـازی پـێ شـان دا دەبیـنن کـەسی لـێ نیـەو (وۆلـف) و خێزانەکـەی هـەڵاتوون، ئـەوکات (زابینـە) دەزانێـت چ

هەڵەیەکی کردووە، بەڵام ئێستا پەشیمانی دادی نادات.[1]

◄◄ لە یەکێك لە ڕۆژنامەکان خوێندمـەوە کوڕێك (٥٠) وەرەقـە دۆلاری لـە کـارتی مۆبـایلی نێـوان خـۆی و خۆشەویـستەکەی سـەرف کردبـوو، پاشانیش بە یەك نەگەیشتبوون.

◄◄ برادەرێـك بـۆی گێڕامـەوە ووتـی: گوێبیـستی ئافرەتێـك بـووم لـە یەکێك لە ڕادیۆیە کوردیەکان، کە بـە پەشیمانیەوە باسـی لـە بەسـەرهاتی خـۆی دەکـرد و دەیـووت: مـن دوای ئـەوەی زۆر بـە دڵـەوە پەیوەنـدی خۆشەویستیم لەگەڵ کوڕێك بەست.. دوای ماوەیەکی کورت من بە تەواوی ئەوینـداری ئـەو ببـووم.. هەرچـیەکی بگوتابـا مـن بـڕوام پـێ دەکـرد.. هەرچیەکیشی بگوتابا جێ بەجێم دەکـرد.. ئـەوەبوو ڕۆژێکیـان تەلـەفۆنی بـۆ کـردم دوای ئـەوەی زۆری بەسـەردا هەڵدام ئینجـا ووتـی: خوشـکەکەم بانگهێشتی ئاهەنگێك کراوە، جا داوای لە من کرد زێڕەکانی تۆی بۆ بـەرم، پاشانیش بۆت دەگەڕێنمەوە.

منیش بەبێ دوو دڵی گووتم بەسەر چاو، بەڵام چۆن بتدەمێ؟!

ووتـی: زێڕەکانـت لـە نـاو زەرفێکـدا لـە نـاو تەنەکـەی زبڵـی پـێش دەرگاکەتان دانێ منیش دێم دەیبەم.. من زێڕێکـی زۆرم هـەبوو هـەموویم لە زەرفێك لە ناو تەنەکەی پێش دەرگامان دانا، ئەویش هات بردی.

دوای ماوەیەکی زۆر ئـەو کـوڕە بـزر بـوو، دواتـر بـۆم دەرکـەوت هـەموو زێڕەکانی منی فرۆشتوە و بە پارەی ئەو زێڕەی من چووە بۆ هەندەران.

٧. زیانی لــەڕووی ئاینەوە:

لـەڕووی ئاینیـەوەش زیـانی زۆری هەیـە، لەوانـە تووشـی پیـاو کـوژی دەبێت، یان خۆی دەکوژێت، یان تووشی دزی دەبێت، یـان تووشـی شـیرك و کوفر دەبێت یان توشی تاوانی گەورە دەبێت... هتد.

(ابن القیم) دەڵێـت: جـاری وا هەیـە مـرۆڤ بـە هـۆی عیـشقەوە تووشـی کوفر دەبێت، وەکو ئـەوەی خۆشەویـستەکەی دەکاتـە خـوا بـە جۆرێـك کـە وەك خـوا خۆشـیبوێت.. ئـەو جـۆرە خـوا لـە خاوەنەکـەی خـۆش نابێت[1] بـەڵکو ئـەوە لـە شـیرکە گەورەکانـە... نیـشانەی ئـەم جۆرەشـیان ئەوەیـە ڕەزامەنـدی عاشـقەکەی پـێش ڕەزامەنـدی خـوا دەخـات.. ئەگـەر بـڕوانن دەبینین ئـەوە حـاڵی زۆربـەی عاشـقەکانە، پاشـان حـاڵی ئـەو عاشـقانە لـە تەرازوو بدە و یەکخواپەرستی و ئیمانەکەشیان لە تەرازووبدە بـزانن چـی دەردەچێت...

پاشان دەڵێت: زۆرێك لە وانەی خۆشەویستی دەکەن بە ڕاشکاوی دەڵێن: شــوێنێك لــە دڵمانــدا نمــاوە بــۆ غــەیری خۆشەویــستەکەمان، بــەڵکو خۆشەویـستەکەی بـە شـێوەیەك دەسـتی بەسـەر دڵیـدا گرتـووە کـە بۆتـە بەندەی.[2]

چونکە هەر خۆشەویستیەك ملکەچی لەگەڵدا بێت ئـەوە بەندایەتیـە، ئەو بەندایەتیەی کە هەموو مرۆڤەکان بۆ ئـەو بەندایەتیـە دروستکراون،

Scanned with CamScanner

بەندایەتی بریتیە لە خۆشەویستی و زەلیلی، خۆشویستنی بەم جۆرە تەنها بۆ خوا دەبێت، نابێت مرۆڤ هیچ کەسێکی تری بەم جۆرە خۆشبوێت، ئەگەر وای کرد دەکات هاوبەشی بۆ خوا بڕیارداوە، هەر کەسێکیش هاوبەش بۆ خوا بڕیار بدات ئەوە خوا هەرگیز لێی خۆش نابێت و کارەکانیشی پوچەڵ دەکاتەوە ئەگەر تەوبە نەکات[1].

## ڕاستیەکان دەدووێن:

‣‣ (ابن عباس) لە عەرەفە بوو کاتی عەسر بوو، گەنجێکی لاواز و بێ هێزیان هێنایە خزمەتی، ووتیان ئەی کوڕە مامی پێغەمبەرﷺدووعا بۆ ئەم کوڕە لاوە بکە.. (ابن عباس)یش پرسی ئەوە چیەتی؟!

ووتیان: تووشی داوی عاشقاتی بووە، (ابن عباس) سەیری کرد کوڕە لاوەکە دەمی دەجولێنێت و ئەو چەند دێڕە شیعرە دەڵێت:

وما عجبي موت المحبين في الهوى ولكن بقاء العاشقين عجيبُ

(ابن عباس) ووتی: هەش بەسەر ئەوە چی دەڵێی؟!

پاشان ئەو گەنجە لەبەر دەستی (ابن عباس) دەستی بە هاوار و ناڵە کرد تا ڕۆحی دەرچوو.. (عکرمە) دەڵێت: (ابن عباس) ئەو ڕۆژە تا ڕۆژ ئاوا بوو هەر پەنای دەگرت لە عیشق.[2]

‣‣ کوڕێك زۆر مەستی ئافرەتێك ببوو، ئەو کوڕە ڕۆژێکیان مەوعیدی دەبێت لەگەڵ ئەو کچە لە شوێنێك، کوڕە زۆر چاوەڕوان دەکات هەر کچە

Scanned with CamScanner

نایەت، کوڕە زۆر قەڵس دەبێت، بەڵام لە ناکاو کچە بەدەر دەکەوێت، کە دێتە شوێنەکە کوڕەکە یەکسەر سوجدەی بۆ دەبات.[1] ئایا لەو تاوانە گەورەتر هەیە، بەڵێ ئەوە کوفرە.

### ٨. زیانی لەڕووی دەروونی و جەستەی یەوە:

زۆر جاریش مرۆڤ بە هۆی داوی خۆشەویستی تووشی نەخۆشی دەروونی و جەستەیی دەبێت، یان عەقڵی لە دەست دەدات و سەرئەنجامی شێتخانە دەبێت.

چەند لێکۆڵینەوەیەکی زانستیان ئەنجامدا لە زانکۆی (إمبریال کولیدج)ی لەندەن، لە لێکۆڵینەوەکەیان دەریان خستووە کە ئەو کەسانەی دەکەونە داوی خۆشەویستیەوە هێندێ جار تووشی نەخۆشی درێژخایەن دەبن و لێدانی دڵیان زیاد دەکات... پرۆفیسۆر (کارتین کاوە) کە ئامادەکاری ئەم توێژینەوەیە بوو ئەوەشی دەرخست کە بە هۆی زۆری ئەو کێشانە و پەستانی زۆرەوە کە تووشی کەسی عاشق دەبێت ئەو کەسانە زیاتر تووشی ئەنفلۆنزا دەبن... هەروەها ئەو پیاوانەی کە ژنەکانیان وەفاتی کردووە بە ڕێژەی (٥٠٪) تووشی نەخۆشی دڵ دەبن.[2]

Scanned with CamScanner

## ڕاستیەکان دەدووێن:

◀◀ "دیدار" کوڕێکی تەمەن ٢٠ ساڵە بوو و پیشەکە شی سبوغ و نەتری ماڵانی دەکرد و شەوانیش دەچوو بۆ قوتابخانە بۆ درێژەدان بە خوێندن و لە خێزانێکی هەژاریش دەژیا "دیدار" دەڵێت: ڕۆژێکیان دەچووم بۆ کار بەڕێ کەوتم، تا گەیشتمە سەر ڕێگاکە و پاسێك بۆی ڕاگرتم، بە هۆی قەرەباڵخیی نێو پاسەکە بە پێوە وەستام، لەبەرامبەرمدا ئافرەتێك دانیشتبوو، تا بڵێی کەسێکی لە دڵان شیرین بوو، ئەو کەسەی لە تەنیشتی دانیشتبوو، بە دەنگێکی بەرز دوو جار گوتی "دابەزین هەیە دابەزین" بەم دابەزینە کەوتمە تەنیشت ئافرەتەکە، کاتێك لە ناو پاسەکە دابەزیم کچەکەی تەنیشتم لەگەڵ من دابەزی و ڕۆی، ئینجا وەستاکەشم هاتە لام و گووتی: ئەمڕۆ لە کۆلێژێك کارمان پێ سپێردراوە دەبێت بچین لەوێ کار بکەین، ڕۆیشتین و گەیشتین بە کۆلێژەکە و دەستمان بەکار کرد، کات بوو بە ١٢ی نیوەڕۆ، بۆ پشوودان کەمێك وەستاین، هەر ئەوکات قوتابییەکی زۆر بە پێشماندا پیاسەیان دەکرد، یەك لەو قوتابیانەی کە لە پێشمان پیاسەیان دەکرد ئەو کچە بوو، کە بەیانی لە ناو پاسدا یەکتریمان بینیبووو لەگەڵ هاوڕێکانی بەیەکەوە بوون، نەمدەزانی چۆن خۆمی لێ بشارمەوە؟

یەکسەر کە زانی من خەریکی پاککردنەوەی کەل و پەلەکانی کارم، هاتە لام و گووتی: چۆنی؟ خەریکی چی؟ چۆنە هاتوویە کۆلێژەکەمان؟

لەوەڵامدا گووتم: ئەوەی ڕاستی بێت کاری سبوغی دەکەم، هاتوومە کۆلێژەکەش بۆ ئەوەی ڕەنگی دیوارەکە بگۆڕین و جوانی کەین، پاشان لەلام ڕۆیشت و ئێمەش دەستمان بەکار کردەوە، تاکو کاتژمێر٤و دەستمان

Scanned with CamScanner

لەکار هەڵگرت و ڕووم کردەوە ماڵ، هەر وەك بەیانی سواری پاس بوومەوە، بەڵام بە سوتفە بۆجارێکی تریش لە گەڵ کچەکە یەکترمان بینییەوەو، ئەمجارە هیچ قسەم نەکرد، ئەولەکاتی دابەزینیدا نامەیەکی دا بەدەستم و گووتی: ئەگەر دابەزیت بیخوێنەوە، کە دابەزیم یەکسەر نامەکەم کردەوە، لە نامەکەدا کۆمەڵێك قسەی نوسیبوو، هەروەها ژمارە مۆبایلێکیشی تێدابوو، منیش مۆبایلەکەم لە گیرفانم دەرهێناو ژمارەکەم لێدا، لە وەڵامی زەنگەکەدا پیاوێك وەڵامی دایەوەو منیش داوای لێبوردنم لێکرد، بەڵام ئەو پیاوە لێبوردنی منی قبوڵ نەدەکردو قسەی پێگوتم و هەڕەشەی دەکرد. منیش گوێم نەدایەو تەلەفۆنەکەم داخست، بۆ ڕۆژی داهاتوو هەروەکو جاران خۆم ئامادە کرد بۆ چوونە سەرکارەکە لە کۆلێژەکە کارمان مابوو، چوومە سەری کۆڵانەکەمان پاسێك هات سوار بووم، بەڵام کچەم نەبینی لەناو پاسەکە، گەیشتمە کۆلێژەکە، دەستمان بەکارکرد، کچە هاتە لام و پێی گووتم:کوڕەعاشقەکە چۆنی؟

منیش یەکسەر گووتم: ئەو ژمارەی، کە داتە من هی کێ بوو؟ گووتی: هی خۆم بوو، منیش گوتم: پیاوێك جوابی تەلەفۆنەکەی داوەو زۆریشی قسە پێگوتم، ئەو کابرایە کێیە؟ پێکەنی و گووتی: سەبر بگرە قسەت لەگەڵ بکەم، ئەو پیاوە مێردمە!! کاتێك ئەو ووشەم بیست دونیا لەبەر چاوم تاریك بوو!!

پێم گووت: تۆ لەنامەکەدا باسی خۆشەویستی و هاوسەرگیری و عەشقی ڕاستەقینەت دەکرد ئێستاش هاوسەرت هەیە و دەتەوێت خیانەتی لەگەڵ بکەی و منی بەستەزمان بخەیە ناو داوی ئەو کێشەوە؟ ووتی: راوە با پێت بڵێم: تۆم خۆش دەوێت و دوێنێ بە مێردەکەم گوتووە ئەو کەسەی تەلەفۆنت بۆ دەکا ئەوە خۆشەویستە کەمە و دەبێت تەڵاقم بدەی!

Scanned with CamScanner

هەر ئەوکاتە پیاوەکەی لەلایەك وەستابوو و تاقیبی دەکردین، مێردەکەی تەلەفۆنی بۆ کردم و گووتی: ئەبێت ئەمڕۆ ژێر زەوی بۆ خۆت هەڵبژێری،منیش گووتم: ئاگادار بە من هیچ گوناهێکم نیە، من وام زانیوە کچەو نەمزانی ژنە! ئێستاش لێم ببوورە، پاشان بەئافرەتەکەم ووت: تۆ لەلای خۆتەوە خۆت بەخوێندەوار داناوە، ئایا ئەبێت بەم شێوەیە هەڵسوکەوت بکەی‌و کوڕی خەڵکی و شیرازەی خێزانەکەت تێك بدەی؟

لەم کاتەدا یەکسەر جێم هێشت، کە لە ڕێگا دەڕۆیشتم بەرە وماڵەوە، پیاوەکەی ڕێگای پێ گرتم منیش گووتم: کاکە گیان منداڵە هەژارم و بۆ خۆم کار دەکەم، تاکو بژێوی ژیانی ماڵەوەمان دابین بکەم، بەڵام پیاوەکە وازی نەهێنا، تاکو هێرشم بۆ کرد و تەختی زەویم کرد، دوای ئەوە جێم هێشت، دواتر بۆم دەرکەوت، کە ئەم ژن و پیاوە دڵیان لەگەڵ یەك پیسەو پیاوەکەش دەیەوێت ژن بەسەر ژنەکەی بێنێ و ئافرەتەکەش چووەتەوە ماڵی باوکی و ئەیەوێت کوڕێك بۆ خۆی هەڵبژێرێ، لەگەڵ گەیشتن و نەگەیشتم بۆ ماڵەوە هەر دوو قاچەکانم لەرزین و کەوتمە سەرزەوی، هەر ئەوکات دایکم و برایەکم منیان گەیاندە نەخۆشخانە و دوای پشکنین هەر دوو قاچەکانم لەدەستدا، چونکە هیچ کات میوانی عەشق نەبووم بەڵکو لە ناکاو ئافرەتێکی نادروست وەکو بورکانێك ئاگری خستە دڵم و زیندانی مەرگی پێ هەلبژاردم.(١)

◂◂ هەندێ لە ڕۆژنامەنووسان چوونە یەکێ لە نەخۆشخانە دەروونیەکان، گەنجێکی جوانیان بینی، کە شێت ببوو زۆریان پێ سەیر

بوو و سەرنجی ڕاکێشان، جا بۆ ئەوەی بزانن چۆن ئەو گەنجە بەو حاڵە گەیشتووە پرسیاریان لەو پزیشکە کرد، کە سەرپەرشتیاری ئەو گەنجەی دەکرد، پزیشکەکە ووتی: چیرۆکی ئەو کوڕە دوور و درێژە، بەڵام پوختەی بەسەرهاتی ئەو کوڕە بەو شێوە بووە: باوکی ئەو کوڕە لەگەڵ براکەی ناکۆکیان دەکەوێتە نێوان، کە دەکاتە مامی ئەو کوڕە، جا کە کچە مامی ئەو کوڕە، کە بە ناکۆکیەکەی نێوان باوکی و مامی دەزانێت، بڕیاردەدات تۆڵە لە ماڵی مامی بکاتەوە، بەڵام ئەوەی دەبێتە قوربانی ئەو کوڕەیە، ئەو کچە هەڵدەستێ خۆی دەخزێنێتە دڵی ئەو کوڕە و کوڕە شەیدای خۆی دەکات، کە دەزانێت کوڕە مامەکەی تەواو عاشقی بووە، وەکو تۆڵە سەندنەوەیەك لە مامی دەچێت شوو بەکەسێکی تر دەکات، کە کوڕە مامەکەی بەمە دەزانێت تووشی تاسان دەبێت وشێت دەبێت.[1]

◄◄ لە یەکێك لە (مؤتمر)ەکاندا حاڵەتێکی زۆر سەیریان بینی، ئافرەتێکی تەمەن (٢٠) ساڵی لە ئەنجامی ڕۆچوونی لە خۆشەویستی، ڕیشی بۆ پەیدا ببوو، ئەوەش لەکاتی دەردانی هۆرمۆنات ئەو حاڵەتی بەسەر هاتبوو.[2]

## ٩. سەرنەکەوتن لە خوێندن:

زۆرجاریش مرۆڤ بەهۆی ئەوخۆشەویستیەوە توشی داڕووخانی دەروونی دەبێت و،ناتونێت درێژە بەخوێندن بداتو لەخوێندن دوا دەکەوێت.

Scanned with CamScanner

## ڕاستیەکان دەدووێن:

◄◄ (ژەنیار) قوتابی کۆلیژ بوو، کچێکی شۆخ وشەنگ و دەوڵەمەند بوو، خەریکی خوێندنی خۆی بوو کاری بە هیچ کوڕێکەوە نەبوو، بەڵام کوڕێك بە ناوی (ڕێبوار) خۆی دەخزێنێتە ناو دڵی (ژەنیار) و پەیوندی دڵداری لەگەڵ دەبەستێ، بەڵێ (ژەنیار) پڕ بە دڵ ئەو (ڕێبوارە)ی خۆش دەوێت، (ڕێبوار)یش هەموو جار پێی دەڵێت: من بێ تۆ نەبێت ناژیم، من تۆ نەبێت کەسی تر ناخوازم، وەکو هەموو عاشقەکانی تر پەیمانی ئەوەیان بەیەکتری دابوو کە خیانەت لەیەکتری نەکەن و بۆ یەکتری بن...

ڕۆژگار هات و ڕۆی ڕۆژێکیان (ڕێبوار) کچێکی تر دەبینێ و دەکەوێتە دڵی، بۆیە پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ دەبەستێ، دوای ماوەیەك (ڕێبوار) ئەو کچە مارە دەکات کەچی (ژەنیار)یش بێ ئاگایە لەو بەزمە.

(ڕێبوار)یش ئەو بابەتە لە (ژەنیار) دەشارێتەوە، بەڵام ڕۆژێك بیری دەچێت ئەڵقەی زاوایەتی لە پەنجەی داکەنێت، بۆیە (ژەنیار) ئەڵقەکەی دبینێ دەڵێت: ئەوە چیە؟ (ڕێبوار) دەڵێت: هیچ هەر ویستم تاقیت بکەمەوە، بەڵام دواتر (ژەنیار) بۆی دەردەکەوێت، کە (ڕێبوار) کچێکی مارە بڕیوە، بۆیە دەچێتەوە ماڵ بڕیارێکی سەر شێتانە دەدات وخۆی دەکوژێت.[١]

◄◄ بڕوانە ئەو کچەش دەڵێت: من ئافرەتێکی تەمەن (١٦) ساڵەم، لە خوێندندا زۆر باش بووم، بەڵام یەکێك لە کەسە ناودارەکانم بە

شێوەیەکی شێتانە خۆش دەوێت، بە جۆرێک ژورەکەم بە وێنەی ئەو کەسە پڕکردووە، هەموو کتێبەکانیشم بە وێنەی ئەو پڕکردۆتەوە، بەردەوامیش خەو بەوەوە دەبینم پێی بگەم، هەر کاتێک هاورێکانم بە خراپە باسی بکەن من تووڕە دەبم، هەر بەهۆی ئەو عیشقە شێتانەوە وام لێهات لە خوێندن دادەڕووخام، لەگەڵ ئەوشدا ناتوانم بەرەنگاری ئەو کێشە ببمەوە، کە خەریکە دوا ڕۆژم بخاتە مەترسی.[١]

### ١٠. دوو چاری قەیرەیی بوون:

ئەوەش زیانێکە زیاتر تووشی کچان دەبێت، زۆر جار هەیە کوڕێک کچێک بە ناوی دڵداری وخۆشەویستیەوە دەخەڵەتێنێ و مەبەستیشی خواستنی کچەکە نیە تەنها مەبەستی ڕابواردنەوە و هیچی تر، جا کاتێک کچەکە داوای لێ دەکات بێتە خوازبێنی سەد و یەك بەهانەی بۆ دەهێنێتەوە و فریوی دەدات تاکو ئەوکاتەی خەبەری دەبێتەوە کە ئەو تەنها نێچیرێك بووە و هیچی تر، ئەوکاتیش دەبینێت یان ناوی زڕاوە یان تەمەنی لاوی خۆی هەمووی لە چاوەڕوانی سەرف کردووە و بەرەو قەیرەیی چووە.

یان کچێك کوڕێکی خۆشدەوێت ماڵی باوکیشی ڕازی نین بیدەن بەو کوڕە، ئینجا ئەو کچە هەر داوای دێت ڕەتی دەکاتەوە، لەبەر خاتری دڵخوازەکەی، کەچی دوای چەندین جار و ساڵ کوڕە و کچە تەمەنێکی زۆر تێدەپەڕێنن، بەڵام ماڵی باوکی هەر ڕازی نابن بیدەن بەو کوڕە بۆیە کوڕەکە بێزار دەبێت و داوای لێبوردن لە کچەکە دەکات و ژن دەهێنێ،

کچەکەش دەیەوێت کوڕەکە لەبیر خۆی بباتەوە و شووبکات، کەچی دەبینێت تەمەنی گەورەبووە و هەموو کەسێك نایەوێت.

کەوابوو خوشکی بەڕێز، کە زانیت ئەو کەسەی حەزدەکەی ببی بە هاوسەری بۆ تۆ نابێت لەبەر چەندین هۆ نابێت هەر لە چاوەڕوانی دابی، بەڵکو دەبێت ئاگات لە خۆت بێت تەمەنی لاویت بە فیڕۆ نەڕوات.

## ڕاستیەکان دەدووێن:

◄◄ ئەو کچە دەڵێت: من تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت، ناتوانم بڕوام بە پیاو هەبێت، من تا تەمەنی (٢٩)ساڵیش، قوربانیم بە ژیانی خۆمدا بۆ کوڕێك، کە زیاتر لە حەوت ساڵ یەکترمان خۆش دەویست، تا وای لێهات هەرچی دەهاتە خوازبێنیم ڕەتم دەکردەوە... بەلام من چوزانم دڵدارەکەم پیاوێکی بێ وەفای لێ دەردەچێت!

ئێستاش کە (٤) ساڵ بەسەر هەرس هێنانی ئەم خۆشەویستیەم تێپەڕی کردووە، ئازارێکی زۆری دەروونی بوومە، بە چەشنێك هەر، کە باسی شووکردن دێتە باس، بڕوام پێبکەن ڕقم لە ژیان دەبێتەوە، هەر بۆیەش هەرگیز بیری لێ ناکەمەوە، چونکە من (٧) ساڵ لە تەمەنی لاوی خۆم کردە قوربانی کوڕێك، کەچی ئەو دواتر چوو ژنی هێنا، من ئەوەندە ئەوم خۆش دەویست هەموو کەسێکم بەلاوە نابوو لەبەر خاتری ئەو، بە جۆرێك کە دایك وباوکم لە خۆم تۆراندبوو لەبەر خاتری ئەو، بەلام ئەو بەبێ ئەوەی من ئاگام لێ بێت، ژنی هێنابوو.

◄◄ پیرەژنێکیان پیشاندام، کە شووی نەکردبوو، دەیانگووت ئەو پیرەژنە کاتی خۆی دە پانزە ساڵ کوڕێکی خۆش دەویست، کوڕەکە

چەندین جار هاتە داوای، بەڵام ماڵی باوکی کچە ڕەتیان دەکردەوە، بۆیە کوڕەکە بێزار بوو چوو ژنی هێنا، ئەو پیرەژنەش تەمەنی لاوی نەمابوو، بۆیە هەر بە تەمەن دەهاتنە داوای، بەڵام ئەو چاوەڕوانی گەنجێکی دەکرد بێتە داوای، ئەوەی چاوەڕوانی دەکرد نەهاتەدی و هەر بەکچی ماوە.(1)

Scanned with CamScanner

# چارەسەر

ئەگەر کەسێك تووشی داوی خۆشەویستی و عیشق بوو، ئەوکات چارەسەر چیە؟ لێرەدا چەند هۆکارێك باس دەکەم بۆ چارەسەر لەوانە:

* کۆتای پێهێنانی بە زەواج ئەگەر کرا، (ابن هبل البغدادی) دەڵێت: چاکترین شت بۆ چارەی عیشق زەواجە ئەو زەواجەی کە خوا حەلاڵی کردووە.

(سبط الماردیني) دەڵێت: چاکترین چارە بە یەك گەیاندنی عاشق ومەعشوقە بە شێوەیەکی شەرعی.[1]

بەڵام ئەگەر نەکرا بە زەواج کۆتای پێبێت، ئەوە دەبێت ئەم خاڵانە بگرنە بەر، ئەگەر نا ئەوکات تووشی خراپەکاری دەبن:

* خۆ سەرقاڵ کردن بە زانست و خوێندنەوەی کتێبی بەسوود، کە دووربێت لە غرامیات، چونکە مرۆڤ کاتێك خۆی سەرقاڵ دەکات بەوانە، ئەوکات بیری لای مەعشوقەکەی نامینێت، و لە بیری دەکات.

* چارەسەرێکی تر خۆ سەرقاڵ کردنە بە پیشە و کاسبی، وخۆ پاراستن لە بێ کاری و دەست بەتاڵی، چونکە بەویش سەری قاڵ دەبێت و بواری بیر کردنەوەی نابێت لە خۆشەویستەکەی.

---

(١) بە داخەوە دەبینین کوڕێك ئافرەتێکی بە ڕاستی خۆش دەوێت و دەچێت بۆ خوازبێنی کەچی باوکی کچە ڕەتی دەکاتەوە، بەبێ ئەوەی کوڕەکەش خراپ بێت یان عەیبێکی هەبێت، جا بەڕاستی ئەوە شتێکی خراپە چونکە خراپەی لێدەکەوێتەوە.

Scanned with CamScanner

* چارەسەرێکی تر دوورکەوتنەوەیە لەو شوێنەی، کە خۆشەویستەکەی لێیە، چونکە بەم شێوە لەبیری دەکات، بەڵام ئەگەر بەردەوام لەبەرچاوی بێت ئەوە هەموو دەم ئاه هەڵدەکێشێت و تووشی خراپە دەبێت لەگەڵی.

* چارەسەرێکی تر دانیشتن لە کۆڕی پیاو چاکان و لەو کۆڕانەی، کە قسەی خۆش و نەستەقی تیا دەکرێت.

* چارەسەرێکی تر هەر کاتێك بیری کەوتەوە وانەکات بیری بە دوای دابچێت، بەڵکو پێویستە زوو خۆی سەرقاڵ بکات.

* چارەسەرێکی تر بێ ئومێدیە واتە: بێ ئومێد بێت بەوەی، کە بە خۆشەویستەکەی دەگات، بەلکو ئەوەی دەیکات تەنها چەرمەسەریە بۆ خۆی سازی دەکات بە جۆرێك بڕوانێت بۆ حاڵی ئەو کەسانەی کە تووشی ئەو پەتایە بوونە کە بە ئاواتیان نەگەیشتوونە، دواتر یان خۆیان کوشتووە یان شێت بوونە.

* چارەسەرێکی تر بیر لە عەیبی خۆشەویستەکەی بکاتەوە، تاکو بە هۆی عەیبەکانی دڵی لەسەری لا بچێت.

Scanned with CamScanner

# جەژنی خۆشەویستی (فالنتاین/valentine)

کاتێك دەستم کرد بە نووسیی ئەو کتێبەم بڕیارم نەدابوو لەسەر (جەژنی خۆشەویستی) بنووسم، بەڵام ئەوەی وای لێکردم لەسەری بنووسم ئەوە بوو کە دەمبینی ڕاگەیاندنەکان چۆن خەڵکی بەم بۆنەیەوە چەواشە دەکەن و بە پیرۆزی دەزانن و بانگەشەی بۆ دەکەن، لاوانیش بەبێ ئاگایی نامەی پیرۆزبایی جەژنامە دەگۆڕنەوە، بێ ئەوەی بزانن ئەم بۆنەیە چییە و چۆن سەری هەڵداوە، ئەوەی کە زۆر سەرنجی ڕاکێشام ئەوەبوو کە ڕۆژێکیان لە مەجلیسێك دانیشتبووم یەکێك لەو کەسانەی لەوێ دانیشتبوون نامەیەکی لە برادەرێکیەوە بۆ هات کە پیرۆزبای لێ کرابوو بە بۆنەی (١٤/فبرایر)جەژنی خۆشەویستی، ئەو برایە نەیدەزانی ئەو بۆنەیە چییە بۆیە ووتی: ئەمڕۆ جەژنی چییە؟ نامەیەکی پیرۆزبایم بۆ هاتووە بەم بۆنەیەوە؟!

منیش لێیم پرسی ئەوەی ئەو نامەی بۆ ناردی کوڕێکی باشەو بەدینە؟

ووتی: بەڵێ بەدینە و ڕۆشنبیرە و مامۆستاشە.

ئەوکات زانیم، کە لاوانی ئێمە نازانن ئەم بۆنەیە چییە و چۆن سەری هەڵداوە، بۆیە

ووتم: دەزانن (جەژنی خۆشەویستی/فالنتاین) چییە؟

ووتیان: چییە؟

ووتم: بەسەرهات و سەرهەڵدانی ئەم جەژنە بەم شێوەیە، کە لە مەوسوعەی کاسۆلیکی هاتووە دەڵێت: لە کۆتایەکانی سەدەی سێیەمی زاینی قەشەیەك هەبوو بە ناوی (فالنتاین)[1] ئەو قەشەیە لە ژێر

---

(١) (فالنتاین) ناوی ئەو قەشەیە کە ئەو جەژنەی بە ناوەوە کراوە.

Scanned with CamScanner

دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی (کلاودیس)ی دووەمدا دەژیا، ئیمپراتۆر بڕیاری بەند کردنی ئەو قەشەیەی دا و لە بەندیخانە قەیمی کرد، چونکە بێ فەرمانی ئیمپراتۆری کردبوو[1] جا ئەو قەشەیە لە بەندیخانە کچی پاسەوانی بەندیخانەکەی چاو پێ دەکەوێ، بۆیە دەکەوێتە داوی خۆشەویستی ئەو کچە، پاشان وای لە کچەکە کرد کە بوو بە گاور و چل و شەش لە خزم و کەسانی کچەش لەگەڵی بوون بە گاور، کچەکەش زۆر جار کە دەهاتە لای گوڵێکی سووری بۆ دەهێنا.

جا (فالنتاین)، کە زانی کاتی لە سێدارەدانی نزیك بووە نامەیەکی بۆ خۆشەویستەکەی نووسی و لە نامەکەدا نووسیبووی (لە "فالنتاین"ی دڵسۆزەوە...).

دواتر لە ساڵی (١٤/فبرایر/٢٧٠)ی زاینی لە سێدارەدرا، لە ساڵی(٣٥٠.ز)یش کەنیسەیەکیان لەو شوێنە دروست کرد، کە تیایدا وەفاتی کردبوو، بۆ بە پیرۆز ڕاگرتنی ئەو بۆنەو ڕۆژە، جا کاتێکیش ڕۆمانیەکان چوونە سەر ئاینی گاوریی هەر ئاهەنگیان بەو جەژنە دەگێڕا، بۆیە ناویان نا (جەژنی خۆشەویستی) کە بەگومانی خۆیان وایان دادەنا (قەشە فالنتاین) شەفاعەت دەکات بۆ عاشقان.

---

(١) هۆی گرتن و، پاشان لە سێدارەدانی، لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە، کە ئیمپراتۆر تێبینی دەکرد، لەکاتی شەڕدا گەنج و بێ خێزانەکان خۆگرتر و ئازاترن لەوانەی ژنیان هێناوە و ماڵ و منداڵیان بەجێ هێشتووە، لەبەر ئەوە فەرمانێکی دەرکرد، کە نابێت هیچ سەربازێك ژن بهێنێت، بەڵام قەشە فالنتاین بەرهەڵستی ئەم فەرمانەی کرد و، بە دزییەوە لەکەنیسەدا بەردەوام گرێبەستی ژن و مێردایەتی دەکرد هەتا پێی زانرا و گیرا.

Scanned with CamScanner

بەڵێ پاشان ڕۆژی مردنی (قەشە فالنتاین)، کە دەکاتە (١٤/فبرایر) کردیان بە جەژنی خۆشەویستی، ئەوە بەسەرهاتی جەژنی خۆشەویستیە.

ووتیان: پەنا بە خوا ئێمە چووزانین ئەوە بەزم و ڕەزمی ئەو بۆنەیە، بەڵکو وامان دەزانی ڕۆژێکە بۆ ئاشتی وخۆشویستنی یەکتری!!

ووتم: ئاگاداریش بن لەو ڕۆژەدا چەند دروشمێك بە کاردێنن لەوانە:

★ دەربڕینی دڵخۆشی و کامەانی وەکو جەژنی ڕاستی.

★ گۆڕینەوەی گوڵی سوور، کە ئەوەش دەربڕینی خۆشەویستیە لەلای گاورەکان بۆ بت پەرستی جگە لە خوا.

★بڵاوکردنەوەی کارت بۆ پیرۆزبایی، کە هێندێکیان وێنەی (کیوبید)ی تیایە، کە منداڵێکە دوو باڵی هەیە و کەوانێکی پێیە، کە ئەوە خوای خۆشەویستیە لای ڕۆمان.

★ گۆڕینەوەی نامە بە مۆبایل، کە پیرۆزبایی ئەو ڕۆژی تیا دەنووسن.

★ گۆڕینەوەی کارت کە تیایدا ووشەی عیشق و غرامیات و شیعر و پێکەنین و گاڵتە جارییە، زۆر جاریش تیایدا دەنووسن (کن فالنتینیا)واتە: ببە بە فالنتینی.

★ لە زۆر شوێنیش ئاهەنگ دەسازێنن بە بۆنەی ئەو ڕۆژە.

★ لەو ڕۆژەدا شیشڵدان[1] پڕ با دەکەن و لەسەری دەنووسن (ILoveYou) بە بای دەکەن بە ئاسماندا.

---

(١) (شیشڵدان) بەزمانی کەرکوکیە، بەڵام بەزمانی هەولێری پێی دەڵێن: (دەبدەبە) بەزمانی سلێمانیش پێی دەڵێن: (میزڵان).

Scanned with CamScanner

* لەو ڕۆژەدا جل و بەرگی سوور لەبەر دەکەن، یان قردێلەی سوور دەبەستن.

**تێبینی:** ئەو شتانەی لەو ڕۆژە بەکاردێ هەر هەمووی سوورە، وەك گوڵی سوور، جل و بەرگی سوور، قردێلەی سوور... هتد، هەمووشمان دەزانین سوور ڕەنگی خوێن و کوشتنە نەك ئاشتی و خۆشەویستی، بەڵام بە داخەوە لاوەکانمان هیچ کات بیریان لەوە نەکردۆتەوە و نازانن کە ڕەنگی سوور هێمایە بۆ تۆڵە سەندنەوە و بە پیرۆز ڕاگرتنی خوێنی قەشە فالنتاین و نوێکردنەوەی پەیمانی پەیوەست بوون بە ڕێبازەکەی.

Scanned with CamScanner

## حوكمی ئەو جەژنـــە چییە؟

کەزانیمان ئەو بۆنەیە جەژنی گاورەکانە، کەواتە بـۆ موسـڵمان دروست نیە بە ژداری لـە جـەژنی کـافران بکـات، پێغەمبـەرﷺ دەفـەرمووێ: ((مـن تشبّه بقومٍ فهو منهم)).[1]

واتـە: کەسێك خۆی بە هەر گەلێك بچوێنێ ئەوە دەکات لەوانە.

(ابـن کـثیر) دەڵێـت: ئەمـە بەڵگەیـە کـە بـە توونـدی قەدەغـەکراوە وهەڕەشەشـە کـە نابێـت موسـڵمان خـۆی بـە کـافران بـچوێنێت نـە لـە قـسەکانیاندا نـــە لـــە کارەکانیانـــدا نـــە لـــە پۆشـــاکەکانیاندا نـــە لـــە جەژنەکانیاندا، ئەو شتانەی تریش کە ئیسلام بۆ ئێمەی دانەناوە.

(ابن القیم) دەڵێت: زانایـان هـەموویان یـەك دەنگـن لەسـەر ئـەوەی کـە پیرۆزبایی کردن لە یەکتری لەو بۆنانەی کە تایبـەتن بـە کـافران حەڕامـە، هـەر وەکـو ئـەوەی پیرۆزبایـان لـێ بکـەیت بـە بۆنـەی جەژنـەکانیان یـان ڕۆژووەکانیان.[2]

Scanned with CamScanner

کەوابوو بۆموسڵمان دروست نیە لەو ڕۆژەدا پیرۆزبای لەیەکتری بکەن و جل و بەرگی سوور لەبەر بکەن و بەژداری ئەو ڕۆژە بکەن.

بە پشتیوانی خوا تەواو بووم لە نووسینی ئەم کتێبە، خوایە بۆم بکەی بە توێشووی دوا ڕۆژ.

وصلى الله على سيدنا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين

فەرمان عزیز نەجار

(١٢/ ٢/ ١٤٢٨) ك، (١/ ٣/ ٢٠٠٧) ز

. هەولێر.

Scanned with CamScanner